# شاعیرێك لەپێستی مندا

## بیرەوەری

فەرەیدون پێنجوێنی



ناوی کتێب : شاعیرێك لەپێستی مندا

بابەت : بیرەوەری

نوسەر : فەرەیدون پێنجوێنی

بەرگی یەکەم

.........................................

# بەشی یەکەم

.......................................

# لەجیاتیی پێشەکی :

# ئەگەرنا بۆچی مارکیز تۆشی ئەڵزهایمەر دەبو

گێڕانەوە ڕێگایەك نییە بۆ دەمەزەردکردنەوەی خەیاڵدان و زاکیرە ، ئەگەرنا دەبوایە مارکیز قەت توشی ئەڵزهایمەر نەبوایە ، بەڵام نازانم خەسوی هاوڕێکەم بۆچی توشی ئەڵزهایمەربو ؟

بەشبەحاڵی خۆم لەمێژە حەزدەکەم شان بدەمە بەر خۆم و وردە وردە دەست بکەم بەخۆگێڕانەوە ، دەستیشم پێکردوە ، ئیتر نازانم : دەمەوێ بەم خڕنوکییەی خۆمەوە بەدەردی پیاوی گەورەی وەکو مارکیز بچم و وەکو ئەوم بەسەربێ ، یان دەمەوێ بەدەردی خەسوی هاوڕێکەم نەچم و وەکو ئەوم بەسەر نەیەت ؟

هەرچۆنێبێ دەبوایە بزانم : دیاریکردنی کات ، شوێن ، سەردەم ، ناو ، بۆنە ، یەکێکە لەگرفتە سەرەکیەکانی بەردەم نوسەری بیرەوەری ، بەتایبەتی ئەگەر کەسەکە (وەکو من) کەسێکی زەینکوێربێ و دەفتەرێکی کۆن شك نەبا لەکاتی خۆیدا هەندێ سەرەقەڵەمی لەبارەی ڕوداوەکانی ژیانیەوە تێدا یاداشت کردبێ بۆ ئەوەی لەکاتی گێڕانەوەدا بگەڕێتەوە سەری .

ئەوەتا تەنها لەدوێنێ و پێرێوە نزیکەی سێ چوار جار پۆستێکمم سڕیوەتەوەو داناوەتەوە ، هەر جارەش چەندین ڕستەم تێدا دەسکاری کردوە ، ئاخری هەر بەنابەدڵی بڵاومکردەوە ، بەم ناونیشانە : هەرزەکار .

بەهەرحاڵ نوسەری بیرەوەری ، مێژونوس نییە خۆی گیرۆدەکا بەوردو درشتی ڕوداوەوە ، باشترە هەوڵبدا تا دەکرێ خۆی لەدیاریکردنی (کات ، شوێن ، سەردەم ، ناو ، بۆنە) ببوێرێ ، تەنها بەرۆحی بابەتەکەوە پەیوەستبێ ، ئامانج لەگێڕانەوەکەی چییە هەوڵبدا بیپێکێ و دەستهەڵگرێ .

ئەوەی وتم ، ئامۆژگارییەکە بەدەنگی بەرز بۆ خۆم ، نەوەکو لەبیرم بچێتەوە !

2015/ 9 / 14

..............................................................

# یان ژن یان ماتۆڕ

هەمومان ڕۆژانە بەجادەوباندا ڕەتدەبین ، خانوبەرەی جۆراوجۆر دەبینین ، هەمو خانویەك لەو خانوانە كە تەنها دیوی دەرەوەی لەئێمەوە دیارە ، دیوی ناوەوەیشی هەیە ، دەبێ لەناوەوەیاندا چی روبدا ؟ باشە ئەگەر خانویش وەكو دوكان ، پێویستی بەوە هەبوایە دەرگای كراوەبێ و ناوەوەی لەهەمومانەوە دیاربێ ، ژیانی مرۆڤ چۆن دەبو ؟ خۆش یان ناخۆش ؟ ئاسان یان قورس ؟

وا من خەریكم سوچێكی دەرگای ماڵی خۆمانتان بۆ خاڵی دەكەم (چش لەوەی بەخۆش دەگەڕێ بۆم یان بەناخۆش) بۆ ئەوەی ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان بەلایدا ڕەتبون تەنها دیوی دەرەوەیتان لێوە دیار نەبێ ، بتوانن مەزەنەیەكی ناوەوەیشی بكەن ، بەڵام با سەرەتا پێچێكتان پێلێدەم بەناو ماڵێكیتردا :

ڕۆژێكی ساڵی هەشتاو هەشتاو یەك ، لەناو چواردیواری ماڵێكدا لەپێنجوێن كە ڕەنگە لەكەسەوە دیار نەبوبێ ، كوڕی گەورەی ماڵ كە ئەوسا هەر17 /18 ساڵێك تەمەنی بوە ، زۆر بۆ باوك و دایكی دەهێنێ مل بەیەكێك لەهەڵبژاردەكانی بدەن : یان ژن یان ماتۆڕ !

دایك و باوكی پێیان باش دەبێ ماتۆڕی بۆ بكڕن ، چونكە هێشتا وەختی ژنی نەبوە ، بەڵام كوڕ (دواجار كچی پوری ئەو بو بەباجیی من) بەماتۆڕەوە نەوەستاوە ، ساڵێ دوان دوای ئەوە (كە ماڵیان هاتوتە سلێمانی) خۆی گرتوتە بێوەژنێكی ناشیرینی كەمقژی زۆر لەخۆی گەورەتر ، بەمناڵێكیشەوە (لەمێردەكەی تری) ، ئەگەرچی ئەم خۆی كوڕێكی زۆر قۆزبو .. ڕاستیان وتوە : كوڕ ئەگەر هەوەسی ژنهێنان دای لەكەللەی ، ئیتر هەر قژی بەسەرەوەبێ دەیەوێ ، تەنانەت ئەگەر قژێكی كەمی تەنكیشبێ !

من بەپێچەوانەی ئەم كوڕەوە : خۆم دڵم بەژنهێنانەوە نەبو ، كەچی هەر 15 و16 ساڵیمەوە ، هەمو هەوڵێكی باوكم و باجیم لەگەڵمدا ، بەو ئاراستەیەدابو حەزی ژنهێنانم تیا سەوز بكەن ، تا ئاخری ڕۆژێكیان زۆر بەجددی هەڵیانپێچام ، نازانم لەبەرئەوەیان بوە لەكۆڵ خۆیانم بكەنەوە ، یان بەهۆی ئەوەوەبوە كە كوڕی گەورەی ماڵبوم و حەزیانكردوە ببینن ماڵیان لێدەبێتەوە .

بیرمە بەناچاری چاوم دەگێڕا كچێ شتێ بنێمەوە كە هەرچۆنێبێ ڕای خۆمی لەسەربێ ، چونكە دەمزانی ئاخری ئەوان توشم دەكەن ، بەڵام من فریای ئیشی خۆم نەكەوتم ، لەكۆتاییدا ئەوان دەستی خۆیان لێوەشاندم ، لەمانگی 10 ی ساڵی1992 بەزۆری زۆرداری ، كچێكیان سوی بەسەرمدا كە5 / 6 ساڵ لەخۆم گەورەتربو ، لەكاتێكدا من تەمەنم21 ساڵ بو .

هەر باوكم و باجیم ، بەزۆری زۆرداری ، لەدوای پۆلی سێی ناوەندییەوە كە ئەوسا تەمەنم تەنها16 ساڵبو ، بەڕێنمایی و واستەی ئاوەڵزاوایەكی باوكم (لەباجیمەوە) كردمیان بە (دار المعلمين)دا كە بەڕێكەوت ساڵی وەرگیرانی من1986 /1987) خوێندن تیایدا بو بە5 ساڵ و ناونرا (معهد اعداد المعلمين) ، ڕەنگە ئەگەر لەسەرەتاوە بیانزانیایە دەبێتە5 ساڵ ، نەیانهێشتایە ئەوێشم بەنسیب ببێ ، بەڵام كە تازە لەدەستیان دەرچوبو ، دەیانگوت : دوریشت ئەخاتەوە لەعەسكەری .. باوكم دەیگوت : قەبوڵتە هەر ئەوەیە ، قەبوڵت نییە دەست لەخوێندن هەڵگرە (وردە وردە بێستونی برایشمیان بەو ئاراستەیەدا هەڵنا ، دەستی لەخوێندن هەڵگرت ، چو لای باوكی باجیم بو بەشاگرد) .. باوكم دەیگوت : خۆزگە باوكی من تەنها یەك ساڵی پێبخوێندمایە ! پێكەوەش لەگەڵ باجیمدا دەیانگوت : ئیمكانیەتمان نییە ئەو هەمو مناڵە بنێرین بەشارانەوە بۆ تەواوكردنی جامیعە (جگە لەمن هیچ مناڵێكیشیان بەڕێی جامیعەوە نەبو)! باجیم دەیگوت 3 ساڵە ، خێرا تەواوی ئەكەی ، ئاڵتونەكانی خۆمت بۆ

ئەفرۆشم ، ژنت بۆ ئەهێنم و سەیارەت بۆ ئەکڕم ! من ئەوکاتە نەمدەئاوزا بڵێم : دەی باجی گیان بۆچی هەر ئێستا بەپارەی ئەو ئاڵتونانە هاوکاریم ناکەی بۆ درێژەدان بەخوێندنی ئامادەیی و لەوێوە بۆ زانکۆ ، بۆچی یارمەتیەکەت دوا ئەخەی بۆ3 / 4 ساڵیتر ، بۆ شتێکیش کە من خۆم دڵم پێوەی نییە !

بەهەرحاڵ لەمەعهەد هەر لەهەفتەو دو هەفتەی یەکەمدا بەتەواوی شڵەژام ، توشی بارێکی دەرونیی زۆر خراپ هاتم ، بەتایبەتی کە بینیم خوێندن بەعەرەبییەو زۆرێك لەمامۆستاکانیش عەرەبن ، ماڵەوە کە بەڕەنگی زەردو شێواوەوە بینیمیان ، رایان گۆڕی ، رازیبون بچمە ئیدارەی مەعهەدەکە داوای نەقڵ بکەم .

چومە نزیکی ئیدارە (نەك ئیدارە خۆی) بۆ لای مدیر ، مدیر ناوی (عبالسادە گیطان خلف) بو ، پیاوێکی خراپ نەبو ، بەڵام زۆر سەرمەست و دڵخۆش و بێموبالاتبو ، کچێکی گەنج و جوانی کوردی دەسکەوتبو (هەندێ نوقسانی لەڕێکردن و قاچوقولیدا هەبو) مامۆستابو لەبەردەستی خۆیدا ، لەتاو ئەو باڵی لێڕوابو ، زۆر کەم لەسەر زەوی دەبو ، دەبێ چ ئاگایەکی لەبونەوەرێکی بچوك و رەنگزەردی وەکو من هەبوبێ ، با نزیکیشی بوبێتمەوە ! دەی زۆرێکی تەواوم لەخۆم کرد نیازی دڵم بخەمە رستەوە بۆ جەنابی مدیر ، هێنام و بردم تەنها هەر سێ وشەبو بۆم نەکرا بەچوار : استاذ ، أنا ، أريد .... کابرا کەوتە قەشمەریکردن پێم ، بەهەمان لەهجەو بەرابواردنەوە وتی : ها ماذا تريد ؟ من ئیتر لەتەریقی و کڵۆڵیدا لێبومەوە ، هەر ناشزانم کێ بو لەوناوەدا نیازی دڵی منی بیست و بۆی کرد بەعەرەبی ... عبدالسادە رازیبو ، وتی : بچۆ بزانە چ ئامادەییەك جێی هەیە وەرتگرێ ... بەڵام چومە هەر مەکتەبێ دەیانگوت : دەبێ تازە بیخەیتەساڵێکیتر ، بۆ ئەمساڵ جێمان نییە !

حەکایەتەکەم لەماڵەوە گێڕایەوە ، وتیان : چی ؟ ئێمە خواخوامانە زو تەواویکەیت و نەجاتت ببێ ! شتی وا نابێ !

چەند خۆشە لەتەمەنی ناسکیدا ژێرچەپۆکە نەبی ، باوك و دایکێکت هەبێ ، ئەوەندەیان خۆش بوێی رازیبن بیانخەیتە بەردەم دوڕیانی : یان ژن یان ماتۆڕ ، نەك ئەوان تۆ بخەنە بەردەم دوڕیانی سەخت .

..........................

# سامان و من

تەمەنمان حەڤدە ، حەڤدە کەمێك بەرەوخواربو کاتێ یەکترمان ناسی ، هەردوکمان خاوەنی یەکی کۆڵێ قژبوین ، من هێشتا لەژێر ئازاری شەهیدبونی دایکمدا دەمناڵاند ، بەڵام ئەو کەسێکی ئاسودەبو ، ئەگەرچی لەلای نەنکی (دایکی باوکی) دەژیا ، نەك لەگەڵ دایك و باوك و خوشك و برا ، ماڵی خۆیان ، بەهۆی ئەوەوە کە باوکی پێشمەرگەبو ، بەخاووخێزانەوە لەشاخ بون ، چاوەڕێی ئەوەبو هەرچۆنێبێ سێکە (سێی ناوەندی) تەواوکا ئینجا بڕوا ، لە چ مەکتەبێ دەیخوێند ؟ لەناوەندییە ئێوارانەکەی خوار جادەی برایم پاشا (نزیك مزگەوتی صلاح الدین) .
ئێوارەیەك ، تەنها بۆ بینین و بیستنی دەنگی مامۆستای ئینگلیزییان ، لامدایە مەکتەبەکەیان (ئەو و یەك دو هاوڕێی تری هەرزەکارم لە هەمان مەکتەب بون) ، ئەوە یەکەم و دوایەمجارمبو لادەمە مەکتەبێکی غەیری مەکتەبی خۆم بۆ بیستنی وانە ، یەکەم و دوایەمجاریشمبو مەکتەبی شەو ببینم ، پێم وایە یەکەمجاریشمبو مامۆستا شێرزاد حەسەنی چیرۆکنوس (مامۆستای وانەی ئینگلیزییان) ببینم و گوێبیستی دەنگی ببم .
رەنگە ئاسودەیی سامان بەهۆی ئەوەوە بوبێ کە : دەڕۆیشت ، بەخاووخێزانی خۆی شاد دەبۆوەو لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا نەدەما .
رۆیشت ، هەردوکمان بەرەو تەواوکردنی هەژدە دەچوین کاتێ رۆیشت ، چەند هەفتە یان چەند مانگێ دواتر یەکێ لەو کەسانەم ناسی کە رەوانەیان کرد ، یادی بەخێر ناوی نەجمەدین بو ، ناوە حەرەکیەکەی ئاوارەبو ، بەڕێکراو گەیەنرایە خانەوادە ، بەر لەڕۆیشتن چوبوە ماڵمان لەهەوارەبەرزە ، هەواڵی پرسیبوم ، من لەماڵ نەبوبوم ، کتێبی کوردستان و کوردی شەهید دکتۆر قاسملو ، ریکۆردەرێکی سپیی بچوك و (قەمە !)یەکی بەدیاری بۆ جێهێشتبوم و خواحافیزیی یەکجاریی لەماڵی ئێمە کردبو ، زۆر دڵتەنگبوم ، بەتایبەتی لەبەرئەوەی نەگەیشتم خواحافیزیی لێکەم .
چەند هەفتە یان چەند مانگ دوای ئەوەبو نەجمەدین (ئاوارە)م ناسی ، نەمدەزانی سەر بە چ رێکخراوێکی سیاسییە ، گەڕابو بۆم و دۆزیمیەوە ، ئامۆزای هاوڕێیەکی کتێبفرۆشم بو بەناوی کاك محەممەد ، لەڕێی ئەوەوە دۆزیبومیەوە ، ئەوسا خەریکی کتێبفرۆشی بوم لەلای سینەما رەشید ، نامەو وێنەی سامان ، باوکی سامان و خانەوادەیانی هێنابو ، بۆ من و کەسوکاریان لەسلێمانی ، نامەی خۆمم هەڵگرت و ئەوانیترم گەیاندە کەسوکاریان ، لەنامەکەدا رایسپاردبوم هەندێ شتی بۆ بکڕم و بۆی بنێرم ، شتەکانم بۆ کڕی ، لەگەڵ نامەدا بەهەمان کەسدا ناردمن ، جارێکیتر لەگەڵ نامەیەکی تردا لەڕێی هەمان کەسەوە ، دو دانە بیست و پێنجدیناریی بۆ ناردم هەقی کڕینی شتەکان ، بێگومان پێم ناخۆشبو .
سامان ، خاوەنی دو مامی شەهید : یەکێکیان لەشۆڕشی پێشودا ، ئەویتریان لەشۆڕشی نوێدا ، خاوەنی باوکێکی تێکۆشەر ، خاوەنی مامی تری پێشمەرگەی کەمئەندام کە لەئەمنەسورەکە بریندارکرا ، ئێستا شۆفێری تەکسییە لەشاری گراتز لەنەمسا .
ئاوارەش ساڵی1996 نەگبەتییەکی گەورە بەسەر بنەماڵەیاندا هات ، لای خولەی تانجی (پەرەمێزچی) ، لەلایەن کرێگرتەی وڵاتێکی دراوسێوە ، باوکی درایە بەر دەسڕێژی گوللەو شەهیدکرا ، خۆی ئێستا لەئەڵمانیایە .
لەو روداو و ساڵانە بەدواوە گەلێ شت کۆنبون ، لەهەموی ناخۆشتر سەری من و سامانە کە قژیان پێوە نەما ، نازانم بۆ ئاوارە ، لەمێێێێێێێێێێێێژە ئاگام لێی نییە ، نە لەخۆی نە لەکاکە حەمەی ئامۆزای .

........................................................

# ئاوارە بکەم بەبەهانە

پاش ئەوەندە ساڵ بێئاگابون لەهەواڵی یەکتر ، ئاخری لەڕێی فەیسبوکەوە ئاوارەی هاوڕێمم دۆزییەوە ، ماوەیەکی باش پێکەوە لەسکایپ قسەمان کرد ، هیچمان نەماندەتوانی دڵخۆشیی زۆری خۆمان لەیەکتر بشارینەوەو بەردەوام لەناوەڕاستی قسەدا نەڵێین : بەڕاستی خۆشحاڵم .

لەگەرمەی قسەدابوین ، دو کچەکەی دەرکەوتن ، بەرودوا ماچیان کردو بەیانیباشیان لێکرد ، پاش ماوەیەك کارەبای ئێمە بڕا ، پەیوەندیەکەمان بەبێ خواحافیزی کۆتایی هات ، نیگەران نەبوم : ئاوارە دەزانێ من وەکو ئەو لەئەڵمانیا نیم ، لەکوردستانم : کوردستان ئەوەشی تێدەکەوێ .

گەڕامەوە لای تەبا ، وتم : ئاگات لێبو کچەکانی هاوڕێکەم چۆن دەستیان کردە ملی باوکیان و بەیانیباشیان لێکرد ؟

وتی : ئا ! وتم : بەڵام ختوکەو دەسبازیەکەی خۆم و خۆت لەبەیانی باشەکەی ئەوان خۆشترە !

بێگومان من و تەبا هەندێجار کاتی خەوتن شەوشاد لەیەکتر دەکەین ، هەندێ بەیانیش بەیانیباش لەیەکتر دەکەین ، بەڵام نەمانکردوە بەعادەت ، زۆرتر لەسەر یەکتردواندن راهاتوین .

لەو رۆژانەی پێشودابو ، وتی : بابە .. باشە ئەم حکومەتە هەرچی کەر هەیە کردویەتی بەمەسئول ، ئەی بۆچی تۆش ناکا بەمەسئول ، خۆ تۆ عەقڵی سەد کەریشت هەیە .

زۆر پێکەنیم ، یەکسەر تەلەفۆنم کرد بۆ هاوڕێیەکم ، بۆم گێڕایەوەو ئەویشم کرد بەشەریکە پێکەنین ، وا ئێوەش دەکەم بەشەریکە پێکەنین .

بۆ بیرخستنەوە دەیڵێم : تەبا ئێستا تەمەنی دە ساڵ و یەك مانگ و سێ هەفتەیە ...

هەر دوای پچڕانی پەیوەندیە دەنگیەکەی من و ئاوارەبو ، هەستام چوم چلورەیەکم لەسەلاجەکەدا بۆ هێنا ، بەدەم یاریکردنەوە بەئایپادەکەی ، خواردی ، کە تەواوبو ، چیلکەی چلورەکەی بۆ هەڵدام بۆ ئەوەی فڕێی بدەمە سەتڵی خۆڵەکەوە (تاقەتی نەبو دەست لەیاریەکەی بەردا ، چیلکەکە بخاتە سەتڵی خۆلەکەوە) ، چیلکەکە بەرشانم کەوت ، خۆی لێڵ نەکرد (دەزانێ عاجزبون لەمناڵ ، لەمەزەبی باوکیدا نییە) !

وتی : دەستم راستە .. ها ؟

وتم : ئا .. دەستت راستە ، بەڵام ئەخلاقت راست نییە !

نقەی لەخۆی بری ...

وتم : گویت لێبو وتم چی ؟

وتی : ئا گوێم لێبو ...

وتم : وەك چۆن من قسە نەستەقەکانی تۆ دەنوسمەوە ، هەقە تۆش ئەم قسەیەی من بنوسیتەوە ...

بەڵام وا من خۆم لەجیاتی ئەو نوسیمەوە ، هەمو ئەمەشم بۆ ئەوەیە هەر لەئێستاوە لەسەر دیبلۆماسیەتی قسەکردن رابێ ، فێربێ سڵ لەقسەکردن نەکاتەوەو لەوەختی دروستدا قسەی خۆی بکا (مامجەلالیانە) .

بەهۆی کتێبفرۆشییەوەبو ئاوارەو هەندێ هاوڕیی وەك ئاوارەم ناسی ، کتێبفرۆشی لەسەر زەوی لای سینەما رەشید :

هەریەکە مەترێ ، مەترو شتێ زەویمان بەکتێبی کۆن و کەمکۆن دادەپۆشی بۆ فرۆشتن ، توشی زۆر روداوی خۆش و ناخۆش دەبوین ، روداوی ناخۆش وەکو چاودێریی حیزبی بەعس لەسەر کتێب و کتێبفرۆش ، روداوی خۆشیش

وەکو محەلەبیخواردنەکەی عەسرانی من و غەریبی کتێبفرۆش .
لەو روبەرە زەوییە کەمەدا هەریەکە لەمن ، کاك محەممەدی ئامۆزای ئاوارە ، خەلیلی ئامۆزای مامۆستا حەمەفەریق حەسەنی چیرۆکنوس ، مامۆستا ئەنوەر برزو ، غەریب (پورزای هادی / حەمەتاڵەکەی ناو گەردەلول) ، خۆمان بەفرۆشتنی کتێبی کۆن و کەمکۆن مەشغوڵ و بەخێو دەکرد .
غەریب کردبوی بەعادەت ، زۆربەی عەسرانی رۆژ خوڵکی دەکردم دەیوت : لایبە بابڕۆین تێکەڵەیەکی بکەین بەسەردا ...
دەچوین لەحەلەویاتێکی نزیك شوێنی کتێبفرۆشیەکەمان خۆمان تێردەکرد ، هەرچەند زۆربەیجار خوڵك لەوەوەبو بەڵام زۆربەیجار من پارەم دەدا ، کە دەستم دەکرد بەگیرفانمدا ملی دەنا بەلارەوە ، سەیری دەکردم ، دەیوت : پارەکەی من ناچێ ؟ هەر خۆی تەواوی دەکرد : دەی قەینا ، بییەرێ ، پارەکەی من ناچێ ...
ئەمە یەکێکە لەڕوداوە خۆشەکانی ئەو سەردەمە بۆیە دەیگێڕمەوە .

.........................................

# هەرزەکار

هەندێ لەو کەسانەی لەتەمەنی هەرزەکاری و سەردەمی کتێفرۆشیدا ناسیمن تا ئێستاش جارجار یەکتر دەبینین ، خۆشمدەوێن و بەدۆست و برادەرو هاوڕێیان دەزانم ، بەڵام هەندێکیانم ساڵەهایە نەدیوەتەوە ، وەکو : ئاوارە ، محەممەد دالاهو ، کوڕێك بەناوی کاوە (بارزان) .

عەسرێك ، دوقۆڵی لەگەڵ کاوە کە خەڵکی لای کەرکوك بو ، بەسیمەتریەکەی لای هەوارەبەرزەدا شۆڕبوینەوە ، من کە قەت نەمدەتوانی مەیلی خورمژیانەم (چەپ / قەومی) لەهیچ کەس بشارمەوە ، نەمتوانی لەکاوەشی بشارمەوە ، بگرە زۆر بەتۆخی پیشانم دا ، وابزانم هەر ئەو پیاسەیە کۆتایی بەنێوانمان هێنا ، تۆ بڵێ : هەر نەیهێشت نێوان دروستکەین .. ئەوسا ئەو ، وەکو هەر چەپێکی سەردەمەکە ، هەست و نەستی قەومیی بەلاوە ناپەسەندبو .

محەممەد دالاهو لەڕوی هەست و نەست و بۆچونەوە لەمن نزیکتربو ، کوردی ڕۆژهەڵات بو ، وابزانم لەئۆردوگاکەی رومادی ژیانی دەگوزەراند ، بەکراس و پانتۆڵێکەوە (هەردوك کاوبۆی شین) ، بەدەموچاو و سیمایەکی جوانی سەنگینەوە ، بەقژێکی کەمێ لولی زبرەوە ، لەبەردیدەی هەرزەکارانەمدا زۆر نیشتیمانپەروەرو تێکۆشەر دەهاتە بەرچاو ، لەبەرئەوە بەبێ دودڵی بومە برادەری ، دەریشکەوت وایە .

جارێکیان ، وابزانم هەر لەدەورانی شەهیدبونی دکتۆر قاسملودابو ، کاسێتێکی سرودی بەدیاری بۆ هێنام ، بەدەنگی گروپی سرودی منالانی حیزبیان بو ، پێم وایە خۆی زۆربەی شیعرو میوزیکەکەیی ئامادەکردبو چونکە لێم بیست مامۆستای منالەکانیشە ، یەکێ لەسرودەکانم زۆر پێخۆشبو ، بەدەنگێکی گەرمی منالانەبو ، دەیگوت :

لەتێکۆشان و خەبات ، دەست هەڵناگرین ، لەڕێبازی دیموکرات ، دەست هەڵناگرین ...

ئەو منالەی ئەو سرودەی دەخوێند کچ بو ، ناوی (بالا) بو (بەپێی قسەی کاك محەممەد) .

محەممەد دالاهو ، لەبنەماڵەی شێخانی سەراجەدین بو ، وابزانم کوڕەزاو شتی شێخ بەهادین بو ، لەگەرمەی کۆچ و رەوی خەڵکدابو بۆ ئەوروپا ، بینیمەوە خۆی پێچابۆوە بۆ سەفەر ، پێشنیاری کرد ئەگەر مەیلی سەفەرم هەیە هاوسەفەرییم ، وتی : تا دەرفەتی دەرچون دەرەخسێ لەماڵی شێخ لەتورکیا دەبینە میوان ، کێشەمان نابێ ...

بەهەرحاڵ رۆیشت ، گەیشتە سوید ، لەوساوە تا ئێستا کە پێم وایە بیست ساڵێك بەبەیندا چوە ، تەنها یەکجار لەسلێمانی دیومەتەوە ، ئەویش رەنگە پازدە شازدە ساڵ لەمەوبەر بوبێ ، باش بیرم نەماوە ، تەنها ئەوەندەم لەبیرە شەوێك لایدایە لامان لەماڵی باوکم .

یەکێکیتر لەهاوڕێیانی ئەو سەردەمەم کە دواتر پێکەوە (من و ئەو و ئاریی حاجی کەریم) لەبازنەیەکدا یەکمانگرتەوە ، جەبار پێنجوێنی بو (جەباری خولە زەڕنگەر) ، ئەمم بەهۆی کتێب و کتێبفرۆشییەوە نەناسی ، بەهۆی هاوڕێیەکی شارباژێڕیمەوە ناسیم بەناوی کاك ئەنوەر ، ئامۆزای شەهید حەمە سورەبانی ...

رۆژێکیان ، سەرەتای یەکترناسینمانبو ، چەندین سەعات بەهەوارەبەرزەدا سوڕاندمەوە ، هێنام ، بردم ، هێنامەوە ، بردمەوە ، هەر بەزمانە سادەو خاکیەکەی ئەوسا ، بەو کەمە رۆشنبیری و کەمە هوشیارییەوە کە هەمبو ، باسی (دین) و (خەبات) م لەگەڵ دامەزراند ، نارەحەتی دایگرت ، من هەر دەموت و کۆتاییم پێ نەدەهێنا ، بەڵام ئەو هەندێجار لەڕێی پرسیارەوە بەربەستی دادەناو قسەی پێدەبڕیم ، زۆر سوربوم لەسەرئەوەی تەنیا بەیەك پیاسە بیگەیەنم بەو بڕوایەی (تەرکی دین پێویستە) ، وەکو ئەوەی خەبات لەدوای بڕوایەکی لەوجۆرەوە نەبێ حەرامبێ و قابیلی هەڵەبێ ، لەکاتی پرسیارە بەربەستەکاندابو هەستم دەکرد جەبار نارەحەتە ، کۆتایی بەگفتوگۆ هات و لێم جیابۆوە ، بەڵام رۆژێ دوان دوای ئەوە یەکترمان بینییەوە ، کورت و موختەسەر پێی وتم جارێکیتر هەوڵ نەدەم

فێری بێئیمانیی بکەم ، کەچی ماوەیەك بەر لەڕاپەڕین ، جەبار خۆی ، من و ئاریی حاجی کەریم (ئاریی کۆمۆنیست) ی بەیەکتر ناساندو لەیەکتری هەڵپێکاین ، بوینە سیانەیەکی خۆشەویست و جێمتمانەی یەکتر .

............................

# پاسی پاشەڵ و راوی پاشەڵ

کەمجار رێ دەکەوێ لەمناڵیەوە بەتاقی تەنیا بەڕێی بازاڕەوەبی و بەسەلامەتی پاشەڵ دەر ببەی ، بەڵام من دەرم برد ، سەرەڕای بێدڵسۆزی و بێدایکی ، فەزڵەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ دایکم ، ئەو تا مابو بەتوندی پاسی پاشەڵمانی دەکرد ، بەردەوامیش شعوری ئەوەی تیا دەچاندین کە پاشەڵ هینی غافڵکردن نییە ، سەدانجار لەو ماوە کەمەدا کە لەسەر زەوی لەگەڵمانبو پێی گوتین :

هەمو شتێکم کرد بۆ بەخێوکردنتان دزی و حیزی نەبێ ، هۆشتان بەخۆتانەوەبێ ، جام ئەڵێ بشکێم نەك بزڕێم ...

وەکو بڵێی ترسی ئەوەی هەبوبێ رۆژێ دێ تەنیا دەکەوین و بێ ئەو دەمێنینەوە !

بۆیە لەبازاڕدا بەردەوام وریای پاشەڵم بوم ، وەکو دڵی دایکی مردوم دەمپاراست ، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین جار هەوڵی راوکردنم درا !

وابزانم یەکەمجاریان لەو ماوەیەدابو کە لەبازاڕی قاچاخچیەکان دەسگێڕیم دەکردو وردەو پردەی ئێرانیم دەفرۆشت :

کەسێ ئەسحابەسپی و بازاڕی قاچاخچیەکانی ئەو سەردەمەی بەوردی سەرنج دابێ ، بەکر ناوێکی پاسکیلسواری لەو ناوەدا دیوە ، عەینەکێکی گەورەی شەمسیی دەکردە چاو ، خۆی کردبو بەشێت یان هەر شێت بو نازانم ، جاروبار لوقم و شتی وای لەسەر سینییەکی چکۆلە دەگرت بەدەستەوە دەیفرۆشت ، هەندێ جاریش هەر بەدەستی بەتاڵ و بەپاسکیلەکەیەوە لەو ناوەدا دەهات و دەچو ، ئەم بەکرە ماوەیەکی باش گەڕی تێ ئاڵاندم ، چ بەشێتە شێتە ، چ بەشەڕفرۆشتن ، جارێکیان بەتەواوی تەنگی پێ هەڵچنیم ، کە زانیی خۆمی لێ گێڤ دەکەمەوە بەتەواوی عەقڵ گەڕایەوە سەری ، بەجۆرێ روبەڕوم بۆوە هیچ عاقڵێ بۆ هیچ دەسکەوتێ ناچێتە روبەڕوبونەوەی وەهاوە ، خەریکبو هەر بەڕاستی بمداتە بەر شەق !

جگە لەبازاڕی قاچاخچیەکان لەسەر جادەی مەولەوییش توشی هەمان شت بوم :

کابرایەکی زلی تەنگە ئەستوری شەڕواڵ و کراس پۆش هەبو ، لەدەم و لوت و سەرو سەکوتدا دەتگوت باڵندەی دەنوکچەماوەی ڕاوچییە ، وابزانم دوکانی هەبو لەو ناوەدا ، ئەمیش چەندین جار کەوتە دوام و خۆمم لێ ون کرد ، پێم وایە لەو سەردەمەدا گەورەش بوبوم ، قۆناغی خوێندنی ناوەندیم بەجێهێشتبو ، هەروەها پێم وایە وەرزی کاروکاسبیشم نەبو بەڵکو تەنها بەڕێبواری لەوێوە رەتدەبوم ..

بەهۆی بەربڵاویی ئەم رەوشتەوە مێرد منداڵی وەکو من نەیدەوێرا بەتەنیا بچێتە سینەما ، ناچار دەبوایە دو دو و سێ سێ لەبەینی خۆیاندا رێکەون پێکەوە بچنە سینەما ، من بەزۆری لەگەڵ جەماڵە چکۆلی هاوڕێی نۆکاوفرۆشی و کۆڵانمدا دەچوم .

یەکەم جار لەهەمو ژیانمدا دیمەنی کچی تەواو روت لەشاشەوە ببینم ، ساڵی 1986 بو ، بەوەدا دەزانم ساڵی 1986 بو چونکە جلە کوردیە رەشە تازەکانم لەبەردابو ، زۆرم خۆش دەویست ، کە لەبەرم دەکرد خۆمم وەکو پێشمەرگە دەهاتە بەرچاو ، هەم لەبەر رەنگە رەشەکەی ، هەم لەبەرئەوەشی لەو ماوەیەدا بەتەواوی هەستم بەبەرزبونەوەی باڵای خۆم کردبو تیایدا ، وێنەیەکم هەیە بەو جلانەوە لەسەرچنار ، بەرواری ساڵی 1986 ی لەسەر نوسراوە ، بۆیە دەڵێم بینینی دیمەنی کچە تەواو روتەکەش هەر ئەو ساڵەبوە ... لەگەڵ دەرکەوتنی کچەدا پڕبەپڕی ئەو شاشە گەورەیە ، بەو هەمو مێینەییەتییە روت و قوتەوە ، بەقەدەر یەك نێرەکەری فێگرتو رژامە ناو شەڕواڵی رەشەوە ، جا وەرە تەنێکی لەو جۆرە بەجلی رەشەوە بنوسێ و پێوەی بچۆرەوە بۆ ماڵەوە ، دواییش بۆت بشۆردرێ

... دەستەواژەی (نێرەکەری فیگرتو) لەتێکستێکی تردا پەڕیوەتە نوسینمەوە ، ڕەنگە ئیلهامەکەیم لەو قسانەوە وەرنەگرتبێ کە هەندێ هاوڕێی هەرزەکاریم لەبارەی پەڕینی نێرەکەرەوە دەیانکرد بۆم ، بەڵکو لەو دیمەنەی خۆمەوە وەرمگرتبێ ... بیرم نەماوە ئایا ئەوجارەیان جەماله چکۆلم لەگەڵبو یان نەء ، بەڵام بۆ ئەمەی تریان بەتەواوی لەبیرمە ئەوم لەگەڵبو :

کابرایەك ڕێك لەکاتی کوژاندنەوەی گڵۆپەکاندا بەناو ناریکیدا هات خزایە تەنیشتی جەمالەوە ، کەمێك دوای ئەوە هەستمکرد جەمال ترسا ، نازانم چی وایلێکرد بترسێ ، بەچپەو جولەی دەست تێمگەیاند هەڵسێ بێتە جێگەکەی من و من بچمە جێگەکەی ئەو با کابرا بکەوێتە تەنیشتی منەوە ، گوایە من بەهێزم و پاسی پاشەڵی خۆم و جەمالم پێ دەکرێ ، ئەگەرچی دەبوایە جەمال پاسی پاشەڵی خۆی و من بکات ، چونکە ئەو ساڵێ دوان لەمن گەورەتربو ، بەڵام لەقیافەدا من لەو هەڵکشاوتربوم (فس فس پاڵەوان خۆم !) ، ئەگەر وا دەرنەچوایە کە دەرچو ڕەنگبو دەرەقەتی یەك شت نەهاتایەم ، بەڵام خوا ڕەحمی کرد وا دەرچو و ئەوی تر دەرنەچو : کابرا پاش تاریککردنی سەرجەم روناکیەکانی هۆڵی سینەماو دەسپێکردنی فیلم دەستی خستە سەر ئەوێم ، منیش زۆر دودڵیم تیا نەکرد ، نامە دەستی ، ئەمە یەکەم و ئەخیر روداوی لەوجۆرەیە لەژیانمدا ، تەنها بۆ ئەوەم بو راوچییەکی پاشەڵ لەخۆم و هاوڕێکەم دورخەمەوەو فرسەتی ئەوەی نەدەم ئەو دەستی یەکێکمان بباتە سەر شوێنی خۆی ، ئەگەرچی تا ئێستاش لەبەر دڵما گرێیەو بەلامەوە وەکو ئەوە وایە ئەو دەستی منی خستبێتە سەر شوێنی خۆی ، بێگومان جەمال لەو کاتەدا ئاگای لەجوڵەجوڵێك هەبو ، بەڵام بەتەواوی نەیدەزانی چی دەقەومێ تا کابرا هەستا ڕۆیشت ، ئەوسا بەچپە تێمگەیاند چیم لێقەوماوە ، کابرا چۆن بەناو تاریکیدا هات خزایە تەنیشتمانەوە ، هەروا بەناو تاریکیشدا لێیدا ڕۆیشتە دەرەوە ، هێشتا فلیم تەواو نەبوبو ، گڵۆپ دانەگیرسێنرابۆوە ، ڕەنگە بۆ ئەوەی بوبێ نەیبینین و نەیناسینەوە ، بەهەرحاڵ فلیم تەواوبو ، من و جەماله چکۆلیش هاتینە دەرەوە ، لەترسا زارەترەك بوبوین ، بیرم نەماوە چۆن لەو ناوە سەرمان گوم کرد ...

...................................

# کوڕێژگەی نۆکاوفرۆش

بەتەما نەبوم ئەم وردە روداوانە بەبیری خۆم بهێنمەوە ئەگەر ئەکرەمم نەبینیایە ، بەڵام وا بینیم :

خەریکی جیاکردنەوەی بایەعیەکەمان بوم لەناو دوکانی کابرای بایەعدا لەهەمان گەڕەك و دەورووبەر 32 ساڵ لەوەوبەر ئەکرەم و چەندین منالّی ترم تیا ناسی ، کاتێکم زانی لەسەیارەیەکی کرۆنای سپی کە تەمەنی رێك بەقەدەر تەمەنی هاوڕێیەتیەکەمان بو هاتە خوارەوە ، خۆی کرد بەناو دوکاندا ، بالآی زۆر رێك و جوان و بەرزتر لەجاران ، دەموددانی زۆر پاکترو تۆکمەتر ، چاوی زۆر سەوزو گەش و ئارامتر ، قژی زبرو کاڵ و لول هەر وەکو سەردەمی منالّی ، زۆر کەم سپیی تێکەوتبو ، نیتاقێك لەکەمەریدا ، ئەگەر یەك تۆز ماندوێتیی پێوە دیاربوایە دەمگوت لەوانەیە راستەوخۆ لەسەقف تێکردنەوە هاتبێ .

پاش چاك و چۆنییەکی گەرم و کەمێ رامان لەڕوخساری یەکتر ، رۆژی پاسکیلسواری و خۆگورگەکردنەکەمانم بەبیرهێنایەوە :

ئێوارەبو ، نزیکی ماڵەوە بوبوینەوە ، دوراودور سەری کۆڵانمان گرتبو ، نەماندەوێرا خۆکەینەوە بەحەوشەدا ، چونکە هەمو پارەکەمانمان داجرنگاندبو ، دابومانە کرێی پاسکیل .

وامدەزانی ئەو شتێکی تری پێ بوە بۆ فرۆشتن ، بیرم چوبۆوە ئەویش هەر نۆکاوی پێ بوە ، پێم وت :

من پارەی مەنجەڵە نۆکاوەکەبو !

وتی : منیش هەر پارەی مەنجەڵە نۆکاوبو !

ئەو ئەگەرچی ساڵێك لەمن منالّترە ئێستا باپیرەیە ، خاوەنی کچی بەشو و کوڕی ژنهاوردوە ، فۆرمی نەوتی مالّی خۆیان و مالّی کوڕەکەیی وەرگرت و خواحافیزیی کرد ، پیرە کرۆنای دایە بەر ، بەدەست من بوایە وا بەباشی پیرە کرۆنام بۆ دەپاراست شایەنی ئەو هەمو دڵپاکی و بێگەردی و لەشساغییەی خۆی بوایە ، بەڵام بەدەست من نەبو ، لەگەڵ ئەوەشدا پیرە کرۆنا هەر خۆی لەچاو کرۆنای تردا باش مابۆوە .

دەیان ساڵبو ئەکرەمم نەدیبۆوە ، لەدوای بینینەوەی ئەوەوە زۆر لەگەڵ خۆم خەریك بوم (ئەگەرچی لەوەوبەریش هەر خەریك دەبوم ) :

چی دەبو ئەگەر هەر رۆژی پاسکیلسواریەکەمان بەسەر پاسکیلەوە سەیارە لێی بدامایەو بمردمایە ، یان وەکو نەمردوم و ماوم تەنها یەك دانە کارەسات لەو هەمو کارەساتانەی هاتنە رێم کورتی بهێنایە ، پچڕانێك لەزنجیرەی روداوەکاندا روی بدایەو ژیان پێچی پێ بکردمایەتەوە بۆ جێگایەکیتر .. ئەگەر حوکمی قەدەر وابو لەدایك و لەباوك تەنها دانەیەکیانم هەبێ ، دایکم هەبوایە نەك باوك .. ئەگەر لەجیاتی دایکم باوکم بکوژرایە .. ئەگەر چارەنوسی خۆم بەدەستی خۆم بوایە : هەر لەسەرەتاوە خۆم بواری خوێندنی خۆمم هەڵبژاردایە ، خۆم یەکەمجار هاوسەری ژیانی خۆمم دیاری بکردایە .. ئەگەر تا کاتی پێگەیشتنی من پێشمەرگایەتی بمایەو دەست بیگەیشتایەتێ و بچومایە ببم بەپێشمەرگە ، بەو ژیانە رازی نەبومایە .. ئەگەر لەجیاتیی کوڕی یەکەم ، کوڕی دوەم یان سێیەم و چوارەم و پێنجەمی باوکم بومایە .. ئەگەر منالّەکانم لەسومعەو شەخسیەتی خۆم خۆشتر بویستایەو لەپێناوی ئەواندا ماوەیەك دوای پارە بکەوتمایە .. ئەگەر کەمەرم وەکو کەمەری ئەکرەم دەستی بدایە بۆ نیتاقتێبەستن و جەڕاندن .. ئەگەر کوڕی دایك و باوکی ئەکرەم بومایە ، یان هەر ئەکرەم بومایە ، چش لەوەی نەمدەزانی ژمارەی مۆبایلەکەم بەدەستی خۆم بۆ کابرای بایەع بنوسم !

رەنگبو ئێستا منیش وەکو ئەو بیرەوەریی پاسکیلسواریەکەمان تامێکی شیرینی هەبوایە لەیادەوەریمدا نەك ئەم تامە

تاڵە ! هەروەها دۆڕاندنی چوار دینارەکەیش :
لەماڵەوە چوار دیناری کاغەزیان دامێ بچم لەبازاڕ نۆك بکڕم ، بیهێنمەوە باجیم بیکوڵێنێ و بیبەم بیفرۆشم ، کەچی من چوم لەبەردەم سینەما رەشیدو سینەما سیروان کردمە سەر سینیی لگاو و دۆڕاندم ، بیرم نەماوە لەکەیەوەی ئەو رۆژەوە چوبومە دەرەوە بۆ کڕینی نۆکەکە ، بەڵام بیرمە درەنگی ئێوارەبو ناچاربوم بگەڕێمەوە ، تا ئەوساش هەر هەوڵم دەدا بێمەوە مایە ، پاش قلوچبون کابرا نیو دیناری دامەوە ، وەرمگرت و دوبارە خستمەوە سەر سینیی لگاو ، نیو دینارەکەشم دۆڕان ، هیچ هیچم پێ نەما ، ئێوارە درەنگ گەیشتمەوە لای ماڵەوە (دەبێ بەپێ چوبێتمەوە نەك بەپاس !) دیسان وەکو رۆژی پاسکیلسواریەکەی خۆم و ئەکرەم خۆمم گورگە کردەوە ، ماڵەوەمان لەدورەوە چاویان لێم بو ، هەرچەندیان دەکرد رازیمکەن بێمە ماڵەوە نەمدەوێرا ، پیرێژنێکی دراوسێمان هات بەدەممەوە ، مەچەکی گرتم و سپاردمیەوە بەماڵەوە ، بەدەم رێوەش ئامۆژگاریی کردم جارێکی تر قومار نەکەم ، وتی : ئەوەی قومار بکات قونی خۆیشی دەدۆڕێنێ ، بەڕاستی ترساندمی .. کاتی گەڕانەوە گیرفانی شەرواڵەکەمم لەناوەوە دڕاندبو بۆ ئەوەی بتوانم لەماڵەوە بڵێم پارەکەم لێکەوتوە ، بەڵام ماڵەوە وتیان ئێمە پارەی کاغەزمان داویتێ ، پارەی کاغەز بەو شێوەیە ون نابێ ، ئەمە چوبوم بۆ کڕینی نۆك ، لەکاتێکدا هێشتا نەمدەزانی ئایا نۆك خۆی هەر لەسەرەتاوە ئاوا بەخڕی و رەقی لەدایك دەبێ ، یان نەخێر سەرەتا شتێکی نەرمەو بەهۆی زەردبون و وشکبونەوەوە دەبێتە ئەو دەنکە خڕە رەق رەقانە ...
بیرمە جارێکیان نۆرەی بێستونی برام بو بچێ لەبازاڕ نۆك بکڕێ ، بەهەمو بڕوایەکمەوە ئامۆژگاریم کرد ئاگای لەخۆیبێ نەیخەڵەتێنن نۆکی فەریکەنۆکی وشکەوەبوی رەقهەڵگەڕاوی بدەنێ لەجیاتیی نۆکی نۆکاو ! نەمدەزانی نۆکەکەی کە خۆیشمان دەیکەینە نۆکاو و دەیفرۆشین سەرەتا هەر فەریکە نۆك بوە !
هەمیشە لەبەرچاومە : زۆرێکی زۆر لەخانوەکانی هەوارەبەرزەو تویمەلیك ، بەهێزی بازوی ئەو کرێکارانە دروست کران کە وەخت و ناوەخت من و بێستون و کامەرانی برام و منالآنی تری وەکو ئەکرەم و جەماله چکۆل لەسەریان حازر دەبوین ، نۆکاو و پاقلەو داتلّی و لوقمەقازی و ئاسکریم و مۆتاو چلورەی فریزۆمان پێدەفرۆشتن و هێزو وزەمان تێدەگەڕاندنەوە ...

....................

# پێشمەرگە

سەرەتایەکی باش نەبو : ئەو دەیوت رۆڵە دەیانی وەکو تۆمان بینی باوەژن تەپڵی تۆپانی پێکردن ، لەتۆیش گەورەتربون ، خاوەنی ژن و منداڵ بون ، لەکۆتاییدا کڵاوی باوەژن چوە سەریان و گلان ! من دەموت : وەڵڵا دایکی باوەژن واو وا لێ ئەکەم ، باوەژن حەددی چییە !

نازانم چیی لێ بیستبوم ، بەو ئامۆژگاریانەی دەیویست چیم پێ بڵێ ، چ بۆچونێکی خراپ لەزەینمدا بسڕێتەوە ، چ بۆچونێکی باش بخاتە جێی !

بەهەرحاڵ تازە بوبوین بەڕیشیەوە ، دەبو شەوان لەلامان بمێنێتەوە ، سوعبەتمان لەگەڵ بکا ، بابەتێ بدۆزێتەوە بۆ دەمەتەقێ و ئامۆژگارییەکمان بکا ، تا باوکم لەسلێمانی ژنێکی پەیدا دەکردو دەهاتەوەو لەکۆڵی ئەوی دەکردینەوە . چەندین شەو بەلامانەوە مایەوە ، نەیدەهێشت بیری دایککوژران و هەتیوی زەفەرمان پێ بباو ناڕەحەتمان بکا ، شەوی وا هەبو پشتوێنە درێژەکەی پشتی خۆی دەکردەوە ، سەرێکی لەدواوە دەخستە پشت ملی یەکێکمانەوە ، سەرەکەی تریانی بەدەستی خۆیەوە دەهێشتەوە ، کتوپڕ پەرداخە ئاوێکی لەسەرەکەی لای خۆیەوە تێدەکردو کەمێکی زۆر کەمی دەگەیشتە سەری ناو پشتەملەکە ، قیژە قیژو پێکەنین دروست دەبو ، تا زۆر دوای ئەوەیش پێکەنین لەناو ماڵدا کۆتایی نەدەهات .

وادێتەوە بیرم جارێکیان ویستی مشکێك بەدەست بگرێ ، کلکی بکا بەکونی پلاکی کارەبادا ، تەنها بۆ ئەوەی ترسی منداڵەکانی خوشك و برام (بەتایبەتی مێینەکان) و رەنگە خۆیشم ، برەوێنێتەوەو ماوەیەك بمانخاتە پێکەنین .

کوڕی وا میهرەبان لەو تەمەنەی ئەودا زۆر دەگمەن بو ، بەتەواوی خۆی تەرخانکردبو بۆ سەرپەرشتیکردنی ئێمە تا باوکم چارەیەکی دەردی خۆی دەکرد : باوەژنێکی بۆ پەیدا دەکردین .

کاتێ ماڵمان لەقەڵاچوالانەوە هاتە سلێمانی (بەهیچ جۆرێ بیرم نایەت چۆن هاتوین ، لەگەڵ کێ هاتوین) هیچ ئاگایەکم لەم کوڕە گەنجە رەشتاڵەیەی خوشکەزای باوکم نەما ، تا کاتی مفەوەزاتەکە ، لەمفەوەزاتەکەدا بینیمەوە پێشمەرگەیە ! زۆرم بەلاوە سەیرو خۆشبو ، من هێشتا هەر منداڵبوم ، وەکو ئەوە وابو دایکم گەڕابێتەوە بۆ لام ، ریشێکی پڕی رەشی هێشتبۆوە ، لەگەڵ پۆلێ پێشمەرگەی هاوڕێیدا (عەلیی صۆیبە / بناوەسوتەیی ، یەکێك بو لەهاوڕێکانی) ، وابزانم کە ئێمەی لەکۆڵ بوبۆوە راستەوخۆ بوبو بەپێشمەرگە .

هەر لەماوەی مفەوەزاتەکەدابو ، وەکو بڵێی دەیزانی پێمخۆشە رامسپێرێ بۆ ئیشێ کارێ ئەرکێ ، دڵخۆشییەکی بێئەندازەی کرد بەنسیبم : رایسپاردم کاسێتێکی تەنیا عارەب عوسمانی بۆ پەیداکەم !

ئای چەند خۆشبو : پێشمەرگە تەکلیفی رایی کردنی ئیشێکت لێبکا ، ئەویش کێ ؟ کاك عەبدوڵڵای پورزام (عەبەڕەشی دایك و باوکم) ... کاسێتم بۆ کڕی و دامێ ، سور دەزانم خۆیشی دەیتوانی پەیدایکا ، بەڵام وەهای کرد کە کردی : حەتمەن دەبێ زانیبێتی زۆر دڵم بەجێبەجێکردنی ئەو ئەرکە خۆشدەبێ !

بەداخەوە مفەوەزات سەری نەگرت ، پێشمەرگە دوبارە ونبونەوە ، بەکوڕەکانی پوری منیشەوە ، بەهاوشاری و هاوگوندیەکانیشمانەوە ، بەڵام ئەجوائی مفەوەزاتەکە لەزەین و خەیاڵی مندا هەر مایەوە ، ئاخری لەم دواییانەدا لەشیعرێکدا سودم لێ وەرگرت :

بەتوی مەلیکا داگەڕێم

بەشی تەسلیمبونەوەیەکی تر
پێشمەرگایەتی لەسەروگوێلاك و شان و ملم بتەکێنم

بەشی پێشمەرگایەتییەکی تر
خەیاڵی تەسلیمبونەوە لەسەر دەرکەم

بەشی دابەزینەوەیەکی تر بۆ ناو خەڵك
کەمێ لەو چاوڕوەی کە نازانم هەمبوە بیبەخشم یان نەمبوە
لەشۆستە داواکەمەوە

بەشی خەڵکاویکردنێکی تری دڵ
پەلوپۆ بدەمەوە بەپەلوپۆم ...

چەند ساڵێ دوای ئەوە کاك عەبدوڵلا لەشاخەوە جوابی نارد : فەرەیدونی خاڵی ، خوشکەکەی (پێگەیشتوەکەیان) بخوازێ ، بۆ ئەوەی لەماڵە باواندا نەمێنێتەوەو نەکەوێتە دەستی ڕژێمی بەعس ، قسەیەك لەوبارەیەوە کرا ، خەریکبو بگاتە ئەنجام ، باجیم منی دڵساردکردەوەو شتەکە سەری نەگرت .
راپەڕین ساڵێ یان شتێ زیاتربو رویدابو ، بیرمە کاك عەبدوڵلا زۆر روی نەدەدامێ ، لەسەر ئەو هەڵوێستەم کەمێ لێم عاجزبو ، لەهەندێ شتی پێشمەرگایەتیش عاجزبو ، پلەیەکی پێشمەرگایەتیی هەبو وازی لێهێنا ، گەڕایەوە گوندەکەی خۆی (بناوەسوتە) بەخەیاڵی ئەوەی ئیتر عومری خۆی بەجوتیارییەوە بباتە سەر ، رۆژێکیان بەدەم کاری جوتیارییەوە لەناو پارچە زەوییەکدا ، لوغمێك بردی بەحەواداو یەکسەر کۆتایی بەژیانی هات ، لەکاتێکدا هێشتا لەوپەڕی گەنجێتی و تواناو خۆشخەیاڵیدابو ، بۆ پرسەکەی چوم بۆ بناوەسوتە ، ئەوە یەکەمجارمبو لەدوای ساڵی
1978 ەوە بناوەسوتە ببینمەوە : زۆر سەیرە ، گوندەکەم لەم وێنەیەشدا ڕێك وەکو وێنەکانی پێش ساڵی 1978
تەواو بەکاڵی دەرچوە ، ئەم وێنەیەشی لەخەیاڵدانمدا هەر دەڵێی یەکێکە لەوێنە زۆر کاڵە کۆنەکانی پێش راگواستنی
: تۆ بڵێی دڵگرانبم بەچارەی گوندەکەم و خۆم نەمەوێ لەزەینمدا بیپارێزم ؟
لەوەیش سەیرتر ئەوەیە : دوای ئەو یەکەمجارەیش جارێکی تر بۆ پرسەی پێشمەرگەیەکی تر سەرم لێداوەتەوە ، کەچی دیسان هەر ناڵێی بینیومەتەوە ، نازانم بڵێم کوێیم بینی و چۆنم بینی و چیم تیا بینی !
بەڵام لەوە بترازێ نایەتەوە بیرم ڕێم تێیکەوتبێتەوە ...

.....................................

# دەزگای چاپ و نەخشی سەردەم

ئەو ناونیشانەی سەرەوە هەڵە نییە بەسەرمدا تێپەربێت بەڵکو ناوی راستەقینەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمە بەڵام لەزاری برادەرێکەوە کە فەقیرە بەوجۆرە کەوتبوە بەرگوێی و بەوجۆرەش لەناو رەفیق و برادەردا لەفزی دەکرد ، من خۆم بەخزمەتی نەگەیشتوم و عیبارەتەکەم لەزاری خۆیەوە نەبیستوە .... ئەو ئێستا نیشتەجێی ئەوروپایە ، هیوادارم لەخۆشیدابێ و دەرفەتی هەبوبێ ئەم هەڵە ئیملائییەی زمانی راست بکاتەوە ....

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کە دامەزرا لە نوسەرو کارمەندانی بنکەی گەلاوێژ یەکەمین گروپی ئیشی بۆ خۆی پێکهێنا ... ئەوەبو هەندێ نوسەرو کارمەندی ئەوێی خستە دوای خۆی و بردنی ، پاشان وردە وردە خەڵکی تری ئێرەو ئەوێی تێئالاً ... من یەکێك بوم لە گەلاوێژنشینە شوێنکەوتوەکانی سەردەم ...

بێگومان نامەوێ لەبارەی دامەزراندنی دەزگای سەردەمەوە بگێڕمەوە (لەبەرئەوەی هیچی لێنازانم) بەڵکو تەنها دەمەوێ لەبارەی رۆژانی کارکردنی خۆمەوە بگێڕمەوە لەناو دەزگای سەردەمدا ..

ساڵانی سەرەتای دامەزراندنی دەزگای سەردەم (واتە 1999 بەرەوسەر) چەند دانەیەکی زۆر کەم لەبرادەران سەیارەیان هەبو ، ئیدی ئەو باقیمان بەتەکسی و بەپاس و بەپێ هاتوچۆمان دەکرد ... هیوادارم کەس بەم باسە زویر نەبێت !

ئەو چەند دانە نوسەرەی سەیارەیان پێبو بریتی بون لە (شێرکۆ بێکەس ، حسین عارف ، و ...... لەڕاستیدا کەسی تر نا ! یان تۆ بڵێ یەك دو کەسی تر کە رەنگە هەبوبن و من لەبیرم چوبێتنەوە) .

بیرمە زۆربەی جار بەپێ لەمسەری جادەی قەناتەوە بەرێ دەکەوتم بۆ ئەوسەری جادەکە (لای فولکەی دەستەکە) کە دەزگای سەردەمی لێبو ... دەزگای سەردەم سەرەتا لە دو خانوی کرێدا کەوتە سەرێ لەلای فلکەی دەستەکە ، خانوە سەرەکی و بەرچاوەکەیان کە لەسەر جادەکەبو هینی حەمەی حاجی عەبدوڵڵای حاجی فەرەجی پێنجوێنی بو ، ئەوەکەی تریان کە لەناو کۆڵاندابو نازانم هینی کێ بو... ژوری حسین عارف (جێگری سەرۆك) لەبینای ناو کۆڵانەکەو ژوری شێرکۆ بێکەس (سەرۆك) لەبینای سەرجادەکە بو !

بەپێ لەجادەی قەناتەوە هاتوچۆم دەکرد ، بەشەوق و زەوقێکی زۆرەوە ، بەڵام وردە وردە کەوتمە ناو پەیوەندییەکی سۆزدارییەوەو ژیانی تایبەتیم گۆڕا ، لەکۆتاییەکەشیدا بەربومەوە بەسەر خۆمدا ! لەپاڵ ئەم هەڵچون و داچونە دەرونی - کۆمەڵایەتییە بێتامەی خۆمدا ، وردە وردە دەزگاکەش قەرەباڵغیی زیاتری تێکەوت و گرفتی بەریەککەوتنی بەرژەوەندی سەری دەرهێنا ... ئیدی ناڕەحەتی روی تێکردم .. دڵخۆشییەکەی سەرەتام نەما .. بەرۆحێکی ماندو و دڵ و دەرونێکی تەنگەوە خۆم دەدایە پاڵ دیواری قەراخ شۆستەکان و هاتوچۆی سەردەمم دەکرد .. سەرەنجام هاتوچونەکەی دەزگای سەردەمم بو بەم بیرەوەرییە تاڵەی کە دەیگێڕمەوە ..

لەڕۆیشتنمدا کە بەشی هەرەزۆری بەپێ بو (بۆ هەمو شوێنێك نەك تەنها بۆ سەردەم) خۆم دەدایە پاڵ دیوار ، دەمگوت با بەدەرەوە نەبم ، بەرچاو نەبم ، کەمتر ببینرێم ، نەکو ئازارو نەهامەتی وەکو ماست بەلێومەوە دیاربێ

(کە هەمیشە بەلێومەوە دیاربوە بەئێستاشەوە) ، با دۆست بەڕواڵەتی ماندوەوە نەمبینێ نیگەرانم ببێت ، با دوژمن بەڕواڵەتی ماندوەوە نەمبینێ پێم خۆش ببێت ...

منی (دیوارپەنا) 3 ساڵێك بەمجۆرە هێنام بەبێ ئەوەی بهێڵم ئەم بارە دەرونی - کۆمەڵایەتییە دەست بهێنێتە رێی ئیشکردنم ، لەگۆڤاری ئایندەدا کارم کردبێ یان لەڕۆڤارو شیعرستاندا ، ئیشی خۆمم بەزیادەوە کردوە ...
بەڵام دەرکراین ، من و هەندێ کەسی تر سەرمان لەیاریەکە دەرنەکردو لەئەنجامی بەریەککەوتنی بەرژەوەندیەکان وەدەر نراین ...

لەبارەی روداوی دەرکردنەکەمانەوە 14 15 لاپەرەی خەتی خۆم یاداشتم هەیە کە هەر ئەوساو بەو بۆنەیەوە نوسیومە ، بڵاوم نەکردۆتەوە .....

زۆر حەزدەکەم بڵاوی بکەمەوە بەڵام ئێستاش وەکو ئەوسا بەباشی نازانم بڵاوی بکەمەوە ..

.........................................

# چایخانەکەی عیرفان ئەحمەدو هاوڕێکانی

مانگی 3 ی ساڵی1988 یەکەم شیعری خۆمم بڵاوکردەوە ، بەدوایدا چەند شیعرێکی ترم بڵاوکردەوە ، ئیدی پاش ئەوە وردە وردە ناوم کەوتە سەر زاری هەندێ لەشاعیرو چیرۆکنوسە گەنجەکانی ئەوسای سلێمانی کە بەتەبیعەت حەزیان دەکرد هەمو تازەنوسێکی وەکو من بناسن .. ئەوان (شاعیرو چیرۆکنوسە گەنجەکانی ئەوسای سلێمانی) بەزۆری لە دو شوێن کۆدەبونەوەو دادەنیشتن : شوێنی یەکەم / (وابزانم !) چایخانەی صناعەیان پێدەگوت ، بەرامبەر سیتی ستاری ئێستابو کە ئەو سەردەمە بە (بەنزینخانەکەی عەقاری) ناسرابو .. شوێنی دوەمیش چایخانەی شەعب بو کە هەموتان دەزانن دەکەوێتە ناوجەرگەی شارەوە (بەرامبەر بازاڕی عەصری) .. بیرم نایەت چۆن و لەکوێوەبو هەواڵی ئەوەم زانی کە هەندێ لەبرادەرانی لای چایخانەی صناعە (بەتایبەتی عیرفان ئەحمەدی رەحمەتی چونکە ئەویش دایکی و خاڵوانی پێنجوێنی بون) پێیانخۆشە هاتۆچۆی ئەوێ بکەم و یەکتر بناسین ، بەڵام من نەمکرد و نەمکرد ! لەوانەیە پێتان وابێ هەرزەکارێکی لوتبەرزو خۆبەشتزان بوم ، بەڵام نەوەڵڵا رێك بەپێچەوانەوەبو ، روم نەدەهات تێکەڵاویان ببم ! پێم وابو هێشتا زۆر زوە بۆ ئەوەی هەرزەکارێکی تازەنوسی چوەدەرنەکردوی هیچ نەدیوی وەکو من خۆی لەمەجلیسی ئەوان هەڵقورتێنێ (با ئەوان پێیشیان خۆشبوبێ تێکەڵاویان ببم) .. من راستە (کاتێ شیعرێکم بڵاودەبۆوە) لەناخی خۆمدا هەستم دەکرد بونەوەرێکی پۆزەتیفم ، تەنانەت هەستم دەکرد ئیتر تەواو ، من گەورەم (گەورەی تەمەن و گەورەی تریش) ، بیرمە کە لەشەقامی توی مەلیکەوە سەروخوارم دەکرد خۆمم بەمرۆڤێکی زۆر باش و جیاواز دەهاتە بەرچاو ، بەتایبەتی رۆژانی بڵاوبونەوەی شیعر (شیعری خۆم!) .. بەڵام هێشتا هێزی روبەروبونەوەی شاعیرو نوسەرم تیا نەڕسکابو .. هێشتا مابوم بەویقارەوە لەبەردەم نوسەری تردا بوەستم و چەلەحانێیان لەگەڵ بکەم و شەرم لەحاڵی خۆم نەکەم !

بەڵێ من لێرەوە ددان بەوەدا دەنێم کە (ئەوەندەی بیرم بێت) تا ماوەیەکی زۆر دوای راپەرینیش روم نەهاتوە سەر بکەم بەهیچ کام لەو چایخانانەدا کە تایبەتبون بە نوسەرو ئەدیب .. دەچومە چایخانە ، ناڵێم نەدەچوم ، بەڵام تەنها دەچومە ئەو چایخانانەی کە گشتی بون ، بۆ هەموان بون بۆ نوسەرو ئەدیب نەبێ ، زۆر جار لەگەڵ برادەرەکانم خۆمان لەخوێندن و مەسیرەو لۆتیگەریی بەعس دەدزییەوە دەچوینە چایخانەی سەرپردەکە لەشەقامی مەولەوی کە وابزانم ناوی (گازینۆ گۆران) بو ، لەوێ دۆمینەمان دەکرد تا درەنگ .. نەك هەر ئەوەندە بەڵکو دەچومە نادی (کەناری) بەرامبەر دەرمانخانەکەی نوری عەلی بۆ بیرە خواردنەوەش بەڵام بەتەنیا نەء بەڵکو لەگەڵ رەفیق و برادەری مەکتەب .. کەچی جورئەتم نەدەکرد بچم بۆ ناسینی ( عیرفان ئەحمەد)ی مەزڵوم و هاوڕێکانی لەلای چایخانەی صناعە .

.................................

# محەممەد موکری بەقەرزاری مرد ، دو کولێرەی منی لابو

ئەوەی سەروکارێکی هاکەزایی لەگەڵ ئەدەبدا هەبێ موکریی رۆماننوس دەناسێ ، هەروەها دەزانێ دو کولێرە هینی ئەوە نییە بدرێتەوە بەچاوی نوقاوی ئەوێکدا کە سەدان لاپەڕەو هەزاران وشەی بەلامانەوەیە !

موکری پێش ئەوەی واز لەپێشمەرگایەتی بهێنێ و بگەڕێتەوە بۆ کوردستانەکەی بندەستی بەعس ، من رۆمانی (هەرەس)یم لەڕیی (کاك کاوەی حاجی عەزیز)ەوە دەستکەوتبو و خوێندبومەوە ، واتە ئەوم بەناو دەناسی ، کە گەڕایشەوە ئیتر ئەوەندەی نەبرد وێنەو بابەتی لەڕۆژنامە بڵاوبۆوەو بەدەموچاویش ناسیم ، بەڵام تەمەنەکەم هینی ئەوە نەبو روم بێت هەوڵبدەم روبەڕو بیناسم ، تا کۆڕەوەکە بەسەردا هات ...

لەکۆڕەوەکەدا کەسماڵی نەنا بەکۆڵیەوە لەگەڵ خۆی بیبات دەربازیکات ، بەڵکو ئەوەی لەکۆڵ نرابو تەنها ئاردو نان بو ، وایش هێشتا ئاردو نان بەشی نەدەکرد .. ماڵی ئێمە لەگەڵ دو - سێ ماڵی دراوسێماندا پێکەوە بەیەك تراکتۆر دەرچوین ، لەیەك جیانەبوینەوە ، نان و ئاو و هەمو شتێکمان یەکێك بو .. ئاردێکی کەم و خێزانێکی زۆر .. باش بیرم نایەت گەیشتبوینە کوێی شاربازێر (بەئاراستەی پێنجوێن) کە لامانداو دەست کرا بەهەویرشێلان و کولێرەکردن .. کتوپڕ کابرایەکی درێژی رەقەڵەم بینی کۆڵێکی بەکۆڵەوەبو دەهات بەڕێوە ، کەفێکی وشکی سپی نیشتبوە سەر ئەملاولای لێوی (یان رەنگە من پێم وابوبێ کە وایە) ، وای بۆ چوم ئەوە محەممەد موکرییە ، خۆم گەیاندێ و لێم پرسی ئەویت وتی بەڵێ ! خێرا رامکرد کولێرەیەکی گەرمم بۆ هێنا ، بێئەوەی ئەو داوای هیچ شتێکی لێ کردبێتم (نەموێرا بەو خێزانە قەرەباڵغە بڵێم ئەو کولێرەیەم بۆ کەسێك دەوێ !) ، لەڕاستیدا کولێرەیەك لەو کاتەدا هەزار سڵاو و مەرحەبایی دەهێنا ، نەخوازەڵا ئەگەر گەرم بوایە ! من موکریم بەتەنیا بینی بۆیە یەك دانە کولێرەم بۆ برد ، کەچی ئەو وتی کورەکەشمم لەگەڵدایە لەدواوەیە ئەگەر هەیە کولێرەیەکشم بۆ بێنە بۆ ئەو ... سەرێکم حیز کردو ملم نا بۆ لای خێڵ داوای کولێرەیەکی ترم کرد .. بە وردی بیرم نەماوە بە چ حاڵێ ئەم کولێرەیەی ترم بۆ پەڕێنراوەتەوە لای موکری ، بەڵام دڵنیام هەر لەکات و شوێنی خۆیدا باجەکەیم داوە ..
راستیەکەی ئەوە ماڵی ئێمە نەبون تەحەکومیان بە کولێرەکانەوە دەکرد ، بەڵکو هاوڕەوە هاوتراکتۆرەکانی تەکمان بون سەروکاری کردن و جەردکردن و دابەشکردنی کولێرەکانیان لەئەستۆ گرتبو بۆیە چالاکییە مێژوییەکەمم بەو زەحمەتە ئەنجامدا ....

دەی ساڵ هات و ساڵ رۆیشت .. درەنگێکی درەنگ موکریم لەبنکەی گەلاوێژ بینییەوە .. رۆژێك هەر لەبنکە (کەسی تریش لەمەجلیسەکەدا هەبون بەڵام بیرم نەماوە کێ و کێ بون) کولێرەکانم بیر خستەوە (یان بڵێین : کولێرەکانم دایەوە بەچاویا کە وانییە!) .. وتی بەڕاست ئەوە تۆ بوی ؟ وتم بەڵێ ! وتی : جا چوزانم ، تۆ ئەو کاتە مناڵێکی بەلەباریکەبوی !

موکری دوای ئەوەی ناسیمیەوە کە من (مناڵی کولێرەکە)م سڵاو و مەرحەبایی و چاك و چۆنیی لەگەڵدا زیاد کردم ، بەڵام وابزانم بەرلەوەش رای لەسەر شیعرو شتی وام هەر خراپ نەبو .....

.................................

# پاسی پۆڵۆنی

خێرا خۆم تێخزاندو رێك چومە تەنیشتیەوە ، گەرم و نەرم و ئەسمەر وەك شەكری بۆری تازە لەسەر ئاگر داگیراو .. لەپاسی پۆڵۆنیدا دانیشتن لەتەنیشتی ئاتەشگەیەكی وەكو ئەوەوە بەئاسانی نەدەگوزەرا ، بەڵام من بردمە سەر ، بەبیركردنەوەو خۆكەركردنەوە بردمەسەر ، ئەویش حەزی لەم خۆكەركردنە هەبو ! دەیان رۆژبو دەموت ئەمرۆ هەر پێی دەڵێم ، لەرێی مەكتەب ، لەساحەی پاسەكە ، لەشوێنێك بەگیری دێنم و پێی دەڵێم ، پێم وابو ئەو خۆیشی چاوەرێی ئەوەیە غیرەت بنێمە بەر خۆم و پێی بڵێم !

پۆڵۆنی بەتوی مەلیكدا هەڵزنا ، گەیشتە ئاستی سی مەتریەكەو بەدەستی راستدا لایدا .. هەردوكمان لای ئەو شوێنەی كە پێی دەگوترا چایخانەكەی مامە قالە دابەزیین ، بێگومان ئەو شوێنە ئیتر چایخانە نەبو بەڵكو تەنها پارچە زەوییەكی بەتاڵبو بەڵام هەر پێی دەوترا چایخانەكەی مامە قالە .. وابزانم تا ئەوساش پاسی هەوارەبەرزە لەوە بەرەو سەرتر نەدەچو ...

وەك هەمیشە هێز لەئەژنۆمدا نەمابو ، خەریكبو وەكو هەمو جارەكانی تر تەواو دوركەوێتەوەو ئاخری زمانمم بۆ نەخرێتە جوڵە ، بەڵام نا ئەمجارە توانیم بانگیكەم (چۆنم بانگ كردوەو وتومە چی نازانم!)....

ئاوریدایەوەو شتێكی وت (بیرم نەماوە چیی وت) ..

پێم وت : ببورە پرسیارێك ! شتێكی وت (لەوەدەچێ روخسەتی قسەكردن بوبێ دابێتمی) ... جا با روخسەتیشی دابم ، من دەمزانی چیی پێ بڵێم ؟

پێشتر دەمزانی دەمەوێ چیی پێ بڵێم ، كەچی بەراستی لەو كاتەدا نەمدەزانی دەمەوێ چیی پێ بڵێم ، بەڵام قسەیەكم هەر كرد ، لەوە دەچو وتبێتم (نەخێر هەر بەراستی وەهام وت) : تۆ ماوەیەكە زۆر سەیری من ئەكەی !

وتی : چی ی ی ی؟ من ن ن ن ؟!

وتم (نازانم وتم چی ، نازانم هەر قسەم كرد یان نا) !

ویستی برواو هیچی تر نەڵێ ، بەڵام گەرایەوە ، وتی : جارێكی تر نەتبینمەوە لەسەر رێم!

وتم (ئەمەیانم لەبیرە وتم چی ، چونكە كەرێتییەكی ئەوەندە عەجایەبە قەت لەبیرم ناچێتەوە) : دەباشە تۆش ئیتر ئەونە سەیری من نەكەی!

هەریەكە بەلایەكدا دوركەوتینەوە ... ئێستاش بیرم ناكەوێتەوە ئایا من جارێكی تر ئەوم دیوەتەوەو خۆمم لێ لاداوە ، یان هەر نەمدیوەتەوە ، بەڵام بەتەواوی لەبیرمە دەمویست چیی پێ بڵێم ، دەمویست پێی بڵێم : (خۆشم ئەوێی) !

...........................

# مامۆستاکانم

بەبێ ئەوەی داوای راوێژم لێ کردبێ ، بەوپەڕی میهرەبانییەوە ، بێ قێزهاتنەوەو خۆبەرزپیشاندان ، ئامۆژگاریی کردم چۆن بکەم بۆ ئەوەی برینە وشکە زەردەکانی دەوری دەم و پلم زو چاك ببنەوە !

ئێستاش مامۆستای نازەنین ناوم خۆش دەوێ ، بەتایبەتی ئەگەر لەتەمەنی ئەوسای ئەودابێ و کەرکوکی بێ و وەکو ئەو پەڵەیەکی سوری جوانی زگماك بەسەر یەکێ لەڕومەتەکانیەوەبێ !

لەدوای ناسینی مامۆستا نازەنینەوە تا ئێستا ، پەڵەی سوری زگماك بەسەر رومەتی ئافرەتەوە ، گەورەترین نیشانەی میهرەبانییە لەبەر چاومدا ، هەر ئافرەتێ پەڵەی لەو شێوەیە بەسەر رومەتیەوەبێ وەکو فریشتە دێتە بەرچاوم ، ئەو ئێستایش لەخەیاڵدانی مندا هەر لەتەمەنی ئەوسای خۆیدایە ، سەد ساڵ تەمەن بکات لای من هەر کچە گەنجە میهرەبانەکەی ساڵی80 و81 ە ، هیوادارم لەژیاندابێ و میهرەبانی هەمو دەموچاوی تەنیبێتەوە ، دڵ هەمو هەناوی تەنیبێتەوە !

لام وایە ست نازەنین (زانست)ی پێدەگوتین ، ئەوسا لەناو ئێمەدا بەمامۆستای ئافرەت نەدەگوترا (ست) ، بەڵکو هەر دەگوترا (مامۆستا) ، بە وانەی (زانست)یش نەدەگوترا (زانست) بەڵکو دەگوترا (زانیاری) ، بیرم نایە لەوەڵامی ئامۆژگاریەکەیدا چیم وتوە ، رەنگە بەدەم دەستبردن بۆ برینە زەردەکانی دەوری دەم و پلمەوە ، پێم گوتبێ : باشە مامۆستا ، یان رەنگە هەر هیچم نەگوتبێ بەڵکو کەمێ دەم و پلە برینداویەکەمم لێکترازاندبێ (ئەوەندەی کە بکشێ و نەکولێتەوە) ، زەردەخەنەیەکی چکۆلەم بۆ کردبێ و هیچی تر .

بەڵام هەر لەو سەردەمەوە تا ئێستا خۆشم لەمامۆستای گەنجی فیزنی (.....) ناو نایە ، چونکە مامۆستایەکی گەنجی فیزنی (.....) ناو ، لەکۆبونەوەی فراوانی ناو حەوشەی مەکتەبدا ، بەبەرچاوی سەرجەم مامۆستاو تەلەبەکانەوە ، دو دانە برای نازداری لەڕیز هینایە دەرەوە ، تەلەبەی 3 و 4 ی سەرەتایی بون ، دانیە بەر شەق ، نازانم لەسەر چی ؟

من ئێستاش هەڵوەدای بینینەوەیەکی مامۆستا نازەنینم ، کەچی سەدجار مامۆستا (.....)م لەسەر جادەو بان بینیوەتەوە ، خۆم لێ لاداوە ، هێزی ئەوەم تیا نەبوە یەك دانەجار چییە مەرحەبایی بکەم .

هەندێ لەمامۆستاکانی سەرەتاییمان هەر خەریکی دڵداری بون ، یەکێ لەوانە مامۆستا(......)ناوەکەبو ، لەگەڵ خانمە مامۆستایەکی ناسکماندا میانەیان گەرمبو (گەرمێکی سارد!) ،ئەم خانمە مامۆستا داماوە زۆربەی جار دوای 12/ 10 دەقیقە وانە وتنەوە ، ئیتر تاقەتی دەچو ، دەستی هەڵدەگرت ، کورسیەکی رادەکێشایە ژێر خۆی و سەری دادەخست و فرمێسکی دەسڕییەوە .

کەچی مامۆستای ترمان هەبو یەکپارچە ئومێدو رۆشنایی بو ، بۆ نمونە مامۆستا بەکر ، کوردیی پێدەگوتین ، تراکتۆریشی هەبو ، کوڕێکی گەنجی باڵابەرزی زۆر میهرەبانبو ، خەڵکی دێیەکی پێنجوێنەکەی خۆمانبو ، منی زۆر خۆشدەویست چونکە زۆر زیرەکبوم لەوانەکەیدا ، هەمیشە ئافەرینی دەکردم لەبەر زیرەکیم و لەبەر ئەوەشی کە کتێب و دەفتەرم بەرگتێگیراو و پاکوتەمیزبو ، بیرم نایە ئایا لەکۆتایی ساڵی خوێندنماندابو یان لەناو ساڵی خوێندندا : چو بو بەپێشمەرگە .

راپەڕین رویداو مامۆستا بەکر پەیدابۆوە بەڵام نەبۆوە بەمامۆستا ، بەڵکو لەکۆتاییدا بو بەبەڕێوەبەری ئاسایش ! من لەبەر ئەوەی مامۆستا بەکرو پێشمەرگەم زۆر خۆشدەویست و خۆشدەوێ ، حەزم دەکرد ببێتەوە بەمامۆستا (بەپلەی پێشمەرگە !) ، بەڵام نەبو .

سەیرترین روداوی ناو مەکتەب ئەوەبو لەقۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بینیم :

مامۆستایەکمان لەگەڵ مامۆستایەکی تری شێتۆکەماندا لێیان بوبو بەشەڕ (نازانم لەئیدارە یان لەژوری مامۆستایان!) ، شێتۆکەکە چەقۆی لەدەستی ئەوی تر دابو ، مامۆستا بریندارەکە چەندین جار بەدەستی پێچراوەوە هاتە پۆلەوە بۆ وانە گوتنەوە ، تەلەبەیش هەر هەمو دەیانزانی بەچی دەستی وای لێهاتوە ، سەیر لەوەدابو مامۆستا چەقۆوەشێنەکە بێئەندازە میهرەبان بو لەگەڵ تەلەبەدا ، من دەستم شکابو ، کە بەدەستی شکاوەوە دەیبینیم هەمو جارێ جەرگی دەبو بەئاو ، تەنانەت دوای چاکبونەوەی دەستیشم هەر وابەسۆزەوە دەیدواندم و تەماشای دەکردم .

...........................

# بەمناڵی پێم وابو ( عەباسی کەمەندی ) برای دایکمە

لەڕاستیدا شتێکی ئەوتۆم لەبیر نەماوە بیسەلمێنێ من ڕۆژێ لەرۆژان مناڵبوم و مناڵیم بەسەر بردوە ، هەندێ وێنەی کاڵ نەبێ دەتوانم وردە وردە بیانهێنمەوە یادی خۆم ، فەزڵەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ تەبای کوڕم ، جاروبار ئەو سەرنجێکی مناڵانەی خۆیم لەلا دەردەبڕێ ، یەکسەر تاس دەمباتەوەو وێنەیەکی کاڵم بیر دەکەوێتەوە کە دڵنیام دەکاتەوە منیش مناڵیم هەبوەو بەمناڵی سەرنجێکی وەهام هەبوە ...

یەکێك لەو وێنانە ئەمەیە :

زۆربەتان گوێتان لەگۆرانیی (سەبری) بوە ، گۆرانییەکی کۆنی کوردییە (کۆن بەپێی عومری من) ، ئەم گۆرانییە ژن و پیاوێك دەیانگوت من تەنها لەگەورەبونمدا زانیم ئەوانە (دایکم و خاڵم نین) و (عەباسی کەمەندی و شەهێن تاڵەبانی)ن! یان عەباسی کەمەندی و مێینەیەکی ترن (بەناوی ویدا وەکو دەگوتری)!

بیرم ماوە دایکم بەدڵ گوێی لەم گۆرانییە دەگرت ، هەروەها بیرم ماوە کە ئەو ، تاقە براکەی خۆیی زۆر خۆشدەویست ، بیریشم ماوە  دڵم لەخۆم دادەماو پێم وابو ئەوی لەئێمە خۆشتر دەوێ ، ئێستاش هەر پێم وایە ڕەنگە ئەوی لەئێمە خۆشتر ویستبێ بەڵام تازە ئیتر دڵم لەخۆم دانامێنێ !
لێرەوە ئیتر ئاشکرایە بۆچی من بەمناڵی ئەم خەیاڵەم لەسەر ئەم گۆرانییە هەڵچنیوە بەبێ ئەوەی بەدوای ساغکردنەوەیەوەبم و لەخاڵم یان لەدایکم بپرسم : ئەرێ خاڵە ... دایە (چەند خۆشە بانگکەی : دایە .. دایە گیان .. دایە !) ئەوە ئێوەن ئەم گۆرانییە خۆشەتان گوتوە؟

بەهەرحاڵ ئێستا تەفسیرم بۆ هەڵچنینی ئەم خەیاڵە ئەوەیە : بەهۆی لێکچونی زۆر لەنێوان (گەرم و گوڕیی ئیحساسی دو گۆرانیبێژە نێر و مێکە) و (گەرم و گوڕیی خوشك و برایەتیەکەی نێوان دایکم وخاڵم) مناڵانە چومەتە سەر ئەو بڕوایەی : دایکم بەهیچ شتێکەوە پەیوەست نابێ ئەگەر ئەو شتە پەیوەست نەبێ بەخوشك و برایەتیەکەی نێوان خۆی و براکەیەوە .. بەڵێ مناڵانە چومەتە سەر ئەو بڕوایەی : دایکم بەهیچ شتێکەوە / بەگۆرانییەوە ، بەشوێنەوە ، بەکاتەوە ، بەندنابێ ئەگەر خاڵم لەنێواندا نەبێ ، بۆیە ئەو دەنگە گەرم و گوڕەی ئەو دو هونەرمەندەم لێ بوە بەدەنگی خاڵم و دایکم و لەدڵی خۆمدا پێم وابوە : (مەسەلەکە ئەوەیە خوشك و برا خۆیان ئەم گۆرانییەیان وتوە ئەگینا بۆچی دایکم ئاوا بەدڵ گوێی لێ دەگرێ ؟) ...
من ئێستاش هەر بەم ئیحساسەوە گوێ لەگۆرانیی (سەبری) و هەمو گۆرانییەکی تری ئەو دو هونەرمەندە دەگرم .. هەر لەهەوڵدام بۆ ئەوەی خاڵم و دایکمبن ، لەڕاستیدا کە عەباس و شەهێن پێکەوە رادەگرم (تازە من لەئێستادا شەهێنم خستۆتە بری ئەو مێینەیەی گۆرانیی سەبریی لەگەڵ کەمەندیدا گوتوە .. ببورن ئەگەر شەهێن نییەو ویدا ناوێکە ! ) ، زۆر دەست دەدەن بۆ ئەوەی وەکو میناو حەمەمینی برای تەماشایان بکەم ، ئەگەرچی لەوانەیە گەرم و گوڕیی نێوان ئەو دو (جوت)ە (عەباس/شەهێن) و (حەمەمین/مینا) تەنها لەوەدا لەیەکتر چوبن کە هەردوکیان گەرم و گوڕیی راستەقینەبون ...

..............................

# ولاغار

بیرم نەماوە سەرلەبەیانی بو یان دەوروبەری (قاوەتون)و نیوەڕۆ ، هەروەها ئەوەشم بەبیرنایەت : ئایا شەڕی ئێران و ئێراق دەستی پێکردبو یان نەء ؟

بەهەرحاڵ دیمەنەکانم باش نایەنەوە بەرچاو تا بزانم : کێ سەرەتا خەڵکی ئاگادارکردەوە لەڕوداوەکە ؟ کێ پێش هەموان هەڵی کوتایە سەر مزگەوت و خۆی کرد بەژورا ؟

هیچ وردەکارییەکی ئەم روداوەی دەیگێڕمەوە ، جێگەیان لەزەینمدا نەبۆتەوە ، رەنگە خەتای گەورەیی روداوەکە خۆی بێ ، وردەکاریەکانی خۆیی لەزەینمدا داپۆشیوە ، یان رەنگە خەتای ئەو هەمو شۆکەبێ کە لەدوای ئەو روداوەوە یەك لەسەر یەك بەرم کەوتن و وێنەکانی ناو زەینمیان دیلیت کرد ...

لەکۆی دیمەنەکانی ئەم روداوە تەنها حەوشەی مزگەوت و سێ پیاوی کوردی راکشێنراو لەناو حەوشەی مزگەوتدا بەزەینمەوە گیرساونەتەوە :

سێ پیاو بەتەنیشتی یەکەوە ، نازانم دەبێ تەمەنی هەریەکەیان چەند بوبێ ؟ بەڵام بەوەدا کە لەقیافەتدا وەکو یەك بون ، هەروەها هاوکاروان و هاوچارەنوسبون ، پێدەچێ لەڕوی تەمەنەوە زۆریان بەین نەبوبێ ، بەوەشدا کە خاوەنی لەشولارێکی رێك و وەك یەك بون و توانای ئەوەیان هەبوە شان بدەنە بەر ولاغاری ، پێدەچێ هێشتا زۆریان مابوبێ ببنە ئەکتەری راستی لەناو ئەم فیلمە دۆکیۆمەنتارییە غەمناکەدا .

سێ پیاوی کوردی ناسراو بە : (ولاغار / ئێرانی !) راکشاو لەناو حەوشەی مزگەوتێکدا لەپێنجوێنی خوارەوە (مجەمەعەکە) .

نازانم لەو کاتەدا کەسێ لەناو حەوشەی مزگەوتەکەدا هەبوبێ شتێکی زیاتری لەبارەی شوناسی ئەوانەوە زانیبێ یان نەء ، بەڵام من خۆم تا ئێستاش جگە لەمەی باسی دەکەم ، یەك شتی تر لەبارەی ئەو سێ پیاوەوە نازانم ، بەڵام حەتمەن کەوتونەتەوە دەست کەسوکاری خۆیان و هەروا بەم مەجهولییە نەماونەتەوە ، رەنگە ئەگەر وا رێکەوێ ئەم وشانە بکەونە بەرچاوی بینەرێکی تری روداوەکە کە ئەوسا لە من هەڵکشاوتربوبێ لەتەمەندا ، یان بەرچاوی کەسێکی هاوەمەلەکەتی سێ پیاوەکە خۆیان ، باسەکە رونتر ببێتەوە .

بیهێنەرە بەرچاوی خۆت : سێ پیاوی کوردی کوژراوی راکشێنراو لەحەوشەی مزگەوتێکدا ، بەبەرچاوی منداڵێکی پۆلی 2 و 3 ی سەرەتاییەوە ، یان بەبەرچاوی چەندین منداڵی پۆلی1 و 2 و 3 ی سەرەتاییەوە !

راستیەکەی من لەبەرئەوەی زمانم بەر تفتیی هەمو روداوەکە کەوتوە ، لەبەر ئەوەی رۆحم بەهەمو تراژیدیاکەوە ناوەو بەتەواوی هەڵمقوڕاندوە ، پێموایە کەسیتر لەوناوەدا نەبوە (نە گەورەو نە منداڵ) ، ئەگەر کەسیتری لێبوایە ئەوا دەبو داوای لێکردمایە زمان لەهەمو برینەکەوە نەدەم ، هەر هەمو ئەو ژەهرە تاڵە هەڵنەقوڕێنم ، بەڵام بیرم نایەت کەس داوایەکی وەهای لێکردبێتم !

بەڕاست : تۆ بڵێی حەوشەی ئەو مزگەوتە پیاوی تیابوبێ جگە لە سێ پیاوە کوژراوەکە خۆیان ؟ پیاوی زیندو ؟ بڕوا ناکەم ! لێیشی بوبێ زیندو نەبوە ، مردوی بەشی زیندوخۆربوە ، ئەگەر زیندوبوبێ دەبوایە منی منداڵ و هەر منداڵێکی تری ئەو ناوە لەو کوشتارگایە دوربخاتەوەو رازی نەبێ تیغی تراژیدیایەکی لەوجۆرە لەجەرگی منداڵ گیرببێ ، ئاخر خۆ تازە سێ پیاوەکە کوژرابون و تەواوبوبون ، بۆچی دەبو منالی زیندو بەر کوژرانی ئەوان بکەوێ و بۆ هەتا هەتایە بمرێ ، تا مردنی دەگاتێ بمرێ !

بەڵێ .. سێ هاوڕێ و هاوکاروانی یەکتر ، بەتەنیشتی یەکترەوە : شان بەشان و لاق بەلاق و برین بەتەنیشتی برین

و وێرانی بەتەنیشتی وێرانییەوە ، بەبێ ئەوەی بتوانن یەك حەرف لەبارەی خۆیان و کارەکەیان و مەترسیەکانی بەردەمیانەوە لەگەڵ یەکتردا بگۆڕنەوە ، ئاخر ئەوە چ نەهامەتییەکە هاتۆتەڕێیان و ڕێگەیان نادا لەم ئەخیر تەنگانەیەی ژیانیاندا لەبەینی خۆیاندا تەگبیرێك بکەن کە : چۆن مەیتەکانیان بگاتەوە دەستی کەسوکارو ماڵ و مناڵیان ؟

دەبوایە مردن فرسەتی بدایە : کەسی مردو لەکۆتاییدا دەقیقەیەکی هەبێ بۆ گەیاندنی هەواڵی مردنی خۆی بەکەسوکاری!

سێ پیاو : یەکێکیان فیشەك بەتوندی چاوی پێکابو ، هەر سێکیان بەجلی مەزڵومی کوردییەوە ، بەنوتقی بێنوتقی کوردییەوە ، بەداخ و کەسەرێکی زۆری ئەودیوییەوە (ئێرانییەوە!) ، بەجامانەو ڕەنگوڕوی زەردی خوێنتیانەماوەوە ...

ڕەنگە من ئەوسا وامزانیبێ ئەوانە خۆیان هەر لەسەرەتاوە بەچاوی هەڵکۆڵراو و جەستەی لەکەڵککەوتوەوە هاتونەتە دنیاوە ، لەزگماکەوە بەراکشاوی لەحەوشەی مزگەوتدا پەیدابون ! ئەگەرنا چۆن توانیومە تەماشایان بکەم و بشزانم کوژراون ؟

سێ وڵاغاری کوردی کوژراو بەگوللەی ڕژێمی بەعس (یان گوللەی ڕژێمی تر) ، فڕێدراو لەحەوشەی مزگەوتێکدا ، بەبەرچاوی منداڵێکەوە کە دەبو ئاخری قەڵەمێك پەیداکات و ئەم تراژیدیایەی پێ وەربگێڕێتە سەر زمانی شیعر ...

..............................

# کچەچکۆلەی گەڕەك

زستانی ساڵی1982 زستانێکی سەخت بو ، سلێمانی ، بەتایبەتی گەڕەکەکانی سەرەوە ، وەکو تویمەلیك و هەوارەبەرزەو ئەوانیتر ، زۆر بەتوندی کەوتنە بەر گورزی بەفرو سەرما ، ئێمە هەموی چەند مانگێکبو لەقەڵاچوالانەوە (بەدوای شەهیدبونی دایکمدا) ماڵمان هێنابوە سلێمانی و لەهەوارەبەرزە گیرسابوینەوە .

خەڵکی ئەوسای هەوارەبەرزە دو جۆربون :

ئەو ماڵانەیان کە کەوتبونە دەستی ڕۆژهەڵاتی ئەپارتمانی تایتانیکی ئێستا (بەری گەڕەکی خانوەقوڕەکان) ، بەزۆری شارباژێڕی و بەگشتیش دێهاتیبون : هینی دێهاتی پشت چوارتاو لای سیوەیل و ماوەت و هتد .

ئەو ماڵانەشیان کە کەوتبونە دەستی ڕۆژئاوای ئەپارتمانی تایتانیك (بەری گەڕەکی تویمەلیك) ، زۆرتر وەکو شارنشین و خەڵکی ئەسڵی سلێمانی خۆیان پیشان دەدا ، ئەگەرچی ئەوانیش لادێییان تیابو ، بەڵام جیاوازییان لەگەڵ لادێییەکانی بەرەکەی تری هەوارەبەرزە لەوەدابو زوتر هاتبونە شار ، یان لەسەرو سیماو ئاستی بژێویدا دەچونەوە سەر خەڵکی شارو ئاسانبو وەکو خەڵکی شار خۆیان پیشان بدەن و بژین .. ماڵی ئێمە کەوتبوە بەری گەڕەکی خانوەقوڕەکان .

لەساڵی1982 ەوە تائێستا خانوی ئەمبەرو ئەوبەری جادەی هەوارەبەرزە لەکڕین و فرۆشتندا نرخیان جیاوازە : خانویەك بەهەمان مواسەفات لەبەرێکیان نرخێکی هەیە ، لەبەرەکەی تریان نرخێکیتر ، لەسەری سەرەوەی هەوارەبەرزەوە بیگرە بۆ خواری خوارەوە (تا سەر سیمەترییەکە کە ئیتر سنوری هەوارەبەرزە کۆتایی دێ) هەروابوەو هەروایە ، ڕەنگە بەهۆی ئەوەوەبوبێ خانوی دکتۆرەکان (مامۆستای زانکۆو پزیشك) دەکەوتنە بەری تویمەلیك ، بەڵام بەری خانوەقوڕەکان خەڵکی سەر بەو توێژە کۆمەڵایەتییەی تێدا نەگیرسابۆوە ، روبەرێکی کەمی نەبێ کە دەکەوتە خوار چاخانەکەی مامەقالەوە (ماڵە موهەندیسەکانی پێدەگوترا) ، خەڵکی ئەو روبەرە کەمەش توانیبویان جیاوازیی نێوان خۆیان و خەڵکی غەیری خۆیان ڕابگرن ، هەروەها جیاوازیی نرخی خانوەکانیشیان بەروارد بەنرخی خانوی خەڵکەکەی تر .

ساردو سەرمای زستانی ساڵی1982 ی سلێمانی سەرلەبەری وەرزەکەی گرتەوە ، ڕۆژێکیان لەکاتی بەفربارینددا ، باوکم لەبازاڕ دوکانی داخستبو بێتەوە بۆ ماڵەوە ، ڕێی ماڵەوەی ونکردبو ، ئەوسا پاس تا لای چاخانەکەی مامە قالە دەهات ، نەدەهاتە سەرترەوە ، دەبوایە ئەوەلای ڕێگاکە بەپێ ببڕی بۆ ماڵەوە ، لەو مەسافەیەدابو باوکم ڕێی هەڵە کردبو ، دواجار ڕێی هێنابۆوە ماڵەوە ، پاش ئەوەی سەرماو بەفر بەباشی کوتیبویان .

من لەوساوە کە تەلەبەی شەشی سەرەتایی بوم ، تا ئێستا کە32 ساڵ بەسەر ئەو زستانەدا تێدەپەڕێ ، سەرمایەکی تری لەوجۆرەم لەسلێمانی هەست پێ نەکردۆتەوە .

بەباشی بیرم نەماوە ئایا زستانی ئەو ساڵەبو ، یان یەك یەك دو زستان دواتر ، روداوێك لەکۆڵانەکەماندا رویدا تا ئێستاش پێوەی دەناڵم :

کچێکی چکۆلەی لادێیی هاوتەمەنم ماڵیان بەرامبەری ماڵمانبو ، زۆر حەزمان بەسەرەتاتکێ دەکرد لەگەڵ یەکتردا ، فێربوبوین ئەمبەراوبەرمان لەیەکتر دەگرت و جاروبار بۆ یەکتری پێدەکەنیین ، عەسرێکی درەنگی زستان بو ، سوچێکی دەرگای حەوشەم خاڵی کردبو ، بەنیازی سەرەتاتکێ لەگەڵ ئەو کچە چکۆلەیەدا ، بێگومان دەبێ بەفر خۆشی کردبێتەوە ...

کاتێکم زانیّ سەیارەیەکی رینۆی17 / تەکسی ، لەسەرەوە بەناو تەنکەبەفرەکەدا داگەڕایە ناو کۆڵانەکەمانەوە ، سەرنشینەکانی هەڕەشەیان لەهەرکەس بەدەرەوەبو کرد ، دەرگای حەوشەیان پیّ پێوەدانەوە ، نازانم کیّ و کیّ بوین ، من لەترسا تەنها خۆمم لەبیرماوە ، کچە چکۆلەیش پێناچیّ لەدەرەوەبوبیّ ...

لەکۆتاییدا زانیم : سەرنشینەکانی ناو رینۆکە پێنج پیاوبون بەجلی مغاویرییەوە ، پیاوی رژێمی بەعس بون ، رێك هەڵیانکوتابوە سەرماڵی کچەبچکۆلەکە ، کاتیّ بوار بۆ خەڵکی کۆڵان رەخسا بچن بەدەم ماڵە دراوسێوە ، ئەوان کاری خۆیان تەواو کردبو و رۆیشتبون .

ژنی کۆڵان کە خۆیان کردبو بەماڵە دراوسێدا ، بەچاوی خۆیان کچە بچکۆلەیان بەهەتك کراوی بینیبو (زیاتری لەسەر نارۆم لە چ حاڵێکدا دیبویان) .

مغاویرەکانی بەعس ، لەکاتێکدا باقیی ئەندامانی خێزانیان لەژورێکیتر پەستابو ، چاوی برا گەورەی17 /18 ساڵەیان بەستبۆوە ، کچەچکۆلەشیان بردبوە شوێنێکیتری ماڵەکەو کاری خۆیان لەگەڵ کردبو .

لەکۆتاییدا دایك و باوکی کچەبچکۆلە مناڵەکەی خۆیانیان بردبو بۆ خەستەخانە بۆ فەحس ، دەرکەوتبو کچێنی کچەچکۆلە سەلامەتبوە ، واتە خوێڕیەکان حەزەری خۆیانیان لەئەنجامدانی نامەردیەکەیاندا وەرگرتبو .

من ئێستاش کە دەچمەوە هەوارەبەرزەو ئەو کۆڵانەی هەوارەبەرزە ، بەرلەوەی ئازاری بێدایکیی ئەوسام و نەهامەتیە زۆرەکانی ئەو ڕێگا دورە پڕ لەکوێرەوەرییەم بیربێتەوە ، کارەساتی بەگیرهێنانی زۆرەملێیانەی کچەچکۆلەو دڕندەیی بێسنوری رژێمی بەعس و ترسناکیی سەردەمی حوکمڕانیی بەعسم بیردێتەوە .

.........................

# پۆستاڵی سەربازو ئەدیداسی پێشمەرگە

پێنجوێنی سەردەمی شەڕی ئێران - ئێراق شوێنێکی تا بڵێی خەمناك و ترسناك بو ، بەتایبەتی بۆ منالّێ لەتەمەنی مندا ، ئێمە تا ناوەڕاستی ساڵی1981 بەرگەی ئەو هەمو خەمناکی و ترسناکییەمان گرت ، بەلاّم دواجار ، رۆژێکی یەکێك لەمانگەکانی هاوینی ئەو ساڵە ، بەناو گیڤەو زرمەی تۆپی دورهاوێژی نزیککوژدا ، بەرەو دێهاتی بەینی پێنجوێن - شاربازێر تێمانتەقاند ، شریخەی تەیارەو گیڤەی تۆپ ، هەرچی عەقلّە لەسەری مندا نەیانهێشتبو ، نەمدەزانی لەرۆژی وادا ناکرێ ئەندامانی خانەوادە لێکداببڕێن و ئاگایان لەیەکتر نەمێنێ ، بەتاقی تەنیا رامکرد ، نازانم پێلاّوم لەپێدابوە یان نەء ، تەنها دەزانم جلم لەبەردابوە ، بەلاّم بیرم نەماوە جلی مالّەوە یان جلی دەرەوە ، ئەسڵەن نازانم لەناو ئەو ئاگرباران و بەرەی جەنگەدا کە هەمو رۆژێکی هەر وەکو یەکبو ، جلی مالّ و جلی دەر لەیەکتر جیاکراونەتەوە یان نەء !

مالّی ئێمە سێیەم یان چوارەم مالّی ریزەمالّێکبو لەو بەشەی پێنجوێن کە سەردەمی ئەوسا پێی دەگوترا مجەمەعەکەو ئێستا پێی دەگوترێ : خوارەوە (واتە : پێنجوێنی خوارەوە) ، مزگەوتێك بەرامبەر ریزەمالّەکەبو ، دۆشکەیەکی فرەلولە بۆ بەرەنگاربونەوەی تەیارەی ئێرانی ، لەسەری ئەو رێزەمالّەدا نەصب کرابو (سێ چوار مالّ سەروی مالّی ئێمە) ، ئەم دۆشکەیە ئەوەندەیتر کۆلاّنەکەی تێکدابو ، لەوانەیە دراوسێیەتیی بەینی عەدەد دۆشکەکان و خەڵکی ئەوسای کۆلاّنەکەمان بەو دەست و دڵە سادەیەوە کە هەیانبو ، زۆر دۆستانە چوبێتەسەر ، بەلاّم دۆشکەکەیان ئارامیی من و خوشك و براکانم و منالاّنی کۆلاّنەکەمانی بەتەواوی تێکدابو ، وادێتە بەرزەینم خەڵکی گەڕەك تەکلیفیان لێکردبون لەناچاریی تەواو ناچاریدا نەبێ دەست لەتەیارە نەکەنەوە ، بۆ ئەوەی بەیەکجاری لێمان نەقەومێ ، واش دێتە خەیالّم عەدەد دۆشکەکان تەکلیفەکەی خەڵکی گەڕەکیان لەگوێگرتبو ، زۆر دەستیان لەتەیارە نەدەکردەوە ، بەلاّم بیرم نایەت خۆیان و دۆشکەکەیان لەکەیەوە لەوێدا رۆنرابون و تاکەی لەوێدا هێلرانەوە .

بیرمە ئێواران ئەگەر لەتەلەفزیۆنەوە سرودی (لبيك يا علم العروبة) دابەزیایە هەر بەتەواوی لەرزم لێدەهات ، لەگەڵ خوشك و براکانمدا رێك فرکەمان دەکرد بۆ کونە تەیارەکە ، تا بەتەواوی دڵنیا نەبوینایە دەنگی تەیارە نایەت نەدەهاتینە دەرەوە ، چونکە تاقیمان کردبۆوە : هەر لەگەڵ ئەو سرودە شەڕانییە دادەبەزی ، یەکسەر بەدوایدا شریخەی تەیارەش پەیدا دەبو ، ناچار دەبوین بەخاووخێزانەوە بکشێین بۆ کونەتەیارە چکۆلەکە ، بەجارێ نوقمی خەم و دڵەڕاوکێ دەبوین .

پێنجوێنم لەدۆخێکی ئاوەهادا جێهێشت ، بەڕاکردن ، بەتاقی تەنیا ، بەبێ باوك و دایك و خوشك و براو هاودەم ، بەبێ ئەوەی هەواڵی هیچ کەسێکیان بزانم ، لەهەمو ئەو کەسانەی ملی رێیان گرتبوەبەرو رایاندەکرد ، تەنها یەك منالّم لەتەنیشتی خۆمەوە دەناسی ، ناوی رەحیم بو ، تەلەبەبو لەمەکتەبەکەی خۆمان ، هەواڵی کوژرانم گوێ لێدەبو ، بەلاّم نەمدەزانی لەبارەی کێوەیە .

گەیشتمە ئاوەدانی ، وابزانم باوکم لەوێ بو ، زۆرم برسیبو ، نانێکی زۆری وشکم کرد بەبابۆڵەو خواردم ، فلیمی سەردەرهێنانەوەو یەککەوتنەوەی باقیی ئەندامانی خێزانم بیر نەماوە ، بەلاّم بیرم ماوە هەر مالّبو لەو هەردو بەردەدا کەپری دروست دەکردو ئۆقرەی دەگرت .

لێرەوە ئیتر دۆستایەتیی نێوان عەسکەری رژێمی بەعس و ئەو چەند مالّە راکردوەی خەڵکی پێنجوێن کۆتایی هات ، گۆڕا بۆ دۆستایەتیی نێوان ئەوان و پێشمەرگە ، خۆشی لەوەدابو زۆربەی پێشمەرگەکان خەڵکی لای خۆمانبون : کاك بەکری حاجی سەفەرو جەمالی حاجی عەزیز (عەزە مڵە) و حەمەی پورم (حەمە بناوەسوتەیی) و هتد ، کاك

بەکر ئەوساش دایمە قوڵی هەڵماڵیبو بۆ زەختگرتن ، چەندجار لەژێر ئەو کەپرانەدا بینیبێتم هەر بەوجۆرە بینیومە ، دڵم چوبوە سەر پێڵاوی ئەدیداس ، لەپێی کاك جەمال و ئەواندا بینیبوم ، زۆر توندوتۆڵ و قایمبو ئیتر دڵم چوبوە سەری ، یان رەنگە بەهۆی راکردنەکەمەوە دڵم چوبێتە سەری ، کاك جەمال هەمو جارێ وەعدی دەدامێ ئەگەر ئەمجارە رێی کەوتەوە ئێرە جوتێکی جوانم لەوانەی خۆی بۆ بێنێ ، کەچی هەر نەیهێنا ، ناهەقی نەبو ، فەقیرانە خۆیان چاوەڕێی دەستی رەفیقێکی وەکو باوکم بون پێڵاویان بۆ بکڕێ ، یان پێنج دینار بکات بەگیرفانیاندا.

.........................



..............................

# بەشی دوەم

..........................................................

# خوشکی پێشمەرگە لەزەمانی بەعسدا

دوایین ساڵی خوێندنی سەرەتاییم لەقوتابخانەی پێشکەوتن تەواو کرد کە دەکەوێتە بەینی گەڕەکی تویمەلیك و هەوارەبەرزە ، دوای ئەوە لەناوەندیی کاوە وەرگیرام .

سەردەمی ئێمە تەلەبەی گەڕەکەکانی سەرەوەی شار کە قۆناغی سەرەتاییان دەبڕی ، یان لەناوەندیی کاوە لەگەڕەکی ئیسکان وەردەگیران کە ناوبانگی ئەوسای باش نەبو (بەتەمەڵخانەو شتی وا ناوی دەرکردبو) یان لەناوەندیی گۆیژە وەردەگیران کە زۆر بەناوبانگبو لەباشێتیی ئاستی مامۆستاو تەلەبەدا .

کامەران حەمەساڵحی بێژەری هەواڵ لەکوردسات ، پاڵەو شالاَوی مامۆستا شێخ سەلاَحی شێخ شەرەف ، هەڵۆی شێرکۆ بێکەس ، هوشیاری شێخ ئەنوەرو چەندین دکتۆرو موهەندیسی ئێستا تەلەبەی کاوەبون لەو سەردەمەی مندا .

مەکتەبی کاوە خۆشبو چونکە نزیکی مەکتەبی ئاشتیی کچانبو ، ناخۆشیشبو چونکە ماڵی تەوارییەك کە بەناوی دایکییەوە ناودەبرا لەو ناوەدابو ، براو شتی لەلایەن پێشمەرگەوە کوژرابو ئیتر دڵی پڕبو ، بەخۆی و جەماعەتەکەیەوە ئەو ناوەیان شلۆق کردبو ، رۆژێکیان هەرلەخۆوە تەقوتۆقیان دەست پێکردبو ، کچێکی هەرزەکاری پیاوێکی ناسراوی شار (تەلەبەی مەکتەبی ئاشتی بو) پێوەبو کوژرا .

ئەو تەوارییە هەندێ گرفتاریی بۆ ئێمەش دروست کرد :

ساڵی1987 بو ، کچی پورێکم تازە پێدەگەیشت ، دو برای پێشمەرگەبون ، دایك و باوکی دەترسان بکەوێتە دەستی حیزبی بەعس ، کردبویان بەماڵی ئێمەدا بۆ ئەوەی ونیکەن ، کابرایەکیش کە لەڕێی ژنەکەیەوە خزممانە ، بەم شتەی زانیبو ، زانیبویشی چەند تاکێك لەقاڵیەکانی ژێر خۆمانمان فرۆشتوە ، چوبو لەگەڵ تەواریەکەی لای مەکتەبی کاوە رێکەوتبو بیهێنێتە سەر ماڵمان ، یان پارەی قاڵیەکانیان بدەینێ یان خوشکی پێشمەرگە .

رەنگە زۆربەتان بزانن پێنجوێنی نییە حەز لەقاڵیی ئێرانی نەکات ، ئێمە هەمیشە وەکو هەر پێنجوێنییەکیتر قاڵیمان هەبوە ، ئەو ماوەیە باوکم چەند تاکێکی لێ فرۆشتبون (وابزانم ئیشی بەپارەکەیان هەبو) ، کابرای خزم بەهەردو ئیشەکەمانی زانیبو (فرۆشتنی قاڵیەکان و پەنادانی خوشکی پێشمەرگە) لەبەرئەوە تەگبیرێکی زۆر باشی بۆ کابرای تەواری کردبو .

تەواری بەخۆی و جەماعەتەکەیەوە ئێوارەیەك هەڵیکوتایە سەرماڵمان لەخوار سەدەکەوە (بەهۆی کرێچێتییەوە ئەو ماوەیە ماڵمان کەوتبوە ئەو گەڕەکە) ، داوای3000 دینارو دەمانچەیەکی دەکرد ، یان بردنی خوشکی پێشمەرگەکە .

من تەمەنم16 ساڵێك دەبو ، برایەکی تەواریەکە کە هەر لەمەکتەبی کاوە تەلەبەبو ، لەناو جەماعەتەکەدابو ، دەمناسییەوە ، ناوم هێنا بۆ ئەوەی بەعەقڵی سادەی ئەوسام بیخەمە رودەربایسییەوە ، بەڵام هەر ئەوەندەی ناوم هێناو وتم تۆ کاك فلاَن نییت ؟ تەلەبەی کاوە ؟ ئەو یەکسەر زللەیەکی ئاگرینی سرەواندە بناگوێم .. ئیتر لەوەدا نەمام گفتوگۆی ناو ئەو هەراو غەڵبەغەڵبە ببیسم ، داواو مەتاڵیبی تەواریەکەشم لەزمانی باوکمەوە بەرگوێ کەوتۆتەوە .

باوکم چاوی بەسترایەوە ، سوار سەیارەی تەواری کراو برا ، لەو کاتەدا فرسەتم هێنا هەندێ پەڕەو مەرەم هەبون بەقاچاخ حساب دەکران ، تەنانەت تەسکەرەکەی دایکیشم ، ئەگەرچی لەسەر زەوی و ژێر ئاسمان تەنها یەك وێنەی دایکمان هەبو ئەویش ئەوەبو کە بەتەسکەرە چوارگۆشەقرتێنراوەکەیەوەبو ، هەمویانمان خنییە تونی

حەمامەکەو ئاگرمان پێوەنان ، لەپاش نازانم چەندێك تەواریەکان باوکمیان هێنایەوە ، لەگەڵی رێککەوتبون 800 دینار پارەیان لەژورەوە پێ هێنایە حەوشە ، پارەیان بردو خوشکی پێشمەرگەیان نەبرد ، باشبو دوای ئەوان فریای تەسکەرەکەی دایکم کەوتم ، هەندێکی سوتابو ، وێنەکەی هیچی لێنەهاتبو ، ئێستاش شوێنی سوتاویەکەی ئەوسا بەچوارگوێچکە قرتاوەکەیەوە ماوە (دائیرەی نفوس لەو سەردەمەدا چوارگوێی تەسکەرەی کەسی مردوی دەقرتاندو تەسلیمی خاوەنی دەکردەوە ، نازانم بۆ ئێستا) .

..............................

# من هەر لەمناڵییەوە ئاژاوەگێڕبوم

من بوم ، باوکم بو ، باجیم بو ... لەجادەی برایمپاشا ، نزیکی مزگەوتی سەلاحەدین ، ساڵی 1983 ، نازانم دەچوین بۆ ماڵی بابەگەورە (باوکی باجیم) یان لەوێ بوین و دەهاتینەوە بۆ ماڵی خۆمان ، باجیم ئەگەرچی خەفەتی شوی پێشوی و مناڵەکانی ئەوێی هێشتا بەری نەدابو ، کەچی وایش لەژێر عەبا رەشەکەیەوە گەنج دەهاتە بەرچاو ، جۆرە جوانییەکی تایبەت بەخۆیی تێدابو ، بەلام جوانیی باوکم ئاشکراتربو ، چونکە بەهیچ جۆرێ نە ئەو دەقەیەو نە رۆژگاری دوای ئەوە ، گرفتاری رابردوی خۆی نەبو ، ئەو (پاش شەهیدبونی دایکم و سەرلەنوێ تێهەڵچونەوە لەژیانی ژن و مێردایەتی) بێئەندازە دڵخۆشبو ، زۆرگوناح بو ، دەتگوت لەوەوبەر هەرگیز بەسەر زەوییەوە نەبوەو یەکەمجاریەتی خۆی بەسەر پشتی زەوییەوە دەبینێ ، وا دەهاتە بەرچاو تازە لەدایك بۆتەوە ، لەهەمانکاتدا زۆر سازشکاربو لەپێناوی سەرخستنی ئەم ژیانە تازەیەیدا ، ئەمەش هەر بەڵگەیە لەسەرئەوەی ئەو زۆر گوناح و داماوبوە ، ئێواران کە لەئیش دەهاتەوە ، بەڕازاندنەوەی سفرەی تایبەت بەخۆی و مریشك برژاندن و ویسکی خواردنەوەی ناو ماڵەوە دەیبردەسەر تا درەنگی شەو ، ئەمە بەرنامەی زۆربەی شەوانی هەفتەی بو ، دور لەچاوی مناڵ ، لەژورێکیتر ، تەنها باجیمی بەدەورەوە دەبو لەژێرباری گرانی ئاڵتوندا ، ئاڵتونەکانی باجیم ئەوکاتەی فرۆشتنی خۆیاندابو لەنزیکەی سێ روبعە کیلۆ ، بێگومان بەڵێنی کڕینەوەیانی لەباوکم وەرگرتبو ئەوسا فرۆشتنی ، چونکە بۆ ئیشی ئەو فرۆشتنی ، درەنگ فرۆشتنی ، هەموی 16/15 ساڵێ لەمەوبەربو ، ئەو رۆژەی سەرجادەی برایمپاشا دەبێ ئاڵتونەکانی پێوەبوبێ ، چونکە هێشتا تازەبوکبو ، تازەبوکی ئەوسایش وازو ئاڵتونیان لەخۆیان نەدەکردەوە ، هەرسێکمان بەتەنیشتی یەکەوە دەڕۆیشتین ، من کتوپڕ سەیرێکی لاجانی باوکمم کرد یەك دو تاڵ موی سپیم تیابینی ، ساویلکانە ، وەکو ئەوەی هەنگم لەکلۆرە داردا دۆزیبێتەوە ، دەرمپەڕاند : باوکە باوکە ئەها موی سپی بەوێتەوە !

باوکە بۆ گوێی لەو قسەیەوە نەبو ، فەقیرە یەکسەر لەجێی خۆیدا وشکبو ، راوەستا ، بەدەمی وشك و ورەی روخاو و تورەییەکی راستەقینەوە رویکردە باجیم (باجیم نەك من !) وتی : فاتم تۆ بڕۆرەوە بۆ ماڵی باوکت (ماڵی باوکی باجیم زۆرنزیکبو لەوێوە) وابزانم ئەم کوڕی ..... نایەڵێ من و تۆ پێکەوە بژیین ! ئەمە بەس خۆم ئەیناسم چ ئاژاوەگێڕێکە !

لەبیرمە من چاوەڕێی پاداشتبوم لەباوکم ، لەپای ئەو چاوتیژییەمدا کە توانیبوم دو سێ تاڵ موی سپی لەناو سەدان تاڵی رەشدا ببینم و کەشفیان بکەم بۆی ! نەك ئەوەی کە رویدا ! بۆیە من لەباوکم خراپتر تاسام ، بەهۆی تاسانمەوە لەکۆی روداوەکە تەنها ئەوەندەیم لەبیرە کە گێڕامەوە ، هیچیتری دوای ئەوەم لەبیر نییە ، تەنانەت بیرم نەماوە باجیم هاتەوە بۆ ماڵی خۆمان یان لەسەر قسەکەی باوکم چو بۆ ماڵی باوکی !

ئێستا کە بیر لەو روداوەو هەندێ وردە روداویتری ئەو سەردەمەی ناو ماڵی خۆمان دەکەمەوە ، زیاتر بەزەییم بەباوکمدا دێتەوە ، باوکم زۆرگوناح بوە ، ئامادەبوە سکی خۆی بدات بەدڕین ، دەست لەئێمە هەڵگرێ ، هەرچی پارەی هەیە بیدات بەئاڵتون بۆ باجیم ، لەپێناوی پاراستن و سەرخستنی ئەو ژیانە تازەیەیدا ، تەنانەت وایلێهاتبو بەتەواوی تەنگی بەباجیشم هەڵچنیبو ئەوەندە غیرەی لێدەکرد ، باجیم بۆ هەر جێیەك بچوایە باوکم بێستونی برامی دەبەست بەدەستیەوە ، نەیدەهێشت بەتەنیا بچێتە ماڵی بابەگەورەیش ، رەنگە غیرەی لەخودی خۆی کردبێ ! سەیر لەوەدایە لەجوانی و شیکیدا زۆر لەسەروی باجیمەوەبو ، باوکم کابرایەکی قۆزی رەنگوڕو رۆشنی تەنگەئەستوری باڵا 175 سانتیمی بو ، باجیم لەچاو ئەودا زۆرکورتبو ، بەلام پێدەچێ گرفتەکەی باوکم لەوەدابوبێ کە لەباجیم

گەورەتربو .
یەکەمجار کە باجیم (بەسفەتی هاوسەری تازەی باوکم) خۆی کرد بەماڵی ئێمەدا ، ئێمە هەمومان ئەبڵەقبوین ، چاوەڕوانی ئەوەبوین باوەژن خۆی بکات بەماڵماندا کەچی ئافرەتێکی گەنجی کورتەباڵا خۆی کرد بەماڵماندا ، پێموایە زۆربەمان پێکەوە وتمان : وەی چەند چکۆلەی ! ئەویش دەتگوت وەڵامی ئەم پرسیارەی لەبەرکردوە ئینجا هاتوە بۆ ماڵی ئێمە ، بەوپەڕی رەوانییەوە گوتی : لیرەش بچوکە ! لەوانەیە هەر بەڕاست وەڵامەکەی لەبەربوبێ و بەهۆی کورتیی باڵایەوە چاوەڕوانی پرسیاری لەوجۆرە بوبێ ، هەرچەند لەڕێی ئەوەدا هەبو چەندین قسەی لەوجۆرە بزانێ و بکا ، چونکە لەڕوی تەمەنەوە زۆر مناڵ نەبو25 ساڵ تەمەنیبو بەپێی تەسکەرەکەی) .
باشە ئەگەر وارێکەوتایە مناڵی باجیم لەیەکەم بینینی باوکمدا قسەیەکی لەوجۆرەیان بدایە بەڕوی باوکمدا کە ئێمە دامان بەڕوی باجیمدا ، چی دەقەوما ؟
بەهەرحاڵ باوکی فەقیرم ئێستا هەرچیی لەدەستبێ بۆ قەرەبوکردنەوەو پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ژیانی ئێمە (بەتایبەتی هی من) ئامادەیە بیکات ، هەر جارێ بمبینێ زۆربەگەرمی هەواڵی مناڵەکانم و خوێندنەکەمم لێدەپرسێ (ئێستا یاسا دەخوێنم و نزیکبومەتەوە لەتەواوکردنی) ، ئێمەیش هەمومان (بەتایبەتی من) ئامادەین هەمشە پێڵاوی بۆ بسڕینەوە ، ئێستایش کەوا رابردوی ئەو دەور دەدەمەوە ، تەنها بۆ ئەوەمە یادگاریەکانی بەزیندویی رابگرم .

.........................

# یەکەم پانتۆڵم

لەباسی باوەڵ و ناو باوەڵدام ، بیرم دەکەوێتەوە (باوەڵ) لەشوێنێکدا پەڕیوەتە ناو شیعرمەوە ، دەگەڕێم ، دەیدۆزمەوە ، ئەوەتا دۆزیمەوە :

باوەڵێکی بۆنخۆش لەکەلەبەرێکدا

خوێنەوارێکی لادێیی هەرزەکار پڕی کردبێ

لەدەفتەری جۆراوجۆرو لەجافی رەنگاورەنگ

ئێمە لەبناوەسوتە باوەڵمان هەبو ، دەزانم ، بەڵام نازانم چەند دانەو لە چ رەنگێك و لە چ ژورێکدا !؟ لەهەمو دێهاتی کوردستاندا وابوە : گەورەکانی ماڵ هەریەکە باوەڵی خۆیانیان هەبوە ، هەریەکە قوفڵێکی چکۆلەشیان لەباوەڵی خۆیان داوە ، لەپاڵ جلوبەرگدا ، نهێنیی خۆیانیان تێدا پاراستوە .
بەڵام نەمدیوە باوەڵ بۆ هەڵگرتنی دەفتەرو جافی ڕەنگاوڕەنگ بەکاربهێنرێ ، ئەوەی ناو شیعرەکە کردەی خەیاڵە ، لەو خەیاڵسازییەدا پشتم بەستوە بەوێنەکی تری باوەڵ و هەرزەکار ...

هەرزەکارەکە جەلالی پورمە :
نازانم ماڵیان کەوتبوە کوێی بناوەسوتەوە ، خانویان چ رەنگ بو ، چۆن بو ، ناشزانم ئایا باوەڵی هەبوە یان نەء ، بەڵام ئەگەر هەیبوبێ ئەوا پڕی کردوە لەدەفتەرو جافی رەنگاوڕەنگ ، ئەو کە زەحمەتی زۆری دابێتە بەر خۆی : لەبناوەسوتەو پێنجوێنەوە چوبێ بۆ سلێمانی بۆ خوێندن ، لەسلێمانی لەماڵی خزم و ئەم و ئەو بەداماوی بردبێتیە سەر ، خزم و کەسوکاری دێ بەمەلا جەلال ناویان بردبێ ، دەی حەتمەن ئەگەر باوەڵی هەبوبێ هەر بەکاری هێناوە بۆ قایمکردنی دەفتەرو جافی رەنگاوڕەنگ ، مەلای دێنشین باوەڵی بۆ چ شتێکیتر پێویستە ؟

باوەڵەکەیش باوەڵەکەی باوکمە :
پڕی بو لەشارستۆن ، لەژێریاندا بوتڵە ویسکی و بوتڵە عارەقی دەشاردەوە ، قوفڵی دەداو کلیلی لەگیرفانی خۆیدا هەڵدەگرت ، بێگومان ئەم وێنەیەی وا وردە وردە لێرەدا دەیخەمەڕو ، وێنەی یەکەم نییە ، وێنەی یەکەم لەزەینمدا بەو ئەندازەیە رون نییە کە لێرەدا دەردەکەوێ ، دەکرێ بگوترێ ئەم وێنەیە وێنەیەکی کۆلاجکراوە لەوێنەی یەکەم و کۆپیی وێنەی یەکەم کە دواتر لەزەینم چەسپیوە .
بیرمدێ (وەکو خەون نا ، بەڵکو وەکو خەون لەخەوندا) جارێکیان دایکم دەستی گەیشتبوە باوەڵ ، جا نازانم کلیلی دەسکەوتوە یان قوفڵی شکاندوە ، بۆتڵە مەشروبی دۆزیبۆوە ، دەریهێنابو شکاندبوی ، دەبێ بەدوای ئەو روداوەدابوبێ (یان لەوانەیە پێش ئەو روداوە) باوەڵەکەی باوکم تەنك کراوەو هەندێ پانتۆڵی لێبەخشراوە .
باوکم ئەگەر ئەوساش وەکو ئە15 /20 ساڵەی رابردو بوبێ ، ئەوا شارستۆن و شتی وای تەنها بۆ بەغدا پێویست بوە ، بۆ سلێمانیش پێویستی نەبوە ، بناوەسوتەو پێنجوێن ئەوە هەر هیچ ، کەواتە چی لەو هەمو شارستۆن و پانتۆڵە بکات ؟ لەولایشەوە جەلالی پورم تەلەبەبوە لەشاران ، بۆچی هەندێکی لێ نەبەخشێ بەو ، دەی رێك وایان کردوە : چەندین پانتۆڵیان لێ بەخشیوە بەمەلا جەلال .
کەچی ئەو باوکە شارستۆنزۆرە کە خۆی شارستۆنی دەبەخشییە خوشکەزاو منداڵی خەڵك ، فەرەیدونی کوڕی دامابو بۆ دایك و باوکێك ئامادەیکات بۆ قۆناغگۆڕکێ (لەسەرەتاییەوە بۆ ناوەندی) ، کەس نەیبردم بۆ بازاڕ

پانتۆڵێکم بۆ بکڕێ ، پانتۆڵێکی گەورەی دەڵبیان بۆ پەیدا کردم لەماڵی بابەگەورە (باوکی باجیم) ، بەپێمەوە نەدەوەستا ، کچانەشبو ، هینی خوشکێکی باجیم بو ، رەنگە ئەویش درابێتیە ، وابزانم ماوەیەك دوای ئەوەی دەرکەوت بەپێمەوە ناوەستێ ئینجا ئیتر پانتۆڵیان بۆ کڕیم ، ئەو سەردەمە ، بەشێکی زۆری منداڵ بۆ یەکەمجار لەسەرەتای قۆناغی ناوەندیدا پانتۆڵیان دەکردەپێ ، هەستێکی سەیر دایدەگرتن ، هەستی من لەهینی زۆربەیان سەیرتربو .

زۆرینەی منداڵی ئەوسای گەڕەکی ئێمە (هەوارەبەرزە) بەزەحمت و زۆری دایك و باوك و مامۆستا پانتۆڵیان لەپێدەکرد ، شەرمیان دەکرد بەپانتۆڵەوە ببینرێن ، شەرواڵێکیان بەسەر پانتۆڵەکەدا هەڵدەکێشا ، کە دەگەیشتنە بەر مەکتەب ئەوسا شەرواڵیان دادەکەندو پاتۆڵیان دەخستەڕو ، جا وەرە منداڵی ئەو سەردەمەی هەوارەبەرزە بوبی و ئەوە وەزعی پانتۆڵت بوبێ ، چۆن روت هاتبێ لەپێیکەیت و پێوەی بچی بۆ مەکتەب !

..............................

# تاقانەی دوەم

یەکەمجارمبو بوێرم سەری ئەرێ لەئاست پێشنیارێکی لەوجۆرەدا بلەقێنم ، وتی : دایکم لەماڵ نییە ، ئەیکرپین و ئەیبەین لەماڵی خۆمان ئەیخۆینەوە ! منیش وتم : باش!
هەرزەکارێکی ژیرو ئێسك سوك بو ، لەناو خزم و کەسوکاردا بێئەندازە خۆشدەویسترا ، رەنگە بەهۆی ئەوەوە بوبێ تاقانەی دایك و باوکیبو ، تەنانەت تا ئەو کاتەش (ژنێکی هاودێیی خۆیان ، لەسەرچنار بوبونەوە بەدراوسێ) حسابی نێرینەی بۆ نەدەکرد ، هاتبو لەماڵی ئەمان خۆی شۆردبو ، گوێی نەدابو ، دەرگای حەمامی بەبەرچاوی ئەمەوە خستبوە سەر پشت ، رەنگە لەتاو گەرما وایکردبێ !
خۆی بۆی گێڕامەوە ، وتی : هەمو گیانی دادە (......)م لەحەمامەکەی خۆمانا بینیوە !
وردەکاریی کرپنی بیرەکانم لەبیر نەماوە ، بەڵام بیرمە لەتەنیشتی خۆمانەوە دامنانابون ، ناوبەناو بەقێزو بێزو ترس و لەرزێکی زۆرەوە دەماننان بەسەرمانەوە ، من ئەوە یەکەمجارمبو لەژیانمدا دەم بۆ بیرە ببەم ، وابزانم ئەویش هەر یەکەمجاری بو ، لە سێ بیرەکەی کە کرپیبومانن من دانەیەکیانم گرتبو بەدەستمەوە بەڵام هەر بۆم تەواو نەدەکرا ، زۆر بەلامەوە ناخۆش و بێکەڵکبو ، پێموایە گەرمبوبێ بۆیە ئەوەندە ناخۆشبو ، رەنگە هەر ئەسڵەن نەمانزانیبێ بیرە بەساردی دەخورێتەوە ، بەڵام ئەو بیرەی خۆی تەواو کرد ، بیرە ناوکۆییەکەیشی گرت بەدەستیەوەو نیوەی ئەویشی خواردەوە ، ئای ئەگەر دایکی یان باوکی دەهاتەوە بەسەردا ، بەس خۆم دەمزانی چی دەقەوما .
دایکی ئەو خوشکی بچوکی باوکم بو ، ژنی کردبو بۆ باوکم ، بەڵام باوکم ماوەیەکی زۆر کەم لەگەڵ باجبەهاکەی ئەودا ژیاوە ، هەر زو تەڵاقیداوە ، کەچی پورم تا ئەمڕۆیش سەری ناوە بەسەری مێردی خۆیەوە ، بەجوتە لەگەڵ مێردەکەیدا چاوی خۆیانیان داوەتە دەست شەکرەو زەخت و تەنیایی ، زۆر بەکەمی رێدەکەوێ دڵیان بە کەسێ شتێ بکرێتەوە ، کەمێك دڵیان بەبەیانی خوشکم دەکرایەوە لەبەرئەوەی بەخێویان کردبو (کە دایکم شەهیدبو ماڵی ئەم پورەم بەیانیان بۆ ماوەیەك گرتەخۆ تا تۆزێ هاتەوە هۆش خۆی ) بەیانیش کەوتۆتە غەریبایەتی ، لەهەمومان دورە نەك هەر لەوان .
من و تاقە کوڕەکەی پورم (خالید / تاقانەی دوەمی باوکی !) زۆر یەکترمان خۆشدەویست ، زۆر هۆگری یەکتر بوین ، ئەو دو ساڵ لە من گەورەتربو ، وازی لەخوێندن هێنابو ، وابزانم یەك دو هەفتەبو جاشوەرەقەبو (رەنگە زۆرکەس بیری مابێ جاشوەرەقە یانی چی) ، بۆیە دەیتوانی خەریکی بەقاڵیەکەیبێ ، لەگەڵ کوڕی پورێکیترم (ناوی جەلال بو) پێکەوە بەشەریکی لەسەر یەك عەرەبانە خەریکی بەقاڵی بون ، جەلال چەند ساڵێ لەخالید گەورەتربو ، چەند ساڵێکیش بو خوێندنی تەواو کردبو ، ئەویش لەو ماوەیەدا بەناچاری جاشوەرەقەبو .
دەمەو عەسری رۆژی 7 / 9 /1987 پێکەوە لەلای عەرەبانەکەیان لەنزیکی صابونکەران راوەستابوین ، کاتێ دەکەوتینە یەك تا درەنگ پێکەوە دەماینەوە ، بەڵام ئەو رۆژە زۆر زو لێیان جیابومەوە ، رەنگە بەهۆی بێکەڵکی و ناخۆشیی شارەوە بوبێ ، شار ئەو ماوەیە زۆر ناخۆشبو ، هەر لەپەسا ئێران بەتۆپی دورهاوێژ دایدەگرتەوە ، خالیدو جەلالم بەجێهێشت بەڵام هێشتا لەبازاڕبوم ، کتوپڕ گیڤەو شڵپە هەستاو تۆپباران دەستی پێکردەوە ، هەر خەڵکبو دەیقوچاند بەرەو ژێرزەمینی شوققەکانی ئەوقاف ، منیش خۆم گەیاندە ئەوێ ، تۆپباران بەردەوامبو ، خۆکوتانە ژورەوەی خەڵکیش بۆ ژێرزەمینەکە بەردەوامبو ، گوێم لێبو باسی کوژرانی خالید ناوێك و جەلال ناوێك دەکرا ، دەیانگوت تۆپێك گرگڕ هاتوە رێك لەسەر سەریان نیشتۆتەوە ! هەواڵەکە راستبو : لەکاتێکدا خەریکی تاووتوێکردنی میوە بوبون ، تۆپێك تەپی دابوە سەریان ، لەبەردەم دوکانێکی چکۆلەی پەڕپوتدا لەناو کۆڵانێکی

سابونکەران ، بەکرێیان گرتبو بۆ عەرەبانەو سندوقەکانیان .
بەمشێوەیە لەیەك دەقەو سەعاتدا ، بەیەك هۆکار ، ماڵی دو خوشکی باوکم سەرگەردانبون ، ماڵی خالید بەیەکجاری ئەولادی تیا نەما ، ئەوە دوەم تاقانەی باوکی بو بەبەرچاوی باوکیەوە بنێژرێ ، مام حەمەمینی باوکی ، پێش پوری من ژنێکیتری هەبوە مردوە ، کوڕێکی18 /19 ساڵەی لەو ژنە هەبوە (بێگومان بەبیری من نایەت) ، کاتێ پورمی خواستوە ئەو کوڕەی بەنەخۆشی تیاچوە ، دوای ئەو روداوە خالیدی لەپورم بوە ، ئەوە خالیدیشیان (هەر لەتەمەنی تاقانەکەی تریدا) بەتورەکە بۆ کۆکردەوە !
ماڵی جەلالیش لەو سەروەختەدا نێرینەی تیا نەما ، دو کوڕی تریان هەبو پێشمەرگەبون ، بەڵام پێشمەرگە لەو شاخ و داخە بەوان چی ، دەی ئینجا کەوتبونە مشوری ونکردن و شاردنەوەی خوشکی پێشمەرگەی بێبرا !

..........................

# بناوەسوتە / ماکۆندۆ

ماڵمان لە (بناوەسوتە) بوە کاتێ بۆ یەکەمینجار دڵم چۆتە سەر کتێب و دەفتەرو قەڵەم ، بیرمە باوکمم هەڵدەپێچا بمبا داخڵمکا لەمەکتەب ، بەڵام چۆنم لەبیرە ؟ چۆن چۆنی هەڵم دەپێچا ؟ بە چ دەستەواژەیەك ؟ ئەمسەرەوسەری ئەو (بیرمە)یە کامەیە ؟ نازانم !

راستیەکەی لەگێڕانەوەی هەر بەسەرهاتێکدا کە رەگی لەخاکی بناوەسوتەدابێ دودڵم لەبەکارهێنانی دەستەواژەی (بیرمە) ، هەندێ وێنەی زۆر لێڵ لەزەینمدا سەیڤ بوە باکگراوندەکەیان بناوەسوتەیە ، بەڵام پێدەچێ سەیڤبونەکە بەهۆی ئەوەوەبێ دواتر کەسوکار بەبەرچاومەوە تاووتوێی کردون ، ئیتر وردە وردە لەزەینم گیربون و ئێستا وادەردەکەون وەکو ئەوەی رەگیان لەبیرەوەریی خۆمدابێ .

یەکێك لەو وێنە زۆر لێڵانە وێنەی چونمە بۆ لای مامۆستایەکی دێ بەنیازی داخڵبون لەمەکتەب (بێگومان دەبێ لەگەڵ باوکمدا چوبێتم) ، مامۆستا بەکتێبێك رازیی کردوم ، داخڵبونەکەمی دواخستوە بۆ ساڵی دواتر ، وتویەتی جارێ منالە ، بەڵام دوای ئەوەم لەبیرە : بەقەڵەم بەردەبومە وێزەی کتێبەکە رەشمدەکردەوە بۆ ئەوەی باوکم حاڵیکەم دەتوانم قەڵەم بگرم بەدەستمەوەو بنوسم ، وەکو فیلمێکی یەك سەعاتیی قەرەباڵغ کە ١ - 2 دەقیقەدا بۆم گێڕدرابێتەوەو هیچی وایم بەبیر نەیەتەوە بیگێڕمەوە ، ئاوا لەبیرمە !

پۆلی یەکم باشتر بەبیردێ ، بیرمدێ مامۆستای کوردی ، رەسمی سێ سەگی بەرزکردبۆوە پیشانی دەداین ، بیریشمدێ تەنها دو مامۆستامان هەبو (عەلی و عومەر) ، عەلی (وابزانم فەیلی و مەندەلاوی و شتی وابو) بیرکاریی پێدەگوتین ، عومەریش کوردیی پێدەگوتین ، بەڵام بیرم نایەت لەبەینی خۆیاندا وانەکانی تریان چۆن دابەشکردبو (ئەگەر وانەی ترمان هەبوبێ !) ، کەمترین سیمای مەکتەبەکەو پۆلەکەشمانم بەبیرنایەت ، بەڵام بیرمدێ عبدالرحمانی فەرەج ئێراقی (دواتر زانیم کاك فەرەج ، ئێرانی بوە نەك ئێراقی) موراقیبی پۆل بو ، ئیستیعدادی وەرگرتبو مامۆستا بێتە ژورەوە ئەمیش بڵێ : هە .... ستن ! میزی دەهات ، نەیدەوێرا بچێ بیکا ، تا مامۆستا هات ئەو میزەکەی کرد بەخۆیدا ، کە مامۆستاش ناردیەوە ، لەماڵەوە بەدایکی وتبو ئاوم رشتوە بەخۆما !

بیرمە جارێکیان دایکم سێ هێلکەی بۆ خستبومە ناو جانتاکەمەوە بیبەم بۆ مامۆستا ، حەمەی سەی عومەر کە هاوپۆلم بو راوینام کەوتم لەناو جانتاکەمدا شکان ، لەوە زیاتری ئەو روداوەشم لەبیر نییە .

بیرمە زۆر زیرەکبوم ، سەری ساڵ و نیوەی ساڵ یەکەمی پۆلبوم ، حەمە رقێکی باشی لێمبو ، گرفتاربوبوم بەدەستیەوە ، لەسلێمانیش لێی دەترسام ، بەتایبەتی کە بینیم بوە بەتەواری .

تەق و تۆقی شەوێکیشم بەبیردێ : لەچاخانەکەی مامەتۆفە بوین ، یان دەچوین بۆ ئەوێ ، یان لەوێ دەهاتینەوە ، نازانم ، هەر کە تەقە دەستی پێکرد باوکم و (کەریم برادەر)ی هاورێی ، هەریەکەیان کردیان بەپەلێکماو غاریاندا ، لەزەوییان برپم ، وەکو بۆق بەدەم حاجی لەقلەقەوە .

ئەمەشم بەبیردێ : دو برا (بایەوەیی بون) وڵاغارییان دەکرد لەبەینی بناوەسوتە / بایەوەدا ، ناویان عەلی و مستەفای عەزەداڵەبو ، پێموایە لەکۆتاییدا کوژران ، زۆر دۆستی باوکم بون ، باوکم بازرگانی قوماشبو ، لەو ساڵانەدا قوماشی سیرا کڕین و فرۆشی زۆری پێوەدەکرا ، عەلی و مستەفا بەهۆی قوماشی سیراوە زو زو رێیان دەکەوتە ماڵمان ، کە هەمو پێکەوە لەدەوری سفرە کۆدەبوینەوە ، دەمبینی جوتەبرا کەوچکێك برنجیان دەخواردو دو

کەوچك فاسۆلیایان دەکرد بەدوایدا ، من ئیتر هەر وەکو ئەوان فاسۆلیاو برنجم دەخوارد ، وابزانم ئێستاش هەروام .

وێنەیەکی تری لێڵ وێنەی حەمیدە چاوشینی دادە جەهانە کە سوتا ، بەڵام رەگی ئەم وێنەیەش بەتەواوی لەخاکی بناوەسوتەدا نییە ، چونکە حەمیدە بەرواڵەتە فەوتاوەکەیەوە سالآنی دواتر لەپێنجوێن بەبەرچاومانەوەبو .
وێنەیەکیتری زۆر زۆر لێڵ وێنەی کۆمەڵێ پێشمەرگەیە بەچەکەوە لەناو دێدا ، هینی ئاخرو ئۆخری شۆڕشی پێشو (شۆڕشی ئەیلول) ، هەر بەدەم ئەم وێنەیەوە گۆشەیەکی زۆر چکۆلەی وێنەیەکیتر بەجێگایەکی چەپەکی زەینمەوە نوساوە : وێنەی تالآنکردنی فرۆشگاکەی ناودێ کە نازانم دەکەوتە کوێی دێوە ؟ رەنگ و رواڵەتی چۆنبو ؟ گوایە دایکی منیش تەنەکەیەکی سەرمۆر نەوتی لێهێناوەو دواتر باوکم ناردویێتی بۆ مزگەوت ، گەورەبوم زانیم فرۆشگای شۆڕش بوە ، بەهۆی نائومێدی و کۆستە گەورەکەوە دەرگای خراوەتە سەر پشت و تالآن کراوە ! دیسان هەر بەدەم وێنەکانی شۆڕشەوە چرپەیەك دێتەوە بەرگوێم : گوایە پێشمەرگەیەکی فەرەیدون ناو ، برنەوەکەی خۆی سپاردوە بەباوکم بۆ من !
دەنگی شیوەن و گریانێکیشم دێتەوەبیر (رەنگە ئەوسا ماڵمان لەپێنجوێن بوبێ نەك لەبناوەسوتە) وەکو بڵێی لەڕادیۆوە بەرزبوبێتەوە ، یان لەدەوروبەرمەوە بەرزبوبێتەوە لەئەنجامی هەواڵێکەوە کە رادیۆ رایگەیاندوە ، لەگەورەییدا زانیم پەیوەندیی بەکۆچی دوایی رابەری شۆڕشەکەوە هەبوە .

بناوەسوتە مارکیزێکی تەواو دەرەقەتی گێڕانەوەی سەربوردەی خۆی و خەڵکەکەی نایەت ، لەو رۆژەوەی راگوێزراوە ، تەنها یەك یان دوجار (ئەویش بۆ پرسە) رێم تێیکەوتۆتەوە ، بەڕاستی حەزناکەم توخنی بکەومەوە ، نامەوێ دەسکاریی وێنەکەی بکەم لەزەینمدا ، هەمو کەسێکی وەکو من پێویستی بەهەڵگرتنی وێنەیەکی سیحری هەیە لەخەیاڵدانی خۆیدا ، با منیش وێنەیەکی دەسکارینەکراوم هەبێ .

.........................

# دو منالّ (باوك و كورِ)

نينۆككەرێكی گرتبو بەدەستيەوە مەشغوڵی پەنجە گەورەی پێی بو ، هەر دەیگوت : ئەها بابە سەیری نینۆکمکە ...
منیش هەر خەریکی تەماشاکردنی خۆی بوم : دەم و لوتی جوانی ، چاوی نارۆشنی ، پاشەڕۆژی نادیاری ...
وتیەوە : ئەبێ هەتا ئەوێ (پەنجەی خستە سەر شوێنێکی نینۆکی) ببیرِم ، زۆر رەق و گەورەیە ...
هەمو هەوڵێکی دەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ تێمگەیەنێ گەورەبوەو گۆڕاوە ، ئەوەتا نینۆکی پێی رەق و گەورە بوەو خۆیشی دەیکا (نەك ئێمە بۆی بکەین) ، دەیزانی شاگەشکە دەبم بەگەورەبونی ، ئەمە ئەوپەڕی خۆشەویستییە لەمناڵێکەوە بۆ باوکی : بیەوێ شتێ بڵێ و بکا کە باوکی خۆشحاڵکات !
کەچی من وەکو ئەوەی دامابم بۆ تۆزە هونەرێ لەو گفتوگۆیەدا بەخەرجی بدەم و دەستم نەکەوێ ، ناهونەرمەندانەو راستەوخۆ لێم پرسی : بابەت خۆش ئەوێ ، ئەوەندەی بابە تۆی خۆش ئەوێ ؟
ئەو گوێی خۆی لەپرسیارەکەم خەواند ، ئیشتیهای وەڵامدانەوەی نەبو ، لەوەتەی دەیناوزێ وایە ، گۆڕینەوەی سۆزو مەحەببەت و گوزارشتکردن لەخۆشەویستی بەو شێوە راستەوخۆیە حەز لێناکات .
من خۆیشم وابوم ، بیرمە لەپۆلی شەشی سەرەتایی بوم لەمەکتەبی پێشکەوتن ، دو هاورێم هەبو ناویان عادل و صەباح بو (خاڵۆزاو پورزاو شتی یەك بون) ، زۆر پێکەوە دەبوین ، چونکە ماڵیشمان (لەهەوارەبەرزە) تاڕادەیەك لەیەکەوە نزیکبو ، هەردوکیان منیان خۆشدەویست و منیش هەردوکیانم خۆشدەویست ، من و صەباح بەهیچ جۆرێ گوزارشتی راستەوخۆمان لەو سۆزو مەحەبەتە منالانەیەی نێوانمان نەدەکرد (هەر بۆیشمان نەدەکرا) ، بەڵام عادل دەیکردو بۆیشی دەکرا (بۆ نمونە ، پێی دەگوتم : بەو خوایە بەقەی برایەکی خۆم خۆشم ئەوێی !) ، بیرمە منیش وەکو ئێستای کوڕەکەی خۆم پشتم لەباس و خواسی وا وەردەگێڕاو ئیشتیهایم نەدەکرد ، لەسەر ئەو بنەمایەبو زۆرتر دڵم بەرەو صەباح دەیبردم تا عادل (عادل ئێستا لەسەروی بەلەدیەکەوە یاریی منالان دەفرۆشێ ، صەباحیش لەمناڵییەوە کە لێکپچڕاوین نەمدیوەتەوە) .
تەبا قسەی بەسەر قسەدا هێناو گوتی : زۆرخۆشە ماڵت لەشوێنێکی چۆڵابێ لەناو باخ و باخاتێکدا ، خەریکی ئیشی باخبی ، سەیارەیەکی شڕەت هەبێ ئیشی شاری پێبکەی ...
دوایی پەشیمان بۆوە وتی : بابە وەڵلا سەیارەکە شڕ نەبێ باشە ، وەهابێ بتوانی ئیشی خۆتی پێ بکەی ...
چەند رۆژێ لەوەوبەربو باسی عیدمیلادی هێنایە ئارا ، خەریکی لێکدانەوەی ئەوەبو چەندی ماوە مانگی تەممموز دابێ و ببێتە نۆ ساڵی تەواو ، وتی : ئەزانی بابە عید میلاد وەکو چی وایە ؟ وەکو ئەوە وایە تا ئەو کاتە بەبیابانێکدا راتکردبێ و گەیشتبێتە شارێکی خۆش و ئیسراحەت بکەی (رەنگە لەیاریی پلەیستەیشنەوە ئەم تەشبیهەی بەخەیاڵدا هاتبێ) ...
وتی : ئێستا وەك ئەوە وایە من هەشت شارم بڕیبێ و خەریکبێ بگەمە شارێکیتر ...
ژمارەی لەسەر شارەکەیتر دانەنا (نەیگوت : شاری نۆیەم) ، بۆ ئەوەی تێنەکەوێ ، ئەو لەژماردنی تەمەنی خۆیدا هەمیشە دانەیەکی زیادەی پێوە دەنێ ، دەشزانێ هەڵەیە ، بەو شێوە ناڕاستەوخۆیە دەیەوێ هەم من دڵخۆشکا هەم خۆی ...
من لەتەمەنی ئەودا بەهیچ جۆرێ خەبەرم لەعید میلادو ژماردنی تەمەن نەبو ، بەڵام ئارەزوی هەندێ شتم دەکرد ، وەکو چۆن ئەو ئارەزوی خانویەك دەکا لەناو باخ و باخاتدا لەشوێنێکی دور ...
بۆ نمونە : هەمیشە لەماڵەوەو لەپۆلدا بیرم لای ئەوەبو پاسێک18 نەفەریی پانوپۆڕم هەبێ ، بەکوشنی پاکو

تەمیزی رەنگینەوە ، مامۆستا کچەکانمی هاتوچۆ پێبکەم : لەماڵی خۆیانەوە بۆ مەکتەب و لەمەکتەبەوە بۆ ماڵی خۆیان ، تەنانەت جێگەی هەمویانم لەناو پاسەکەدا دیاریکردبو ، وام مەزەندە کردبو بتوانن بەئاسودەیی تیایدا دانیشن ، بەڵام بەردەوام جێگۆڕکێم بەمامۆستا سوعاد دەکرد ، مامۆستایەکی مناڵکاری زۆر جوانبو ، ساغ نەدەبومەوە لەکوێدا داینێم .

...............................

# ئاوڕشێن

90 دیناری کردە دەستم (وابزانم کرێی دو مانگی ئیشکردنم بو) وتی : ها ئیتر لەبەیانییەوە مەیەرەوە!
تازە ئیشێکی وای بە من نەمابو ، خانو نەك هەر هەڵسابوە سەرپێ ، بەڵکو بەقەدەر قەڵایەك لەقەڵا سەربازیەکانی ڕژێمی بەعس تۆکمە بوبو ئەوەندەم ئاوڕشێن کردبو ، بەدرێژایی گەرمای ئەو هاوینە من خۆمم هەڵقرچاندو ئەوم فێنك کردەوە ، موزەخەش پەکی بکەوتایە من بەشان ئاوم دەبردە سەرەوە ئاوڕشێنی خۆمم هەر دەکرد .
ئێزنیدام تەنها لەبەرئەوەی سێ دینارو حەوت سەدو پەنجا فلسم لێ دزیبو ، هیچ بیری لەوە نەکردەوە بزانێ بۆچی کارێکی وەهام کردوە .
من ناڵێم زۆر مناڵبوم و نەمدەزانی دزی چییە ، دەمزانی دزی چییە چونکە بچوك نەبوم : دەرچوبوم بۆ دو یان سێی ناوەندی ، بەڵام بەڕاستی شتیتر پاڵی پێوەنام دەست بۆ ئەو کارە ببەم نەك نێتی دزی .
ئەو تا ئەو کاتە هەستی بەبونی من نەدەکرد ، تەنها هەستی بەبونی روداوێك دەکرد بەسەر دەرودیوارو سەقفی خانوەکەیدا دەهات ، روداوی : تۆکمەبون و بەپۆڵابون .
هەمیشە چاوی بەسەر مندا باز پێدەدا بۆ سەر خانوەکەی ، بەبزەو دڵی خۆش و غروری زۆرەوە لەدەرودیوارەکەی ورد دەبۆوە ، دەیگوت : ئەگەر ئەمجارە هاتنەوە پرسییان ئەیفرۆشێ ، پێیان بڵێ : ئا ، ئەیفرۆشێ ، بەڵام بەسەد هەزار دینار !
کاتێ ئەو دزییەم لێکرد ئیتر بینیمی ، خۆزگا هەر نەیبینیمایە ، هەر نەیزانیایە هەم ، ئای بەو ئازارەوە تلامەوە ، تا چەندین ساڵ دوای ئەوەش لەو شوێنەوە رەت نەدەبوم کە دوکانەکەی ئەوی لێبو لەناوبازاڕ (حەلەویات سلێمانی / سەر گۆشەکەی بازاڕی عەسری ، بەرامبەر فلکەکەی بەردەم سەرا) ، تەنانەت کە دوکانەکەشی زایەکردو لەدەستیدا نەما ، من وەکو پەڵەیەکی رەشی سەر تەوێڵم ئەو دوکانەم دەهاتە بەرچاو ، تا چەندین ساڵ دوای ئەوەش بەبینینی ئەو دوکانە برینم دەکولایەوە ، هینی هەر کەس بوبێ و هەر ئیشێکی تێدا کرابێ کە لەوێوە رەتبوم پڕ بەدڵ راچڵەکیوم ، ئێستاش کە لەوێوە رەت دەبم هەندێجار رادەچڵەکێم !
خانوەکەی گرێیەکی وای تیا دروست نەکردم ، چونکە بەبەرچاومەوە نەبو ، مەگەر خۆم بەتایبەتی ، بۆ بەبیرهێنانەوەی دزییەکەی خۆم ، چوبێتم بۆ بینینی ، بێگومان ئەوەشم کرد ، ئەمیش حەکایەتی خۆی هەیە ، هەڵیدەگرم بۆ کاتێکیتر .
من ژمارە نەبوم بەلای ئەوەوە ، بانگی دەکردم وەکو ئەوەی فەرمان بەڕۆبۆت بدا : ئابرۆ ئەوەندە قاپ ئاسکرێممان بۆ بێنە ...
پارەیەکی دەکردە دەستمەوە ، دەچوم ئەوەندە قاپ ئاسکرێمم بۆ دەهێنان ، باقیاتی پارەکەم دەکردەوە چنگی ، ئەویش دانە دانە قاپە ئاسکرێمەکانی دابەشدەکرد بەسەر خێزانەکەیدا (زو زو دەهاتن بۆ تەماشاکردنی خانوەکەیان بۆ ئەوەی بزانن گەیشتۆتە کوێ) ، هیچ جارێ منی حساب نەکردبو ، هیچ جارێ قاپە ئاسکرێمی منی تیا نەبو !
جارێك نەبو ، دوان و سیان نەبو ، زۆر ناخۆشبو ، تۆ بیهێنەرە پێش چاوی خۆت : لەو هاوینە گەرمەدا بچی هەڵتەك هەڵتەك قاپەئاسکرێم بگری بەدەستەوە بۆ ئەو و ژن و مناڵی ئەو ، خۆیشت بەدەست و دەمی ئەواندا بڕوانی ، یان روت نەیەت بڕوانی ، پەنا بەدیوارێك بگری بتشارێتەوە لەچاوی ئەوان ، وەنەبێ کەمتەرخەمییەکم هەبوبێ .

دزیەکە لەکۆتایی هەمو ئەو شتانەدابو :

5 دیناری دامێ ، وتی بچۆ تەنێ چیمەنتۆ لای فلآنکەس بێنە ... فلآنکەس برادەری نزیکی خۆی بو ، پارچە زەوییەکی فراوانی بەدەستەوەبو مەوادی ئینشائیی تێدا خستبو (نازانم بۆ فرۆشتنیبو یان بۆ کردنەوەی زەویەکە) ، سێ چوار کۆلآن لەخانوەکەی ئەمەوە دور بو (بەوبەر ساحەی تەراییەکەی جارانەوە ، نزیکی پردی خەسرەو خاڵی ئێستا) ، چیمەنتۆ بارکراو بردم ، کرێسەیارەی تەنە چیمەتۆکە کردیە دینارو روبعێك ، هاتمەوە ، بڕوام وابو دەکرێ بگوترێ هەر هەمو پێنج دینارەکەم داوە بەکرێی هێنانەوەیدا (بێئەوەی حسابی ڕێگاکە بکەم کە هەموی چەند هەنگاوێك بو) ، کاتێ خاوەنی خانو پرسیاری کرێی سەیارەکەی کرد ، وتم : بەپێنج دینارەکە بۆی هێنامەوە !

لەسەری نەڕۆیشت ،90 دیناری کردە دەستم ، وتی : ها ئیتر لەبەیانییەوە مەیەرەوە !

تا چەند ساڵ لەمەوبەریش خاوەنی ئەو سێ دینارو حەوت سەدو پەنجا فلسەم لەبازاڕدا دەبینی ، کۆڵێ خەجاڵەت دەبوم ، بەڵام لەم ئاخروئۆخرەدا بەتەواوی پەکی کەوتبو ، ئەوەندە نەمدەبینی ، کە دەشمبینی دەمزانی ئەو من نابینێ ، بەئەندازەی جاران تەریق نەدەبومەوە .

..............................

# یەکەم ئافرەتی حەرامم

یەکەمین جار بەبینینی مێینە گرژبوم ماڵمان لەدێی خۆمان بو (بناوەسوتە) : نازەنینم لەبەردەمی خۆمدا بینی ، وەکو کەڵەشێر لەدەوری هەڵسوڕام ، پڕ بەگیانم دەمخواست بازنەی هەڵسوڕانەکە تەسکتر بکەمەوە ، بەری بکەوم ، رەنگە ئەوسا هەردوکمان تەمەنمان6 ساڵ بوبێ .

جارێکیشیان ماڵمان لەپێنجوێنی سەرەوەبو ، تەمەنم هەشت ساڵێك دەبو ، کچێکی بۆکانیی هاوتەمەنی خۆمم رازیکرد بچینە جێیەك جێیەك سەیری شوێنی یەکتر بکەین ، ماڵی هەردولامان ئاوارەو کرێچی بون لەخانویەکی حاجی عەلی کیکنیدا ، بیرم نەماوە نزیکی مزگەوتی پاشابو یان قازی ، ئەوان لەکوردستانی رۆژهەڵاتەوە رایانکردبو ، کوڕێکیان پێشمەرگەی لایەنێکی سیاسیی خۆیان بو ، ئێمەش لەدەست تۆپبارانی بەردەوام ، پێنجوێنی خوارەوەمان جێهێشتبو ، سەرەوەی شارمان گرتبو (ئەو ماوەیە ئێران لولەی تۆپەکانی لەسەر خوارەوە نەدەگواستەوە) .

بیرم نەماوە : ئایا دەرفەت رەخسا لەگەڵ کچە بۆکانی تەگبیرەکەمان جێبەجێکەین یان نەء !

لەقۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا زیاتر هەستم بەم گرژبونە دەکرد ، بەڵام تا لەقۆناغی ناوەندی پەڕیمەوە هەزاران جار راچڵەکیم و گرژبوم ، لەهەردو قۆناغەکەشدا بەسەر یەکەوە ، یەك دنیا رانی سپیی مامۆستای زۆر جوانم بینی لەناو تەنورەی کورتدا ، بەرامبەر خۆم ، لەناو پۆلدا ، هەمو جارێ ئاو دەزایە دڵم ، سەری دەکێشا بۆ شتی تریش ...

یەکەمین ئافرەتی حەرامم لەکۆتایی ساڵی1994 و سەرەتای1995 دا ناسی ، چەندین ساڵ لە من گەورەتربو ، دۆستی باوکم بو ، بەدزیی ئەوەوە منی پەلکێشی لای خۆی کرد ، لەو سەروەختەدا ئێمە زۆر چاك دەستمان لەکەسابەت گیربوبو ، داهاتێکی زۆر باشمان هەبو ، باوکم و خۆم و چەند برایەکم و دو سێ شاگردیشمان لەیەك دوکانی بچکۆلەدا (لەقاتی دوەمی بازاڕی شوان) سەرمان کردبو بەیەکدا ، بەتەنیا خۆمان ، چەندین ئەوەنەی هەندێ لەدراوسێ دوکانەکانی خۆمانمان دەست دەکەوت ، چەند جار دەزگای شەهیدان رێی بکەوتایەتە بەر دوکانەکەمان بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی ، لەچاو زۆربەی دوکاندارەکانی تردا زۆرترین کۆمەکمان دەکرد : هەندێجار هەزار دینارو بەرەوسەرتریشمان دەدایە ، ئەو دەمە هێشتا شەڕی براکوژی هەڵنەگیرسابو ، کوڕەکان دو وێنەی (مام جەلال و کاك مەسعود)یان بەدیواری دوکانەکەوە هەڵواسیبو ، کە شەڕ قەوما تەنها وێنەی مام جەلال بەدیوارەکەوە مایەوە ، وابزانم دواتر ئەویشیان لابرد چونکە پێیان باشبو دوکان دوکانبێ (پیاوی کاسب ئەگەر حیزب کەسابەتی بۆ نەدۆزیبێتەوەو کەسابەتەکەی هینی خۆیبێ حەز ناکات خۆی بئاڵێنێتە ئەو شتانە) .

بەهۆی ئەو کەسابەتە باشەوە (کە دواجار بەئیفلاسبون کۆتایی هات) خەڵکی جۆراوجۆرمان ناسی کە هەریەکە بەشێوەی خۆی دەیویست سودمەند ببێ لێمان ، هاوکاریی بێرپاییانەی زۆر خێزانیشمان کرد کە ئێمە خۆمان چاومان بۆ دەگێڕان و لەدەوروبەری خۆمان دەماندۆزینەوە ، لەو رۆژگارەدابو یەکەمین ئافرەتی حەرامم هاتەڕێ ، مەوعیدمان داناو پیاسەیەکی تویمەلیکمان کرد ، وام هەست دەکرد دەیەوێ بەشێوەی خۆی برێ پارەم لێ بکێشێتەوەو هیچیتر ، هەستی خۆمم لێ نەشاردەوە ، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت بەتەوای راستی دەکرد کە دەیگوت : هیوایەتم تەنها خۆت بو نەك پارە ، تەنها دەمویست رۆژێ دەستم لەتۆ گیرببێ !

هیچ رۆژێ یەك حەرف لەبارەی پارەوە قسەمان نەکرد !

من هەرگیز پارەم لەو پێناوەدا خەرج نەکردوە ، زۆر زۆریشم رق لەپەیوەندیی حەرام بوە ، بەپارە بوبێ یان بەبێ پارە ، بەڵام ئەو سەردەمە تازەکی ژنم تەڵاقدابو ، دەمویست هەڵسمەوە ، ژیانێکی ئاسایی بژیم نەك ژیانەدرۆزنانە ،

ژیانەدرۆزنانە کوشتبومی ، ئایدیالیزم و خەیاڵپەروەری و خۆجەڕاندن لەناو بیروباوەڕی تەحەمولنەکراودا کوشتبومی ، تا ئاخر دەقیقەی پێش ناسینی ئەو ژنە بەهەمو نێرینەیەکی دەوروبەرمدا هەڵدەشاخام ئەگەر لەناو پەیوەندیی حەرامدا بمبینیایە ، بەڵام دوای ئەوە ئیتر خۆم گرتەوە لەو وەعزدادانە .

رستەیەك لەتێکستێکی شیعریی ئەو سەردەمەمدا هەیە دەڵێم : ئەو ماڵە بەدناوانەی کە باوکم سەریان پیا دەکاو ... باوکم سەری بەزۆر ماڵدا دەکرد ، بەماڵی حەرامەکەی منیشدا ، ئەسڵەن حەرامەکەم بەهۆی دۆستایەتیی باوکمەوە منی دۆزیبۆوە ، رۆژێکیان باوکم لەدورەوە دەرکەوت بێت بۆ ماڵیان ، من لەژورەوەبوم لەگەڵیا ، ئاگام لەو روداوە نەبو ، ئەم تێیگەیاندم بەپەلە بڕۆمە دەرەوە ...

بەدرێژایی دۆستایەتیی نێوان من و حەرامەکەم ، هەمو جارێ قسەیەکی حاجی عەبدوڵلای حاجی فەرەجی پێنجوێنیم بیردەکەوتەوە (حاجی عەبدوڵلا کابرایەکی قۆزی چاوشینی باڵابەرزی ئەوروپادیوبو ، دەتگوت جەنەرالی روسییە ، لەکۆنەوە باوکمی دەناسی ، دڵتەڕیش بو وەکو باوکم و دراوسێ دوکانیش بوین) دەیگوت : رۆڵە نەکەن چاڵەکۆنی باوکتان هەڵدەنەوە ...

ئاخری بەقسەیم کردو بەو بیانوە لەگەڵ حەرامەکەمدا تێکمدا ...

..............................

# بازاڕی قاچاخچیەکان

پشتە دەستێکم هێنا بەپاشەڵی نەرمونۆڵیداو گورج روم وەرگێڕا ، هەڵگەڕایەوە یەك زللەی باشی سرەواندە رومەتی کەسێکیتر لەدوایەوە ، رەنگە یەکەمجارمبوبێ دەستم تا شوێنێکی ژنانەی وا چاڵ و تورت بڕوا ، ئێجگار تورت و خۆشبو ، پێم وایە تورکمان و عەرەب و شتی وا بو ، نازانم لەو کاتەدا خۆم فرۆشیاربوم لەبازاڕەکەدا یان وازم لەفرۆشیاری هێنابو ؟

بازاڕی قاچاخچیەکان پڕیبو لەژنە عەرەب و ژنە تورکمان ، لەشارەکانی تری عێراقەوە دەهاتنە ئەوێ بۆ کڕینی جلوبەرگ و وردەو پردەی ئێرانی ، رۆژانە دەیان روداوی لەوجۆرەی تێدا دەقەوما ! هەندێ لەئافرەتە دەستبۆبراوەکان گوێیان دەدا ، هەندێکیشیان باکیان بەپاشەڵ نەبو ، هەر خاوەنیشی نەبون ، بەڵام ئەو خانمە تورتە کەڵەگەتە ئاوای کرد کە کردی ، وابزانم هۆیەکەی ئەوەبو دەستەکە زۆر رۆیشتبو !

فرۆشیاری ناو بازاڕی قاچاخچیەکان بریتی بون لە : پیاوی ریش سپی ، ریش ناسپی ، هەرزەکارو مناڵی سەروخوار .

بازاڕی قاچاخچیەکان بەپیادەڕەوەکەی نێوان بازاڕی شوشەو بازاڕی زێوەر دەگوترا ، ئێستاش هەر وەکو ئەوسا فرۆشیاری بێدوکان کاسبیی تێدا دەکەن ، زۆرجار مەغاویری بەعس هەڵیان دەکوتایە سەری ، تا کۆڵانە تەسکەکانی پشت مزگەوتی گەورە نەدەوەستاینەوە ، لەوێ خۆمان پەنا دەدا تا چۆڵیان دەکرد ، دوبارە خۆمان پێدا دەکردەوە ، دەستمان دەکردەوە بەکاسبیەکەی خۆمان : فرۆشتن و دەستبردن بۆ پاشەڵی ژن ! چ شوێنێکی سەیربو ، رێك وەکو دارستان وابو ، راوگەی مەغاویربو ، دەیاندا بەسەریدا ، گورگئاسا لەچاوگێڕانێکی خێرا بەناو نێچیرەکاندا ، هەر یەکەو نێچیری خۆی دەستنیشان دەکرد ، دەنیشتە سەری ، بەهەمو هێزی خۆیەوە دەپەڕییە کۆڵی و دەینەوی لەکاڵا ، نێچیریش ئەوەندەی بیتوانیایە کاڵای رادەپسکاندو تەسلیمی نەدەکرد ، هەندێ جار لەو روبەڕوبونەوەیەی نێوان گورگ و نێچیردا یەك دو دانە لەکاڵاکان لەدەستی خاوەنەکەی نەدەهاتنە دەرەوەو بەبێوەی دەربازیان دەبو .

مەغاویر نەدەنیشتنە سەر کەسانێ کاڵای سەردەستیان بێنرخترین بو ، بۆ شتی بێنرخ خۆیان تەنگەتاو نەدەکرد ، چونکە وابزانم دەسکەوتەکان بۆ خۆیان بو نەك بۆ حکومەت .. رەنگە ویستبێتیان کاتی مۆڵەتوەرگرتن و دابەزینەوە بۆ ناو کەسوکارو ژن و مناڵیان بەدەست و دیاریی باشەوە بڕۆنەوە .

جارێکیان لەمەکتەب دەهاتمەوە ، وابزانم ئەوسا هەم من دەستم لەو ئیشە کێشابۆوە ، هەم ئیتر بازاڕەکەش ئەو کاسبییەی تێدا نەدەکرا ، مەغاویرم بەم چاوانەی خۆم بینی بەشەق و قۆناغە تفەنگ بەربونە وێزەی کابرایەکی جامانەبەسەری پیری قوڕبەسەر ، چەند لفکەیەکی بەدەستەوەبو دەیفرۆشتن ، بەدیوی ئەسحابەسپیشدا نەك لەناو بازاڕی قاچاخچیەکاندا ، بەڕیشی سپییەوە نایانەژێرو گلۆڵەیان کرد ، ئاگرم تێبەربو ، نەمدەزانی چۆن نەگریم ، چۆن فرمێسکەکانم پەلکێشکەمەوە ناو چاوی هەتککراوم !

بەهەرحاڵ با هەتا لەناو بازاڕی قاچاخچیەکاندام باسی شەراکەتەکەی خۆم و خالیدی پوززام بکەم :

من و خالید ، ماوەیەك لەو کاری قاچاخچێتییەدا شەریکبوین ، وا دێتە بەر زەینم لەماوەی شەراکەتەکەماندا جارێك (تۆ بڵێ دو) فێڵم لێکردبێ ، نایەتەوە خەیاڵم فێڵەکە چۆن چۆنی بوە ، رەنگە شتم فرۆشتبێ بەپارەی زیاتر بەڵام کاتی حسابکردن تەنها پارەی نرخە دیاریکراوەکەم ئاشکراکردبێ .. داخەکەم !

ماوەیەکیش لەبەربەلەدیەکە عەلاگەفرۆشیم کرد ، بیرم نەماوە پێش قاچاخچێتیەکەم بو یان دوای ئەو ، دەچومە بەردەم دوکانی ترشیاتفرۆش و تەعینفرۆشەکان عەلاگەم دەگرتەوە بۆ کڕیار ، یان لێیان دەکڕیم یان لێیان نەدەکڕیم

و رامدەکرد بۆ بەردەم کەسێکیتر : (خاڵە عەلاگە .. پورێ عەلاگە) ...

عەلاگەفرۆشم دەدی ، لەبەردەم دوکانی ترشیاتفرۆشدا بەلای کڕیارەوە خۆی مات دەدا بۆ ئەوەی عەلاگەیەکی لێ بکڕێ ، هەر لەو ماوەی خۆماتدانەدا کتوپڕ دەستی دەکێشا بۆ سەر سینیی تەعینەکە ، ناخونەکی خۆی دەگرت و لەچاوتروکانێکدا دەستی دەکێشایەوە ، کابرای خاوەن دوکان فریا نەدەکەوت بکێشێ بەدەستیدا ، لەوانەیە خۆیشم وام کردبێ بەڵام ئێستا بیرم نەماوە .

ساڵی1989 و ئەو ناوەش ماوەیەك لەتەنیشتی سینەما رەشید (رەشەمۆڵی ئێستا) کتێبفرۆشیم کرد ، کابرایەکی گەنجی عەرەبم تێئالأبو نەمدەزانی چۆن لەکۆڵ خۆمی بکەمەوە ، پێم وایە یەکەمجار بەجلی مەدەنییەوە هاتە لام ، کتێبی هەڵگێڕو وەرگێڕ کردو خۆی لێ نزیك خستمەوە ، دەیوت : پۆلیسم ، ناوم قحطان الواسطیيە ، رۆژانی دواتر زو زو بەرۆکی دەگرتم ، دەیوت : چ کتێبێکت دەوێ لەبارەی (ژیانی مەلا مستەفا !)و هەر کەسێکی ترەوە بۆت پەیدادەکەم ! جارێکیان قاچ و قولی هەڵماڵی پیشانیدام ، جێگەداخ و شتی وای پێوەبو ، بەقسەی خۆی جێگە تەعزیبی حیزبی بەعسبو پێوەی ، کردبوی بەپیشە بەردەوام پەیدا دەبو ، زۆر ناگەهان پەیدا دەبو ، جارێکیان ئاگام لێبو لەوبەرمەوە (بەری ئوتێل مەولەوی و مەیدانەکە) دوراودور چاودێریم دەکا ! جارێکی تریان بینیم بەجلی زەیتونییەوە لەحەوشەی سەراوە دێتە دەرەوە ، ناچار کتێبم هەڕاج کردو دەستم لەکتێبفرۆشیەکەیش هەڵگرت ...

...............................

# کوژرانی دایکم و بەچکە پشیلەیەك

کلکیم دەگرت بەهەمو هێزی خۆم بەسەر دیواری حەوشەدا هەڵمدەدایە دەرەوە ، دەمگوت تەواو ئێستا ئیتر بەتەواوی تاساوە ئەمجارەیان دەرکەوتنەوەی نابێ ، کەچی هەر کەمێ پاش ئەوە بەمیاو میاو خۆی دەکردەوە بەحەوشەدا ، نازانم لەچەندەمین جاردا مرداربۆوە ، پشیلەیەکی سەرسەخت بو ، مناڵبو وەکو خۆم ، بێگەورەبو هەر وەکو خۆم ، من خۆم لەخۆمدا نەبوم ، ئەویش بەرۆکی بەر نەدەدام ، هەر دەهات و دەهاتەوە ، نەمدەتوانی قەبوڵکەم لەحەوشەدا بەبەرچاومەوە بێ و بچێ و خۆیم تێهەڵسوێ ، تا کاتی مرداربونەوەی ئەو ، ماڵمان هێشتا بەرامبەری ئەو رەبیەیەبو کە دایکمی لێوە درایە بەر فیشەك ، بەتەنیشتی ئەو مزگەوتەشەوەبو کە پرسەکەیمان تیا دانا ، پێدەچێ دایکم و بەچکە پشیلەکە لەیەك حەفتەدا کوژرابن !

من کە بینیبوم دایك بەبەرچاوی مناڵیەوە دەکوژرێ ، دەنێژرێ ، مناڵە وردەکانی وەکو بێچوە پشیلە بەرەڵڵای سەر زەوی دەکرێن ، بەلامەوە ئاسانبو (ئاسانێکی سەخت و ناخۆش !) بەچکە پشیلەش وەکو مناڵی دایککوژراوی بەسەربێ : دایك و باوکی بتۆپێنرێ ، خۆی بتۆپێنرێ ، تەپڵی تۆپان بەتایەفەی بکرێ و هتد !

حەوت ساڵێك بەر لەئێستا ویستم بگەڕێمەوە ناو شانۆی هەردو کوژرانەکە : کوژرانی دایکم بەدەستی جەماعەتی رەبیەکەو کوژرانی بەچکە پشیلەکە بەدەستی فەرەیدونی یازدەساڵە ، بەسەیارەیەکی شڕەوە کە هەمانبو لەگەڵ تەباو دایکیدا خۆم کردەوە بەشەمساوادا (دێیەکە لەناو لەقەلاچوالان) : قەبرسان سەوز ، دێ پڕ لەبەچکەمریشك و مراوی ، مزگەوت (لەوە ناچێ چاوم مزگەوتی بینیبێ) ، زۆرم هەوڵدا ئەو ناونیشانەم بەبیر بێتەوە کە خاڵم دیاریی کردبو بۆ ناسینەوەی قەبرەکەی دایکم ، بەڵام هیچ ! بەچکە پشیلەش هەر هیچ !

کاتی شەهیدبونی دایکم نیشانەکردنی قەبرو حسابکردن بۆ ناسینەوەی قەبر لەپاشەڕۆژدا ، بەخەیاڵی مندا نەهات ، ئەگەرچی بەحوکمی ئەوەی کوڕی گەورەی باوکم بوم دەبوایە زۆر شتم بەخەیاڵدابێ ، بەڵام نەهات ، مناڵێکی دراوسێمان لەمزگەوت یەکەم رۆژی پرسەکەی لەتەنیشتمەوە دانیشتبو ، پێی وتم : ئەوە ئەمرۆ 7 / 9 ە بۆ ئەوەی بزانی چ رۆژێك دایکت کوژراوە ... دواتر کە گەورەبوم بەرۆژژمێردا گەڕامەوە دواوە ، دڵنیابومەوە : مناڵەکەی رەفێقم لەمزگەوت راستی پێ وتوم .

زۆر بەباشی ئەو بەروارەم لەدەمی مناڵەکەی مزگەوتەوە وەرگرت ، وەکو ئەوەی بەتەمابوبم لەبەروارێکی دوای ئەو بەروارەدا گەڕانەوەیەك روبداو پێویستبێ بەباشی بەرواری ئەم سەر رابگرم نەوەکو گەڕانەوەکە بکەوێتە درەنگ ، پێویستبێ بەوردی ئاگام لەحەدو حسابی ئەو چون و گەڕانەوەیە هەبێ .

ئەو شەوەی دایکم کوژرا لەتەلەفزیۆنی کەرکوکەوە تەمسیلێکی تەلەفزیۆنی دابەزی ، هێشتا دو سەعات زیاتری مابو دایکم بکوژرێ ، هەمومان پێکەوە دانیشتین بۆ تەماشاکردنی ، دو کەس دەوریان تێدا دەبینی (کە گەورەبوم زانیم ئیسماعیل بەرزنجی و عەباس ژاژڵەیی بون) ، یەکی سەبەتەیەکیان بەکۆڵەوەبو ، هیلاکبون ، برسییانبو ، خواخوایانبو بگەنە ئاوەدانییەك پشویەك بدەن و سکی خۆیان تێرکەن ، کتوپڕ لەدورەوە قەرەباڵغیەکیان بەدی کرد ، لەبەینی خۆیاندا کەوتنە تەگبیر ، وتیان دەچین خۆمانی پیا دەکەین ، جا یان شاییە یان شیوەن ، هەر کامێکیانبێ ژەمەکەی ئێمەی تیا دەبێ ... کە چون بینییان شیوەنبو نەك شایی ... دو سەعاتێك دوای ئەوە لەماڵی ئێمەش بو بەشیوەن ...

دوایین قسەی من لەگەڵ دایکمدا قسە نەبو ، تەنها گوێگرتن بو ، لەترسی تەقوتۆقی شەوانە نەمدەوێرا بچمە ئاودەست بۆ میزکردن ، هەر لەهەیوانەکەوە بەپێوە هەڵمیزیم ، دایکم لەولاترەوە خەریکی دەستنوێژ هەڵگرتنبو ، من

نەمبینیبو ، دەنگیدام وتی : لەنوێژم ئەبەی ....

بەپێی تەقویم ئەو شەوە شەوی پێنج شەممە لەسەر جومعەبو ، وابزانم ناوەڕاستی مانگی رەمەزانبو ، ئەو هەر لەئێوارەوە نیّتی رۆژوی سبەینێی هێنابو .

ئاوا سەری خۆمانمان پاراست ! بەحساب لەپێنجوێن هەڵاتبوین سەرمان لەئاگری شەڕ دەربازکەین !

لەکورتە نۆڤلێتی (چاوەکانی سەرکردەی ئاژگ)دا رستەیەکم لەسەر زاری یەکێك لەکەسەکانی ناو چیرۆکەکەوە دەربڕیوە : بڕۆن بەسەر بەرماڵەوە بمرن !

ئەو کاتەی ئەو رستەیەم نوسی بیرم لای دەقەو سەعات و چۆنیەتیی کوژرانی دایکم بو ...

بەڵام ئێستا بیرم لای کوژرانی بەچکە پشیلەکەیشە ...

..............................

# هەردو باوكەكەم

نايەتەوە بيرم دايكم هانيدابم بۆ ئيشى وا ، بەڵام كە بيرى لێدەكەمەوە بەلامەوە سەيرە لەخۆوە ئيشى وام كردبێ : هەر ئەوەندەى باوكم لەدوكان نەما ، يەكسەر بەربومە چەكمەجە ، يەكەميان دانەخرابو ، رامكێشا ، هيچى واى تيا نەبو ، دەستە باريكەكەمم بەپشتى ئەودا رەوانەى خوارەوە كرد ، چنگم گيربو لەيەك بەستە كارتى خزو لوس ، ئەوەندە زۆربون لەمشتى چكۆلەى مندا جێيان نەدەبۆوە ، هەڵم دەگرتن و لەدەستم بەردەبونەوە ناو شوێنەكەى خۆيان ، كە بەدەستيشمەوە دەهاتن بەبۆشايى چەكمەجەكەدا نەدەهاتن ، بيرم نەماوە چەندم لێدەرهێنان و بەچەندجار دەرمهێنان ، تەماشام كردن : هەر هەمويان رەسمى ژنى جوان بون ، رەش و سپى و رەنگاورەنگ و قەبارەجياواز ، بەجلوبەرگ و دەموچاوى جياوازەوە ، لەهەندێكياندا باوكم بەتەنيشتى ژنەوە دەردەكەوت ، ئيتر نازانم دۆستى بون يان فرۆشيار ! ناشزانم ميانەى لەگەڵ كۆى ژنەكانى ترى ناو رەسمەكان هەبوەو هەمويانى ناسيوە ، يان يەك دو دانەى لێ ناسيون و ئەوانى تريان هونەرمەندو شتى وابون ! پێم وابو سوچى ئەو رەسمانەيە باوكم و دايكم بەيەكەوە هەڵناكەن ، قارەمانێتييەكى مەزن دەبو بتوانم هۆكارى پێكەوە هەڵنەكردنى دايكم و باوكم بدۆزمەوەو لەرەگەوە هەڵيكێشم ، بەڵام بيرم نەماوە لەگەڵ تەگبيرەكەمدا تا كوێ رۆيشتم !

ئەوان تا ئەو كاتە چەندجارێ بەبەرچاوى منەوە لەماڵى رەحمەتى حاجى مەلا هەيبەتوڵڵا دانيشتن لەبارەى تەڵاقەوە قسەيان كرد (تا ئێستايش دڵم گرفتارى ئەو ديمەنانەيە) بيرمە جارێكيان حاجى مەلا هەيبەتوڵڵا داواى شقارتەى دەكرد ، ئيشى بەلاتەنيشتە قاوەييەكانى هەبو ، نەمدەزانى چ ئيشێك ؟ ئێستا كە ئەم دێڕانە دەنوسم بيرم بۆ ئەوە دەچێ رەنگە ويستبێتى كاغەزى تەڵاقنامەو شتى وەهاى پێ مۆر بكات ...

لەو سەردەمەدا باوكم زو زو دەچو بۆ بەغداو شارانى ترى عێراق بۆ كەسابەت ، وابزانم زۆربەى رەسمەكان و كێشەكان پەيوەندييان بەو هاتوچۆيەوە هەبو ، وەكو باس دەكرا جارى وا هەبو بەمانگ نەدەهاتەوە بۆ پێنجوێن ، من ئەوسا نەمدەزانى كورتى و درێژيى مانگ چەندە ، تەنها دەمزانى وشەيەكە كاتى پێدەپێورێ ، نەمدەزانى باوكم بۆچى ئەوەندەى پێدەچێ ، خەڵكى دەوروبەرمان دەيانگوت ژنى هێناوە ، كە ئەو دەرۆى ماڵ ناخۆشييەكى زۆرى پێوە دەردەكەوت ، ناخۆشيەكەيش بەهۆى ئەوەوە دروست دەبو بەجارێ منالى دو ژن (بەرى دايكم خۆى و بەرى دايكى براو خوشكەكانى ترم كە چەند ساڵێك بو باوكم تەڵاقيدابو) بەتاقى تەنيا بەسەر دايكمدا بەجێدەمان : حەوت دانە منال بەجارێ بەملى ئافرەتێكەوە لەناو دڵەڕاوكێيەكى زۆرو بارودۆخێكى كۆمەڵايەتيى ناخۆشدا !

حەكايەتێكى كورتيش نەبو ببڕێتەوە ، بەڵكو حەكايەتى هەمو تەمەن بو .

گەڕانەوەى باوكم دەكەوتە درەنگ (بەبێ ئەوەى بزانم درەنگ يانى چەند !) بێتاقەتى دايدەگرتم ، دڵم دەكەوتە نارەحەتييەكى زۆرەوە ، وا دێتەوە بيرم جارێكيان بەتەواوى ئومێدم بەگەڕانەوەى نەما !

كاتێ رێى بەغداى دەكەوتەبەرو ديار نەدەما لەچەندين شت دەترسام : دەترسام لەسەيارەدا وەرگەڕابێ و مردبێ ، دەترسام بێتەوەو دايكى منيش وەكو دايكى براو خوشكەكانى ترم تەڵاق بدات ! دەترسام بێتەوەو ديسان خێرا بڕواتەوە !

لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆشبو بگەڕێتەوە ، بەخۆى و عەلاگە مۆزەوە ، ميهرەبانيى ئەو لەگەڵ منالدا (ئەگەر بكەوتايەتە ماڵەوە) بێئەندازەبو ، دايكم دەستى لێ بەرز بكردينايەتەوە ئەو دەيخستينە پشتى خۆيەوە پەناى دەداين ، نەيدەهێشت دەستى دايكم بمانگاتێ .

بيرم نەماوە ئايا زانيى دەسكاريى چەكمەجەو رەسمەكانيم كردوە يان نەء ، بەڵام گومانم نييە ئەگەر زانيبێتى تەنها

پێکەنیوەو هیچی تر ، ئەو قەت لەسەر فزوڵێتیی لەوجۆرە لێم تورە نەبوە ، بەبەرچاوی خۆمەوە لەناو دوکانەکەیدا لەپێنجوێن ، دۆست و یار سوعبەتی لەگەڵ کردوە ، نە من دەنگ و نە ئەو دەنگ (جگە لەپێکەنین) !
ورده ورده بڕوایەکی وەهام لەلا دروست بوبو ئاسایی بێ بەلامەوە دۆستی هەبێ و سوعبەتیان لەگەڵ بکاو رەسمیان لەگەڵدا بگرێ ، تەنها بەو مەرجەی دایکم بزانێ شتێکی وا لەئارادایە بۆ ئەوەی لەدڵیا نەبێ بەگرێ !
بەڵام هەرگیز بەلامەوە ئاسایی نەبو سوعبەتی دۆستانە لەگەڵ دایکمدا بکات ، ئەوەندەم لەڕەفیق و برادەرو دراوسێ دوکانی خۆی بیستبو مێبازەو هەر رۆژەی دۆستێك پەیدا دەکات ، وامدەزانی دەیەوێ پێڕاکێشی بکات و دایکیشم بگرێ بەدۆست ! ئەگەر لەگەڵ دایکمدا بمبینیایە سوعبەتی ژن و مێردانە دەکات هەڵدەسام بۆی ، وامدەزانی ئەوەی لەگەڵ ئەویشدا دەیکات هەر مێبازی و دەسدرێژییە نەك ژن و مێردایەتی ، هەمو جارێ دەچو لەبەرچاوی مندا دەستی دەبرد بۆ شان و رانی دایکم ، حەزی دەکرد تورەم بکات ، دەیزانی بۆ دایکم پێم ناخۆشە ، منیش هەڵدەستام یەك هەزار جنێوم دەدایێ ، ئەگەر بۆم بکرایە ماڵەکەم بەسەریدا دەڕوخاند ، تەنانەت ئەو کاتانەشی بەلەهجەکەی نێوانیان قسەیان دەکرد (لەهجەیەك بو وابزانم خۆیان دایانهێنابو بۆ ئەوەی ئێمە تێنەگەین باسی چی دەکەن ، حەرفی / ز /ی زۆر تیا بەکاردەهات) من هەر هەڵدەستام بۆی ، دەموت : ئەوە نیازی خراپە ، دەیەوێ شەو کاری خراپ لەگەڵ دایکمدا بکات !
باوکێك بو سەد دڵی بۆ مێبازی و دانەیەکی بۆ ئێمە ، بەڵام کە دایکمان نەما ، بەیەکجاری حەزری دڵی خستە سەرمان تا ساڵانێکی زۆر ...

..................................

# کودەریی شین

ئێوارەیەکی هاوینبو ، لەسەر گۆڕەکەی بوم لەگردی سەیوان ، پێم وایە ئەو ڕۆژە ساڵێکی تەواو بەسەر ماڵاوایی ئەودا تێدەپەڕی ، درەنگ داهات ، سەعات بو ب05 : 8 ی تەواو ، دەبو لەو تەوقیتەدا سەعاتەکەم بکەوێتە سەر جەرەس و بیرم بخاتەوە کارەکەم جێبەجێ بکەم ، جەرەس لێیدا ، رێك کاتی جێبەجێکردنی کارەکەم داهات ، بەڵام پەشیمان بومەوە ...

لەساڵێك لەوەوبەرەوە (واتە لەرۆژی ماڵاوایی ئەوەوە) کردبوم بەپیشە : عەسرانی زۆربەی ئەو رۆژانەی هەفتە کە کەس هاتوچۆی سەرقەبرانی نەدەکردو دنیا تەڕوتوشی نەدەبو ، دەچوم بەدو سەعات و سێ سەعات لەسەر گۆڕەکەی دادەنیشتم ، بخوردم رۆشن دەکرد (ئەگەر پێم بوایە) ، ماوەی چەند دەقیقەیەك پارچە کودەرییە شینەکەی مەچەکمم دەکردەوە ، بەبێ ئەوەی بهێڵم دەقەکەی تێك بچێ ، بەڵام زۆری نەدەخایاند دوبارە خۆم دەخستەوە ژێر رکیفی ، جا یان دەمبەستە ناوچاوم ، یان دوبارە لەمەچەکمم دەبەستەوە ، جارێکیان هاوینبو ، لەتاو گەرما کراسەکەی بەریشمم داکەند ، پەڕۆم شەتەکدا لەناوچاوم و بەتوێی فانیلەیەکی عەلاگەوە دانیشم ، نازانم فەرهادبوم یان دەمویست تەقلیدی فەرهاد بکەم !

پارچە کودەرییەکی شینی گوڵداربو ، گوڵی زۆر وردی تێدابو ، سەرەپارچەی ماکسیە سوتاوەکەی بەری ئەو بو ! وابزانم دەمبەستە مەچەکی چەپم گوایە دڵ زیاتر ئاگاداری روداوی لای چەپە ! هەمو جارێ کە لەمەچەکمم دەکردەوە دەمبینی جێگاکەی وەکو جێگای قایشی سەعات لەسەر مەچەکم دەرچوە ، لەگەڵ کردنەوەیدا فێنکاییەك بەسەر مەچەکمدا گوزەری دەکرد ، هوشم دەهاتەوە ، هەستم دەکرد شوێنێکم تا ئەو کاتە لەژێر ئابلۆقەدابوە ، بەڵام رێگەم بەخۆم نەدەدا لەو دۆخە ئازادەدا زۆر بمێنمەوە ، دوبارە دەچومەوە ژێر ئابلۆقەی پەڕۆی شین ، کە دەمبەستەوە ئەمجارەیان ئیتر فێنکاییەکە هینی پەڕۆکە خۆی بو دەگەیشت بەمەچەك و ناوچاوم نەك هینی هەوای دەرەوە ، چونکە پەڕۆکە خۆیشی لەو کەمەکە کاتەدا کە لەمەچەکمم دەکردەوە هەوای بەردەکەوت و کەمێك فێنك دەبۆوە .

ساڵ زیاتر وجودم لەژێر ئابلۆقەی ئەو پارچە کودەرییە شینەدابو ، بۆ حەمام لەمەچەکمم دەکردەوە ، بۆ چونە سەرئاویش وابزانم بەشیاوم نەدەزانی پێوەمبێ ، لەمەچەکمم دەکردەوە ، پێموایە هەندێجار شەوانەش پێوەی نەدەخەوتم ، بەڵکو لەنزیکی سەرمەوە دامدەنا ، جگە لەو کاتانە ئیدی هەمیشە زۆر بەتوندی پەیوەست بوم پێیەوە ، ئێستایش رێدەکەوێ خەیاڵدانم بەبینینی کودەریی شین بێتە ئێش .

بەڵام چرکەساتی سەختم ئەو کاتانەیە کە بۆنی عەتری تیرۆز یان مروج بەسەرمدابێ ، تیرۆزو مروج ئەو دو عەترەن کە ئەو لەکۆتایی تەمەنیدا لەخەستەخانە بەکاری دەهێنان ، ئای لەو ئێشە سەختەی بەخەیاڵدانم دەگات کاتێ بۆنی یەکێ لەو دو عەترە بەلوتم دەگات !

هێشتا ئۆغری یەکجاریی نەفەرموبو ، لەشیعرێکدا بەناوی (کۆڵو) بۆم نوسی :

بەدوای تەرمەکەت دەکەوم

دورو نزیك

شانی یادگارەکانمان

دەدەمە ژێر تابوتەکەت

ئەوە یەکەم کۆپلەی یەکەم شیعرمبو بۆ ئەوی بنوسم ، یەکەم نامیلکەی بڵاوکراوەی شیعریشم هەر بەو تێکستە دەست پێدەکات و ناوی هەمان تێکستیشی هەڵگرتوە (واتە : کۆڵو) ، ساڵی 1992 بڵاوبۆتەوە ، هەموی بەو بۆنەیەوە نوسراوە ...

ئێستاش دەڵێی دوبارە دەمەوێ بەدوای تەرمەکەی بکەوم و دورو نزیك شانی یادگارەکانمان بدەمە ژێر تابوتەکەی ، ئەگەرچی دو هەفتەیەکی تر بیست و چوار ساڵ بەسەر مردنیدا تێدەپەڕێ ...
نیازم هەیە لەساڵیادی ئەو سەرگەردانییەمدا بچم تێر بۆنی عەتری تیرۆزو مروج بکەم ، نەك لەسەر گۆڕەکەی ئەو ، بەڵکو لەو دەوروبەرەدا کە یەکەمجار ئەوم تیا ناسی ، یان لەهەر شوێنێکیتر کە پەیوەندییەکی چکۆلەی بەیادو یادەوەریی ئەوەوە هەبێ ...

.........................

# مۆز لەپێنجوێن

یەکەمجار مۆز هاتەماڵی ئێمەوە34 /35 ساڵ لەمەوبەربو ، ئەوسا هێشتا ماڵمان لەپێنجوێن بو ، سێ کیلۆیەك دەبو لەعەلاگەیەکدا بەدەستی باوکمەوە ، وابزانم لەبەغداوە دەهاتەوە ، مۆز بەڕەنگە زەردە نایابەکەیەوە دەتگوت بەدەست دروست کراوە ، توندو تۆکمە ، لەسەرپێ و خۆشداکەن ، خوا بۆ ئەوەی کردبو تەماشایکەی ، ئەوە یەکەمجاربو مۆز ببینین و بەڕەوانی ناوی لەسەر زمانی خۆمان گۆ بکەین ، پێم وا نییە پێش ئەوەی بێتە ماڵی ئێمەوە سەری بەماڵی هیچ دراوسێیەکماندا کردبێ ، لەوانەیە ئەوە یەکەمجاری بوبێ بێتە کۆڵانەکەمانەوە ، یەك دوانێ لەخوشك و برا وردیلەکانم ویستیان گازی لێبگرن ، هێڵنجیان پێی هات ، نەیانتوانی قوتیدەن ، تەنها من بۆم قوتچو ، لەوانەیە بەلایشمەوە خۆش نەبوبێ بەڵام قوتمداو خواردم ، رەنگە ویستبێتم لەبەرچاوی باوکمدا ئازایەتیی خۆم بنوێنم ، بیرمە حەزم لەو جۆرە مانۆڕانە هەبو ، چ لەکاروباری خوێندندا ، چ لەهەڵزنان بەدارو درەخت و دیواردا ، تەنانەت جارێکیان لەسەر دیوار بەربومەوەو دەستم شکا ، زیرەکیی پۆلیشم لەپۆلی سێ و چواری سەرەتایی هەر بۆ سنگدەرپەڕاندن بو لەبەرچاوی باوکمدا ، زۆرم پێخۆشبو مامۆستاکانم (ژن و پیاویان) دەچونە دوکانی باوکم باسی زیرەکیی منیان بۆ دەگێڕایەوە ، باوکم بەخۆشیی ئەو شتەوە هەندێجار پارەی کوتاڵی لێ وەرنەدەگرتن ، یان خاترییەکی زۆری دەگرتن ، پێم وایە پارەو شتیشی بەقەرز دابنێ ، بەتایبەتی بەمامۆستای پیاو ، بۆ مامۆستایەکی عەرەبم دڵنیام باوکم تەواو بەدەمیەوەبو ، ئەویش لەهەمو مامۆستاکانم زیاتر باسی زیرەکیی منی بۆ باوکم دەگێڕایەوە .

خوشك و برا نۆرەیان گرتبو هەریەکە سوڕی خۆی بباو مۆزەکەی لەبریتی بدات ، دانە دانە دەمکردنە قەڵادۆشکیلانم ، مۆزەکەم لەبریتی ئەوە لێ وەردەگرتن ، بیرم نییە لەگەڵ چەند دانەیان مامەڵەکەمم بردەسەرو چەند مۆزم خوارد .

هەرچەندە لەهەندێ شتدا ژیانمان بەتەواوی لەژیانی منداڵی پێنجوێنی سەرەوە دەچو ، بۆ نمونە لەمۆزخواردندا ، لەپۆشینی دەستە قاتی جەلسەی سپیدا (کە شەهلای خوشکم لەبەری کردو پێوەی چو بۆ پێنجوێنی سەرەوە) ، لەسەردانیکردنی کەبابخانەکەی مەجید حامیددا ، لەبونی دوکانی گەورەو رازاوەدا ، لەقۆزێتی و کراوەیی باوکدا ، لەپاکوتەمیزی و بەنەزاکەتیی دایکدا ، لەبونی خزمی سەرەوەییدا وەکو خاڵۆزاو پورزا ، لەکڕین و خواردنی محەلەبی و پاقلاوەدا لەدوکانەکەی فیدایی حامی زازا بەتەنیشتی دوکانی باوکمەوە ، لەچونە سەرتاشخانە (دەچوینە لای وەستا حسەینی دەلاك بۆ سەرتاشین) ، لەبەرادانی جلوبەرگدا لای وەستا مەحموی مامەسەن ، کەچی کە دەگەیشتین بەبرادەرە سەرەوەییەکانی باوکم (لەپێنجوێنی سەرەوە) پێیان دەگوتین : ئای لەلادێ یی (چونکە لەئەسڵدا بناوەسوتەیی بوین و چەند دەقیقە رێیەك لەپشت پێنجوێنەوە لەدایك بوبوین) ... پێم وابێ دەیانویست توڕەمان بکەن ، شەهلای خوشکم بەقاتە جەلسە سپییەکەی بەریەوە زۆر تەریق بۆوە کە وایان پێگوت ، بەڵام بێگومان ئەوان لەخۆشەویستییانەوە دەیاندواندین ، یەکەم جوتە قۆندەرە لەپێی مندا بە سێ دینار روبعێك کەم کردرا ، یان بە دو دیناری نیو ، پاژنەی پتەو و پان و بەرزبو ، پێم وایە پێش ئەوەی بۆ یەکەمجار لەژیانمدا مۆز بخۆم قۆندەرەم لەپێکرد .

پێنجوێن یەکەم گەورەترین شاری دنیابو ببینم ، یەکەم بازاڕی گەورە ، یەکەم قەرەباڵغی ، یەکەم خۆشنودی ، یەکەم دوکانی تێنس و بلیارد ، یەکەم رەسمی گەورەی داریوش و گوگوش و ستار بەدیواری دوکانی بلیاردو تێنسەوە ، یەکەم رەکتەو میزی تێنس ، یەکەم دەنگی خۆشی بانگ لەمزگەوتەوە ، یەکەم پاسکیل لەژێر کوڕو کاڵ و

منداڵی گەورەو بچوکدا ، یەکەم منداڵی چوختی کە بەدزیی دایك و باوکیەوە خەرجیی ڕۆژانەی خۆیی دەدا بەپاسکیلی کرێ ، یەکەم ژن و پیاو بەبەرچاومەوە لەکاتی ئەنجامدانی گەمەو وەرزشی بەیانیاندا کۆڵکۆڵێنە بکەن ، یەکەم سەربان کە بڕوانێ بەسەر سەربانی خوار خۆیداو بکەوێتە خوار سەربانی سەروی خۆیەوە ، یەکەم بازاڕو دوکانی فرۆشتنی حەبلی زەردو سوری نایلۆن و باغەوات ، یەکەم ریزەدوکانی درێژ بۆوە لەشێوەی لێژایی و هەورازدا ، یەکەم ئۆرزدی ، نزمترین ئەستێرەی ئاسمان و درێژترین شەقامی دنیا ، هەمویم لەپێنجوێندا بینی .. یەکەم و ئەخیر چونم بۆ حەمامی دەرەوە بەدەستی باوکمەوە لەپێنجوێن بو ، بۆ یەکەمین جار گەڵ و گیپاڵ و شوێنی پیاوم بینی بەڕوتی لەپێنجوێن ...

پێنجوێن یەکەمین گەورە شاری دنیایە لەسەر یەکەم سپیایی زەینم ڤیدیۆم لێ هەڵگرتبێتەوە ، یەکەمین شوێنی دنیایشە حەزکەم تا ئێستا مۆزو کەبابی تیا بخۆم ، حەزکەم بەسەر درەختیدا هەڵزنێم ، لەبەرچاومدا کۆن نەبوبێ و بەردەوام پێویستم بەتەماشاکردنی بێ ، نەترسم لەتێکەڵبونی خەڵکەکەی و بوێرم بەچاونوقانەوە خۆمیان تێفڕێدەم ، بەڵام بەداخەوە یەك جێکەپری خۆمم تیایدا نییە .



..............................

# بەشی سێیەم

.....................

ئەو کەسەی رۆژانە لەبارەیەوە دەگێڕمەوە منم ، چاکبێ یان خراپ ، شایانی لەئامێزگرتنبێ یان رەجمکردن ، من بەم ئیشەی دەستم داوەتێ دەمەوێ دو ئامانج بپێکم :

یەکەم / بیری خۆمی بخەمەوە لەکەیەوەو لەکوێوە بەڕێوەم .

دوەم / شان بدەمەبەر ئەو هەمو ئێشە زۆرەی (بەدەرەوەبون) بۆ ئەوەی ئێشی (بەدەرەوەنەبون)ی کەسانێ بگرمە ئەستۆی خۆم کە خۆیان بەرگە ناگرن بەدەرەوەبن .

دەزانم لەڕێی ئەوەدام بەردباران بکرێم لەلایەن هەمان ئەو کەسانەوە کە دەمەوێ ئێشی بەدەرەوەبون و بەدەرەوەنەبونیان بگرمە ئەستۆی خۆم ، بەڵام لەڕێی ئەوەشدام لەکۆتاییدا کارێکی ئەدەبیی باش بخەمە پاش خۆم .

2014/ 6 / 6

..........................................

# چۆن بەخەیاڵمدا هات شیعر بنوسم

تەمەنم10 ساڵێك بو کاتێ بەخاو و خێزانەوە (لەگەڵ دەرو دراوسێ و زۆربەی خەڵکی ناوچەکە) پێنجوێنمان بەجێهێشت بۆ دوگۆلیی نێوان دو سوپا زەبەلاحە قورمساغەکەی (سەدام و خومەینی) ، پاش ماوەیەك کەپرنشینی لەدەوروبەری گوندەکانی ئاروزەرو بایانەو دەرەمیانەی بەینی پێنجوێن - شارباژێر ، رومان کردە قەڵاچوالان ، خەڵکەکەی تریش هەرماڵەو بۆ شوێنێ : شانەیەری ، سەیسایەق ، سلێمانی ، عەربەت ، دەربەنیخان و قەڵاچوالان و هتد .

من پۆلی5 ی سەرەتاییم لە2 مەکتەبی قەڵاچوالان تەواو کرد (وابزانم لە2 مەکتەب ، بەڵێ !) ، دایکم بۆ ئەوەی پرچەکم بکات بەهەندێ وشەو گۆرانی تا بتوانم لەپۆلدا (ئەگەر مامۆستا داوایکرد) بیانڵێم و بەشداری بکەم ، زۆرجار لەگەڵمدا خەریك دەبو : شیعرو گۆرانیی فۆلکلۆریی پێ دەنوسیمەوەو پێی لەبەر دەکردم .

قەڵاچوالان لەو ساڵانەدا سەرەرێی پێشمەرگەبو ، هەر لەپەسا پەیدا دەبون و جاشێکیان دەرفاند (بۆ تەمبێکردن) ، بۆ ئەم مەبەستە چەند رێیەك هەبو دەیانگرتەبەر ، دیارترینیان (ئەوەندەی ئەوسا دەمبیست) ئەوەبو : چەند سەد یان چەند هەزار دینارێکیان لەکەسوکاری جاشەکە دەسەند ئەوسا جاشەکەیان دەدانەوە ، هەرەشەشیان لە جاشەکە دەکرد کە ئەگەر جارێکیتر چەك بۆ بەعس هەڵبگرێتەوە یان قسەهێنی و قسەبەریی بۆ بکات ئەوا بەپارە دەربازی نابێ !

بەرێوەبەری مەکتەبەکەی ئێمە (تا ئەم دواییانەیش مابو ، دەمبینی) یەکێك بو لەو کەسانە ، بەرۆژی نیوەرۆ پێشمەرگە لەمەکتەب بردیانە دەرەوەو رفاندیان (بەڵام نازانم چۆن و بەچی بەریاندا؟) تەنها دەزانم لەسەر کاروکردەوەی خۆی مایەوەو ساڵانی دواتر بەتەواوی خۆی خستە خزمەتی بەعسەوە !

دایکم زۆر بەدگومان بو بەرامبەر مەکتەبەکەو بەرێوەبەری مەکتەبەکە ، رەنگە کە دادەنیشت ئەو شیعرو گۆرانیانەی پێ لەبەر دەکردم بۆ ئەوەی بوبێ قسەی مەکتەبی وەهاو مدیری وەهای نەیەتە سەرو ناچاری هاتوچۆی ئەو مەکتەبە نەبێ ! رەنگە وایش نەبوبێ و من خۆم لەخۆمەوە ئەمە بەهۆکار بزانم بۆ ئەو خۆخەریککردنە وردەی ئەو لەگەڵ من و گۆرانیی فۆلکلۆری و لەبەرکردندا ! دەنا کەی لەسەر گۆرانینەگوتن و بەشدارینەکرنی لەوجۆرە نێردراوە بەدوای باوك و دایکی تەلەبەدا ؟

(ئەی باشە دەبێ دایکم لەبەرچی ئەوەی لەگەڵ کردبم ؟ لەبەرچی دەقی ئەو هەمو گۆرانییەی پێ دەنوسیمەوە ؟ بۆ ئەوەی لەپاشەرۆژدا ببمە نوسەرو شاعیرو شتی وا ؟ بروا ناکەم ئەسڵەن بیری بۆ شتی وەها چوبێ ، رەنگە هەر ئەرکێکی دایکانەی بێ چەندوچون بوبێ لەئەستۆی گرتبێ و تەواو !) .

دایکم ، شەوێك لەشەوە پر لەهەراو زەناو تەق و تۆقەکانی هەمان ئەو تاقە ساڵە کە لەقەڵاچوالان بردمانە سەر ، لەپێکاهەلپژانێکی نێوان پێشمەرگەو رەبییەیەکی بەعسدا ، لەدەم دەرگای ژوری خەوتنە جەماعیەکەماندا ، بو بەگوللەی پیاوەکانی بەعسەوەو شەهیدبو ، یەك گوللەی قەنناس لەم گوێی داو لەو گوێی دەرچو ، نوزەی نەهاتەوە دەرەوە !

من تا ئێستا دڵم نەهاتوە ئەم روداوە بۆ تەبای کورم بگێرمەوە (چونکە تەبا نازانێ کە باجیم باجیمەو دایکی راستیم نییە ، ئەگەرچی لەبەرچاویدا هەر بەباجی بانگی دەکەم .. لەخوا بەزیادبێ تەبا پیاوە ، 8 - 9 ساڵ تەمەنەوە پرکێشی ناکات / لەراستیدا نایئاوزێت / بپرسێ : بابە تۆ بۆ بەدایکی خۆت دەڵێی باجی ، ناڵێی دایە ؟)!

تەبا بێئومید ناکەم ، تا بکرێ نایەڵم بزانێ کە من دایکم نییە ، نایەڵم بزانێ دایکم بەگوللەی بەعس کوژراوەو باجیم

دایکم نییه (بەو هەمو خۆشەویستییەوە کە هەیە لەنێوان ئەو و بەچکەکانمدا) .
تکایە با جارێ لەڕێی تۆی خوێنەریشەوە ئەم حەکایەتە نەبیسێتەوە!
بەهەرحاڵ ...
(پێم وایە دایکم یەکێك بوە لەو هۆکارانەی کە وایکردوە دەستم بەشیعرو نوسین رابێت) بەدو شێوە :
یەك / لەڕێی دەستگرتنمەوە بۆ نوسینەوەی ئەو گۆرانی و شتانەی کە باسم کرد .
دو / لەڕێی حەکایەتە تراژیدیەکەی شەهیدبونیەوە ( لەتەمەنی 40 - 41 ساڵیدا ).

هۆکارێکی تری سەرەکی کە هانیدام خۆم بدەم لەقەرەی نوسین ، حەکایەتێکە (پێشتر لەگۆڤارێکدا گێڕاومەوتەوە) :

تازە دایکم شەهید بوبو ، ماڵمان هاتبوە سلێمانی (هەوارەبەرزە) ، رۆژێکیان (رۆژژمێرێکی گیرفان) م دۆزییەوە ، ئەم رۆژژمێرە شیعری تیابو بەچاپ لەدامێنیدا نوسرابو ، تیاشیابو بەمەرەکەب و دەسخەت نوسرابو ، زۆر خۆم پێوە خەریك دەکرد ، وەختە بڵێم کردبوم بەدایك بۆ خۆم و بۆنی دایکم نابو بەوەوە ، هەمیشە لەباخەڵمابو یان بەدەستمەوە ، دەتوانم ئەو رۆژژمێرە ناو بنێم (کتێبی یەکەمی من)!
گرنگیی ئەم رۆژژمێرە لەوەدا بو خستمیە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی لەخۆم بپرسم : چۆن مرۆڤی ئاسایی توانیویەتی شیعر بنوسێ ؟ بەدەستوخەتی خۆی ، بەمەرەکەب و قەڵەمی خۆی ، بیرۆکەی خۆی بکا بەشیعرو بینوسێ ؟ ئەوە نییە خاوەنی ئەم رۆژژمێرە کردویەتی ؟

بەکورتی ئەم رۆژژمێرەو دایکم ، دو دانە هۆکارن لەو هۆکارانەی کە تا ئێستا خۆم پێمزانیون هێزو غیرەتی ئەوەیان پێ بەخشیوم توخنی شیعرنوسین بکەوم و نەسڵەمێمەوە (بەبەڵگەی ئەوەی لەدوای ئەو روداوانەوەبو وردە وردە خۆم تاقیکردەوەو شیعرم نوسی : یەك و دو و دەو چل) .

............................

# بەڵێ بۆ دەوڵەتی کوردی

کابرایەکی وتو وریای دەموچاو ئاوڵاویی نابینا هەبو (مەلای خەیاڵ)یان پێدەگوت ، لەسلێمانی ناوبانگی بەزرنگی دەرکردبو ، بەڵام بۆ ئازایەتی و زبردەستی نەمبیستوە هیچی وای لەبارەوە گوترابێ ، رۆژێکیان (نزیکەی 34 /35 ساڵ لەمەوبەر) بەبەرچاوی ئێمەوە (لەپێنجوێن) کردی بەکوتەکدا بۆ کرێکارێکی عەرەب ، نەمزانی ئەو دەست و مەچەکە بەهێزەی لەکوێ بو بەجوتێچاوی مەغدورەوە ؟

دایکم بەتکاوڕجا فریا نەکەوتایە : مامۆستا گیان گوناحە ، مامۆستا گیان غەریبە ، لێیگەڕی توخوا ...

مامۆستا بیرازێکی باشی کابرای عەرەبی دەکرد ، چونکە بەتەواوی دەستی لەملی گیربوبو ، ئەگەرچی دەستی خۆیی هەر لێوەشاند ! کرێکارە عەرەبەکە ئیشی بۆ مەلا دەکرد ، سایەقی حەفارەبو لای مەلا ، وابزانم کەمتەرخەمیی لەکارەکەیدا کردبو ، یان بەرزو نزمیی لەڕوی مەلادا گوتبو ، مەلا ئەو سەردەمە مقاول و شتی وا بو ، بەشێ لەئیشەکانی مجەمەعەکەی پێنجوێنی بەرکەوتبو خەریکی تەواوکردنی بو ، لەم ساڵانەی دواییشدا خەریکی کڕین و فرۆشی قاڵیی ئێرانی بو ، زۆر شارەزابو لەدیاریکردنی بەهای قاڵی و ناسینەوەی باش و خراپی قاڵیدا .

دایکم هەوڵیدا نەهێڵێ عەرەبێك بەدەستی کوردێك ئێشی پێ بگا ، کەچی عەرەبێك نەبو دەست بێنێتەڕێی ئەو سەربازە عەرەبانەی لەڕەبیەکەی خۆیانەوە دایکمیان لەناو ماڵی خۆماندا (لەقەڵاچوالان) دایە بەرفیشەك و شەهیدیان کرد.

منیش هەمان دڵ و دەرونی دایکمم هەبو :

ساڵی1996 ، کاتی راوڕاوێن و خۆخۆریەکە ، لەگەڵ خەڵکێکی زۆر ڕێمان گرتبوەبەر شارمان جێدەهێشت بەرەو شارباژێر ، دو برادەری عەرەب هاوڕەومان بون ، لایەنگری یەکێك لەلایەنە ساسیە هاوڕەوەکان بون ، لەڕێدا گەنجێکی کوردی هاولایەنیان (نازانم بەهۆی چییەوەبو) چو بەگژیاندا ، منیش کەمێك بەسەریدا هاتم وتم : گوناحن برا ، بۆ وا بەگژیاندا دەچی ؟ گەنجەکە هات بەگژ منیشدا (ئەو سەردەمە منیش هەر گەنج بوم) ، بەڵام کار نەگەیشتە باریکی و زو کۆتایی پێهات .

پاش چەند هەفتەیەك گەڕاینەوە شار ، زو زو لەلای باخی گشتی عەرەبەکانم دەبینییەوە ، لەگەڵ یەکێکیاندا دەربارەی سەربەخۆیی کورد گفتوگۆی زۆر دەکەوتە نێوانمانەوە ، زۆر دژبو ، هەرگیز دانی بەوەدا نەدەنا کورد شایستەی ئەوەیە سەربەخۆ بژی ، خۆی چارەنوسی خۆی دیاری بکا ، جارێکیان گەیشتە کونی لوتی وتی : دەی جیا ببنەوە ، با ئێمەش لەم سەرئێشەیە رزگارمان بێ!

ئەم باسانە بۆ ئەوە دەگێڕمەوە بڵێم :

ئێستا ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رازیبێ گۆچانێك بداتە دەست تەنانەت شێخێکی نەخوێندەواری خۆمان و بڵێ : ها ئەوە کوردستان ، تۆ سەروکاری بکە ، سەد قات بەلامەوە باشترە لەوەی چارەنوسمان تاسەر بەدەستی عەرەبەوەبێ ، جا با ئەو عەرەبە نەك یەك دکتۆرا چەندین دکتۆراشی هێنابێ !

دکتۆرای سوننەو شیعەی عەرەب هیچی لەسوننەگەری و شیعەگەری و عەرەبچێتیی نوخبەی سیاسیی عەرەب کەم کردۆتەوە ؟

بێگومان ئەم دەرەنجامەم لەهەستی کوردچێتییەوە هەڵنەهێنجاوە ، چونکە دەزانم کوردچێتییش بێ زیان نییەو نەبوە بۆ خەڵکی کوردستان ، بەڵام (سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبەری) زیانی لەزیانی (پاشکۆیی و ژێردەستەیی) کەمترە : ئەگەر کورد خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆو شەخسیەتی قانونیی نێودەوڵەتیبێ ، ئەوا زەمینەی کێبەرکێی سیاسی

لەکوردستاندا لەبارتر دەبێ ، تەنانەت زەمینەی بەریەککەوتن و ناکۆکیی سیاسی لەبارتر دەبێ (ئەگەر خوانەخواستە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەروا لەژێر پرسیاردابێ و ناکۆکیی لێبکەوێتەوە) چونکە ئەوسا ئیتر خاوەنی دەوڵەتین ، هیچ سەرکێشییەك مەترسیی گەورە ناخاتە سەر شەخسییەتە قانونییە نێودەوڵەتییەکەمان ، وەکو میسرو تونس و لیبیاو هتد ، بزانە دوای ئەو هەمو شەڕوشۆڕە خوێناوییە لەو وڵاتانەدا ، خەڵکی وڵات گیانی خۆیانیان لەکیس دا کەچی وڵاتیان لەکیس نەدا ، گیان و ژیان و سەربەخۆیی نەوەی داهاتویان لەکیس نەدا ، وڵاتیان هەر وڵاتە !

کەچی ئێمە لەکێشمەکێش و هەراو فەرتەنەی ناوخۆدا زۆری نەمابو هەمو شتێ لەکیسبدەین ، تەنها لەبەر ئەوەی خاوەنی دەوڵەت و کیانی قانونی نەبوین و شەڕمان لەچوارچێوەی بەتاڵدا دەکرد ، هەر باش بو بەختمان هێنای و یەکجاری نەکەوتینە سەر ساجی عەلی .

2014/ 6 / 29

...........................

# تەڵعەت تاهیر لەڕوانگەی تەبای کوڕمەوە

تەبای کوڕم ( کە ئێستا تەمەنی8 ساڵ و3 مانگ و یەك هەفتەی رێکە ) کەمێ پێش ئێستا هاتە تەنیشتمەوە پێی وتم :

ئەزانی بابە یەکەمجار کە وێنەی (رەش و سپی)م بینی وامدەزانی بۆیە رەش و سپییە چونکە ئەو سەردەمە دنیا خۆی هەر رەش و سپی بوە !

دەپرسم :

تۆ بڵێی ئەو کاتەی کاکە تەبا ئەمە روانینی بوە بۆ وێنەی رەش و سپی ، تەمەنی چەند بوبی ؟ بەچەند (رۆژ) پەریبێتەوە ناو (ئەمرۆ) و ئەم روانینە تازەیە ؟

بەهەرحال رونکردنەوەکەی ئەو لەبارەی راستکردنەوەی روانینی منالأنەی خۆیەوە ( کە خۆزگە تا درەنگێکی درەنگ دەستی بۆ نەدەبردو راستی نەدەکردەوە) تێکستێکی هاوڕێی شاعیرم (تەڵعەت تاهیر)ی بەبیر هێنامەوە ..
تەڵعەت لەو تێکستەدا ، لەپاڵ چەندین رستەی تری جواندا دەڵێ :
کچەکەم پێی وایە دەتوانێ بەپاسکیلی سێ تایە بچێتە سەر مانگ ، منیش پێی ناڵێم ناتوانی بەپاسکیلی سێ تایە بچیتە سەر مانگ ....

لەحزەیەکی جوان و دەگمەنی منالێکە لەکاتی پەرینەوەدا بەرەو گەورەیی (بەرەو دنیای ترسناکی گەورەیی) ، حەزمکرد پیشانی ئێوەیشی بدەم .

2013/ 10/ 25

..................................

# گۆڕەکەی کاک شێرکۆ

گۆڕی ئەو شاعیرەی کە رەنگە بەتەنها خۆی بەقەدەر هەمو شاعیرانی پەنجا ساڵی رابردوی نەتەوەکەی شیعری نوسیبێ ، بەدەستی کەسانێ ( هەر لەنەتەوەکەی خۆی ) سزا درا ! روداویکی زۆر گرانبو لەسەر دڵی هەمو ئەوانەمان کە تەنها شیعرو خەیاڵدان شك دەبەین ، تەنها ئیمان بەئازادی شك دەبەین بمانهێڵێتەوەو رێ نەدا دەست لەژیان هەڵگرین ! من پێموایە کاك شێرکۆ خۆی ئەمەی لەبەرچاوبو بۆیەش ئەوەی هەڵبژاردبو لەپارکی ئازادی بنێژرێ ، کاك شێرکۆ ( کە زۆر باکی بەپاراستنی ناو و رێزی خۆی بو ) ترسی ئەوەی هەبو ئەمە بەسەر گۆڕەکەی بێت کە بەسەریهات ، ئەو لەبیری ئەوەدابو ئاسایشی گۆرەکەی دەستەبەر بکا ئینجا بمری ! هەر لەم چەندو چونەدابو گەیشتە ئەو بریارەی داوا بکا لەپارکی ئازادی بنێژرێ ، بۆ ئەوەی کورو کچانی شار پاسی گۆرەکەی بکەن ، بیپارێزن لەدەستی پاچ و ... من دەمزانی گۆڕی کاك شێرکۆ بەردەوام لەژێر هەڕەشەی نەیارانی شیعرو دوژمنانی بیروباوەرەکانیدا دەبێ ! لەو بڕوایەشدام وازو لەکۆڵی نابنەوە .. ئەمە راستییە ! تا ئازادیی بەیان و عەقیدەو خەیاڵ بەتەواوی لەکەلتوری کوردەواریدا رەگ دانەکوتێ ، ئەوانەی خاوەنی عەقیدەو بیروباوەڕو خەیاڵدانێکی ئازادن و بەو هۆیەوە ناوبانگ پەیدا دەکەن ، نەیاران لەگۆڕیشدا لێیان نابنەوەو دەیانەوێ هەمو ئەوەی بەدەستیان هێناوە ( لە ناوبانگ و هەر شتێکیتر ) لێیان بسێننەوە ( ئەگەر بەمردوییش بێت ) .. من پێشتریش ئەم رازەم لای نوسەرو رەخنەگرو شێرکۆناس ( عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی ) درکاندوەو ئەوەم وت کە ( بۆچی شێرکۆ دەیەوێ لەپارکی ئازادی بنێژرێ !) ....

2013/ 11/ 2

................................

# وانەیەك لەمناڵەكانمەوە

.... تەبای كوڕم قسەی كرد ... وتی : باشە بابە كاتێ ختوكەت دەدەن بۆچی پێدەكەنی ، بۆچی ناگری ؟
ئەمەی لەكاتێكدا گوت كە خوشكە چكۆلەكەی ختوكەی دام و پێكەنیم .
وتم : تەبا ئەم قسەیەشت یاداشت دەكەم و بۆ دۆستانمی دەنێرم .
وتی : بەخوا بابە منیش شاعیرێكی باشم .
منیش تەنها پێمكرا پێكەنم ، تێر پێكەنیم .
لەكۆتایی دا وتی : بابە ریزێك نوقتە دانێ و بنوسە ( هاوڕێیان لەوانەیە بڕوا بەم قسەیە نەكەن) ، هەروەها گوتی : (سوێندیان بۆ بخۆ كە راست دەكەی) ....

بەڵێ (سوێندبێ راست دەكەم : ئەوەی گێڕاومەتەوە هەر ئەوەیە كە لەنێوان من و بەچكەكانمدا رویدا) .

دواجار :

روی وشەم دەكەمە هەموتان و داواتان لێدەكەم :
ئەو وانانەی كە لەمناڵەكانتانەوە فێریان دەبن ، بۆ ئێمەش بگێڕنەوە ... بڕواتان هەبێت هیچ وانەیەك بەقەدەر ئەو وانەیە لەسەردا نامێنێتەوە كە منداڵ بەگەورەو بچوكی دەڵێتەوە ...

ببورن تەبا كە بینیی نوسنەكەم درێژ كردەوە ، ئەمەشی گوت :
بەخوا بابە گوت كردە نوسینەكە !

2013/ 11/ 16

.......................................

# پێدەشتی پێکەنین

(ناتوانم ئەم تێکستە بڵاو بکەمەوەو بیری ئەوەم نەبێت کە من کاتی نوسینی ئەم تێکستە تەمەنم تەنها 25 ساڵ بوە .. بیری ئەوەم نەبێت کە من لەخۆشەویستیی تێکستەکەو لەخۆشەویستیی کەسەکەی کە تێکستەکەی بۆ نوسراوە تا ئێستا زیاد لە سێ جار بڵاوم کردۆتەوە .. بیری ئەوەم نەبێت چەندە ئەو دایکە خڕپلەیەمم خۆشویستوەو خۆشدەوێ کە ئەم تێکستەم بۆ نوسیوە ... بیری تەختەی شانۆم نەبێت کە ئەم دایکە خڕپلەیەمی لەسەر پشتی خۆی جێکردبۆوەو جێکردۆتەوە .. بیری قەراخی ئاوی چۆمانم نەبێ کە ئەو ساڵە لەگەڵ دایکە خڕپلەکەم و سەدان کەسی تر باڵمان گرتبو بۆ لای و پەنامان پێ گرتبو .. بیری خۆشەویستی و فرمێسکی شادیم نەبێ کە بەبۆنەی دەرکەوتنەوەی ئەم دایکە خڕپلەیەم و وشەی گەرمیەوە لەسەر شاشەی لاپتۆپەکەم نیوەشەوی دوێنێ 19 / 11 / 2013 دوبارە رژانەوە دڵ و چاوم .. بیری ئەوەم نەبێت کە ئاخری دەمرم) !

با هات

مشتێ قاقای لێفراندی

بەهار هات بناری ئاسمان

پڕ بو لەگوڵی عەنتیکە

لەوساوە ئەو ناوچەیەی

تۆوی خەندەتی لێ شین بێ

پێی دەڵێن : پێدەشتی پێکەنین

بژنەوە هێی دایکە خریلەکەم

حەکایەتی سەرهەڵدانی جەژنی قوربان و

ئەو ئاهەنگەی

تیایدا کائیناتی بەهار

خۆیان سازدەدەن بۆ فیستیڤاڵی رەنگ :

بێرەدا کوڕی نیاندەرتاڵ پەرییەوە ئەوبەر ( قسە )

بۆ ئێرە ( سەمەن کافرۆش ) هاتەوە ئەمبەری ( بەهار )

بەم هێڵە سورياليیەدا شەمەندەفەر

نابیناکانی سوار دەکرد بۆ سەردانی ( ئەوەڵ سەحەر )

لەم بەرزاییانەوە

بەرخی چەم بەردەبونەوە ( قوڵایی هەناسە )

چەچەکانتم دەیێ دایکە سێویلەکەم

روتبەرەوەو چەچەکانتم دەیێ

منی حافز لەمست نەکەم

حاڵی نابم لەو ئایەتانەی

لەسەر سینەت نوسراونەوە

لەمست نەکەم تێناگەم بۆچی ( خوا )

ئەوەندە عیلمی نەدامێ

بزانم چ خاکێ دەبێ بەناوونیشانم

من بۆ ئەم دو چاوەم

دەچمە سەردانی پزیشکی دل

تۆ بەو خەیالەوە

( پێدەشتی پێکەنین ) رەسمکە

بژنەوە هێی دایکە خرپلەکەم

حەکایەتی سەرهەڵدانی جەژنی قوربان و

ئەو ئاهەنگەی

تیایدا کائیناتی بەهار

خۆیان ساز دەدەن بۆ فیستیڤاڵی رەنگ :

لەم پێدەشتەدا گریان و

دڵەخورپێ و

هەمو تۆنە جیاجیاکانی تری پێکەنین

لەخاک رەخسین

لەو بەزمەدا

یەکەمین پێغەمبەری خوا بێئومێد

بەدێڕەکانی کتێبەکەیدا

نێردرایەوە بۆ تەگبیرێکی نوێ

لەو چرکەساتەوە

میلی سەعات

کەوتە ژمارەکردنی ( هەناسەدان) ی گوڵ و گیا

چەچەکانتم دەیێ دایکە سێویلەکەم

نەرم نەرم رۆنیشە سەر خاک و

چەچەکانتم دەیێ

کوڕی ( نیاندەرتاڵ ) هەر سەری نایە سەر دەستت

لەحزەیێ دەچێتە میوانیی مردن و دێتەوە

تابزانێ لەتۆ بوە یان لەدایکی

تابزانێ کوڕی باوکیەتی یان هی ( سەگ )

سەرکەوە بەم کۆڵانە تەسکەی دڵما

کە ئەمبەری خەمەو ئەوبەری خەم

خوا خۆی دەزانێ

بەم ڕێچکەیەدا بو گەیشتە گەورەیی

هەڵزنێ بەم شەوە خەتەرەی باڵاما

کە ئەمبەری مینەو ئەوبەری مین

عالەم دەزانێ بەم تەڵەزگەیەدا

وەنەوشە گەیشتە پێدەشتی پێکەنین

چەچەکانتم دەیێ دایکە سێویلەکەم

چاوەکانت لێکنێ و چەچەکانتم دەیێ

ئەوەندەی چاوت کردەوە

دەبینی

ئەم دەڤەرە نیشتۆتە ڕەنگ

دەبینی

( خوا ) لە ( پشتێنە سەوز ) ەکەی

موفەرکی رازێکی بۆ دادڕیوین

پێیەوە

بەگەردەلولی ڕەنگەکانا تێپەر دەبین و

دەگەینەوە باوەشی خۆی

پێیەوە

به رستی قسه جوانه‌کانا دێینه‌وه‌و

گه‌یشتوینه‌وه باوه‌شی خۆی...

1996 / سلێمانی

.....................................

# سەرەتاو کۆتایی فیلم

ئەگەر سەرلەبەری ژیانی تاکەکەس بریتی بێت لەفیلمێکی یەك سەعاتی ، ئەو فیلمە یەك سەعاتییەش دابەش ببێت بۆ سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی ، ئەوا من ئەو فیلمەم بەمجۆرە دێتە بەرچاو :

سەرەتا : منالی

هەر کەسێك منالییەکی تەواوی بەسەر نەبردبێ (یان وردتر بڵێم : منالییەکی لەزاکیرەی خۆیدا جێ نەکردبێتەوە کە بتوانێ بیگێڕێتەوە) وەك ئەو دەرهێنەرە وایە فیلمەکەی بێ سەرەتابێ ... وەك ئەو بینەرە وایە درەنگ چوبێتە هۆڵی سینەماوەو لەناوەڕاستی فیلمەکەوە فریای تەماشاکردن کەوتبێ ...

کۆتایی : منالّ

هەر کەسێ منالێکی نەهێنابێتە دنیاوەو گەورەی نەکردبێ ، وەك ئەو دەرهێنەرە وایە کۆتایی بۆ فیلمەکەی دیاری نەکردبێ و چارەنوسەکەیی سپاردبێت بەئەکتەرەکانی ناوی ، وەك ئەو بینەرە وایە پێش کۆتاییهاتنی فیلمەکە هۆڵی سینەما بەجێدەهێڵێ ....

ناوەڕاست : منالّی و منالّ

ئەگەر سەرلەبەری ژیانی تاکەکەس بریتی بێت لەفیلمێکی یەك سەعاتی ، ئەوا بەبێ بونی سەرەتاو کۆتایی (بەبێ بەسەربردن و گلدانەوەی منالییەکی تەواو ، بەبێ منالّخستنەوەو منالّگەورەکردن) بریتییە **20** دەقیقە شاشەی سپی ، هەر چاوەو بەپێی توانای خۆی دەتوانێ رواڵەت بەو تارمایی و رێشکەو پێشکەیە ببەخشێ کە لەئەنجامی بەریەککەوتنی خۆی و شاشەکەوە بۆی دروست دەبێ (بەچاوی تاکە کەسەکە خۆیشیەوە) ...

ئەو تارمایییەی سەر شاشە سپییەکە لەبەرچاوی مندا شێوەی منالێکی هەیە ، دێتە پێشەوەو دەڕواتەوە دواوەو .....
دواجار هەر خۆی بەدەستەوە نادات بزانم چ جۆرە منالێکە ، وەك ئەوەی منالێك بوبێت هەر بەساوایی مردبێ و دەرفەت نەبوبێ لەزەینمدا شێوەی هەڵبگرم ...

2013/ 11/ 23

.......................................

# پێشنیار دەکەم رۆژێ بەتەنیا لەلوت و گوێ ورد ببیتەوە

مرۆڤ لەشوێنێکدا زۆر روت و رەجالە ، زۆر بەدەرەوەیە ، ئەو شوێنە (ترمینال)ە !

ئەگەر حەزت لێیە مرۆڤ بناسی و لەزەت لەناسین و تەماشاکردنی ببەی باشترین شت ئەوەیە بچیت لەترمینالدا لێی ورد ببیتەوە ، بەتایبەتی کاتێك کە لەسەر کورسییەکی ترمینال دانیشتوەو چاوەروانی مەوعیدی دەرچونی ئوتوبوس یان فرۆکەی سەفەرەکەیەتی ، لەو کات و شوێنەدا مرۆڤ زۆر بەدەرەوەیە ، تاسەر ئێسقان بەدەرەوەیە .

من لەمانگی9 ی ئەمسالدا2 جار رێم کەوتە تاران بەلام تەنها یەك ئەمسەرەو سەریان رێم کەوتە ترمینال (ترمینال غرب) . (ترمینال غرب)ی تاران ئەوەندە قەرەباڵغە ناتوانی بەیەکجار لەهەمو شتێك ورد ببیتەوە ، بەڵکو باشترە وەکو ئەوە بکەی کە من کردم ....

من هەمو کاتەکەم (کاتی یەك سەری سەفەرەکەم ، ئیتر بیرم نەماوە سەری گەرانەوە بو یان سەری گەیشتن) تەنها بەشی ئەوەی کرد بەیەکجار تەماشای هەمو موسافیرەکان بکەم نەك دانە دانەو جیا جیا ، لەم تەماشاکردنە گشتگیرەشدا تەنها فریای ئەوە کەوتم لەپێلاوی موسافیرەکان ورد ببمەوە نەك لەهەمو شتێکی تریان ....

تۆیش ئەگەر رێت کەوتە ئەوێ باشترە سەرەتا هەمو مرۆڤەکان لەیەك روانیندا کۆبکەیتەوە ، پاشان دابەشیان بکەی بۆ چەند بەشێك و جیا جیا لەبەشەکانیان ورد ببیتەوە ، بەجیا تەماشای گوێچکە بکەی ، بەجیا تەماشای لوت بکەی ، بەجیا تەماشای هەر یەکە لە دەست ، قەمسەڵەی بەر ، ستایلی قژ ، پێلاو .... بکەی ، ئەگەر وەها نەکەی رەنگە فریای تەماشاکردنی ئەو هەمو موسافیرە نەکەوی ، فریاش بکەوی رەنگە تەماشاکردنی دانە دانەی موسافیرەکان ئەو لەزەتەی نەبێ کە تەماشاکردنی پێکەوەیی بەش بەش هەیەتی ، فریاش بکەوی و بەلاشتەوە بەلەزەت بێت دانە دانە تەماشایان بکەی رەنگە کارەکەت زۆر هونەریانە نەبێ هەزاران جار چاو لەخوارەوە بۆ سەرەوە یان لەسەرەوە بۆ خوارەوە بگوێزیتەوەو بەو جۆرە تەماشا بکەی ...

ئەگەر بەو زوانە رێت ناکەوێتە (ترمینال غرب)ی تاران یان هەر ترمینالێکی قەرەبالغ ، پێشنیار دەکەم سەردانی زانکۆیەکی قەرەباڵغ بکەی تەنها بۆ تەماشاکردنی لوت ، یان گوێ ، یاخود پێلاو (ئەگەرچی مرۆڤ لەزانکۆدا وەك مرۆڤ لەترمینالدا زۆر بەدەرەوە نییە) ....بەڵام لەهەردو حالەتەکەدا بیری ئەوەت هەبێ من نەمگوتوە دەتوانی ئەحکامی گشتی لەبارەی مرۆڤەوە بەگشتی لەرێی تەماشاکردنێکی گشتگیرەوە دەسخەی ....

بەلکو دەمەوێ بلێم : مرۆڤ ئەوەندەی لەقەرەباڵغیدا دیارە ، بەتەنیا ئەوەندە دیار نییە ، ئەوەندەی لەقەرەباڵغیدا تەنیایە ، بەتەنیا ئەوەندە تەنیا نییە ، ئەوەندەی لەقەرەباڵغیدا لەبارە بۆ ناسین ، ئەوەندە لەتەنیاییدا لەبار نییە بۆ ناسین ... بەڵام ئەگەر دەتەوێ زۆر بەباشی بیناسی ئەوا لەدوای روانینە گشتگیرەکەی ناو ترمینالەکە بیبەرە دەرەوە بەجیا لەگەلیدا دانیشە ، بەجیا بیدوێنەو تەماشای بکە ، بەڵام نەچی پێش ئەوەی لەترمینالدا تەماشات کردبێ و لێی وردبوبیتەوە هەوڵی ناسینی بدەی چونکە بۆت ناکرێ .....

ئەمە ئەو رێگایەیە کە (ژیان) پیشانی منی داوە بۆ ناسینی مرۆڤ .

2013/ 11/ 26

..........................

# ئادوی دایکم

کچەکەم هێشتا چارەکی دەوێ بۆ دو (سێ مانگ بۆ دو ساڵ) ، تازە بەرێی ئەوەوەیە زمانی بپژێ ، چەند رۆژێك بو بەئاوازێکی زۆر خۆش و ریتمێکی نەرمی خاو پێی دەگوتم : سە ..... با ..... ب ...

دەتگوت گۆرانیم بۆ دەڵێ ، ئیتر نەیدەزانی ئەو شینە جنێوە دەبێ بەمۆنییەك و دەنگێکی کەمێك بەرزەوە بگوترێ !

بەڵام ئێستا تەماشا دەکەم ئاوازەکەی گۆریوە ، ناوچاوی چرچ دەکاو بەخێراییەوە (وەك ئەوەی بیەوێ توڕەببێ) پێم دەڵێ (سەبببابب) ، تومەز چاوی لەباوکی کردوە ...

تکایە هەرچیتان بەمناڵەکانتان گوت بەئاوازێکی خۆش پێیانی بڵێن ، بزانن ئەوانیش چەند خۆشتر پێتانی دەڵێنەوە ؟؟؟؟

2013/ 12/ 12

.....................................

# بیرۆکەیەکی تازە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی تازە لەناو رۆمانێکدا یان هەر لەسەر زەوی ...

دو ماڵی کوردی هەورامیی (بەرێز ، بێوەی ، خۆشەویست) دراوسێمانن ، لەگەڵ هەردولایان کەمەکە هامشۆورەوتێکمان هەیە ، بەڵام وابزانم ئەوان لەبەینی خۆیاندا ئەو کەمەکە هامشۆورەوتەشیان نییە کە لەگەڵ ئێمەدا هەیانە ...

رۆژێکیان یەکێکیان گلەیی لەوی تریان کردبو ، وتبوی : ئێوە هامشۆورەوتی ماڵە کوردەکە ئەکەن (واتە ماڵی ئێمە) ، کەچی هامشۆورەوتی ماڵی ئێمە ناکەن ...

کە ئەمەم بیست هەستمکرد هەورامییە سلێمانینشینەکان لەغەریبایەتییەکی سەیردا ژیان دەگوزەرێنن ، وەکو ئەوەی (عەرەب) بن و چواردەوریان بەماڵە کورد گیرابێت ئاوەها !

تۆ بڵێی نەنکی منیش (دایکی باوکم) لەناو هاوماڵەکانیا هەمان هەستی هەبوبێ ؟ ئاخر ئەویش (بەڕەحمەت بێت) دایکی کوردی دەوروبەری پێنجوێن بو ، بەڵام باوکی (هەورامی) بو ...

تۆ بڵێی لەگەڵ مێردێکی کوردی دەوروبەری پێنجوێندا ، لەناو ئەو هەمو هاوماڵە کوردەدا خۆی بەعەرەب نەزانیبێ ؟ بەداخەوە لەشاری مەریوانیش گوێم لەوەبوە کە هەورامییە بەڕێزەکان (تەنانەت نوسەرو رۆشنبیرەکانیشیان) خۆیان بەکورد نازانن ، بەڵکو تەنها ئێمە بەکورد دەزانن‌لەدی قەیناکا با نەیگرینە دڵ .. کێ دەڵێ وشەی (کورد) لەکۆنی کۆندا ناو نەبوە بۆ یەکێك لەعەشیرەت و تایەفە زۆرەکانی گەلەکەمان ، هەروەها وشەی (هەورامی)یش ؟

کێ دەڵێ مەبەستی هەورامیەکان لە (ناوهێنانی ئێمە بەکورد)و (ناوهێنانی خۆیان بەهەورامی) ئەوە نییە کە ئێمە هەردولامان (کوردو هەورامی) دو عەشیرەتی سەر بەیەك نەتەوەی فراوانین کە : دواجار ، وردە وردە ، بۆ هەتا هەتایە ، ناوی (کورد)ی پێوە نوساوە ، بەڵام زاکیرەی مێژویی هەورامییەکان لەهینی ئێمە باشترەو لەبیریان نەچۆتەوە کە وشەی (کورد) ناوە بۆ تەنها یەك دانە لەعەشیرەتە زۆرو زەبەندەکانی نەتەوەکەمان نەك بۆ هەموی...

ئەگەر وابێت ئەوا دەتوانین ناوێکی تری تازە لەنەتەوەکەمان بنێین کە هەمو عەشیرەتە پێکهێنەرەکانی پێی رازیبن ، ناوێك کە لەپیتی یەکەمی ناوی هەمو عەشیرەتەکانمان پێك هاتبێت ، بۆ نمونە : (کوهەجادزلوکەزا) کەپێکهاتوە لەبەشی یەکەمی ناوی چەند عەشیرەتێك لەعەشیرەتە زۆرەکانمان ... بەڵام بێگومان پێش دۆزینەوەی ئەم ناوە تازەیە بۆ نەتەوەکەمان دەبێت کۆبونەوەیەکی فراوان بکەین ، هەمو تیرەو تایەفەو عەشیرەتەکانمان بەشداربن تیایدا ، رێکەوین لەسەر ئەوەی کە لەتەرتیب کردنی پیتەکانی ناوە تازەکەدا پیتی یەکەمی ناوی کام لەعەشیرەتەکان بخەینە هەوەڵەوە ، هینی کامیان بخەینە ناوەراستەوە ، ئەی هینی کامیان بخەینە دوای ناوەراست و دواترو دواترینەوە ؟

ئەی زمانی یەکگرتوی ئەم نەتەوەیە چۆن دابهێنین ، زمانێك کە دەست بدا بۆ ئەوەی هەمومان شیعرو چیرۆك و رۆمانی پێ بنوسین و بیکەینە زمانی فەرمیی دەوڵەتی ئایندەمان ؟

خۆ ناکرێ بۆ ئەمەشیان بیر لەداهێنانی زمانی (سۆرمانجیزالوررامی) بکەینەوە !

2013/ 12/ 18

.........................................

# ڕونکردنەوەیەك

لەو وتارەی سەرەوەدا (بیرۆکەیەکی تازە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی تازە) شتێکم بەناتەواوی جێهێشتوە ، هەوڵدەدەم بەم چەند دێڕە ئەو ناتەواوییە تەواو بکەم ...

ڕاستییەکەی من پێم وایە زۆربەی جار دەستبردن بۆ چەمکی نەتەوە دەستبردنێکی فێڵبازانەی چینێك بوە بۆ دەستگرتن بەسەر بەرژەوەندیی مادیی چینێکی تردا ، بۆیە نایشارمەوەو دەڵێم : هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ملێۆنان خەڵك تەنها لەسەر بنەمای هاوشوناسی (لەڕوی کەلتورو زمان و ئایین)ەوە هەوڵدانێکی ناڕاستگۆیانەو ناشەریفانەیەو لەکۆتاییشدا هیچ ئاکامێکی گرنگی لێناکەوێتەوە (ئەگەر بەجدی و ڕاستگۆیانە چەمکی بەرژەوەندیی هاوبەش /بەمانا مادیەکەی نەك بەمانا مەعنەویەکەی/ ئیزافە نەکەین بۆ سەر چەمکی هاوشوناسی و هاونەتەوەیی و هاوخوێنی) ، ئەمە ڕاستییە ، ڕاستییەکی مێژوویی ، نەك تەنها بەنیسبەت نەتەوەی کوردەوە بەڵکو بەنیسبەت هەمو نەتەوەیەکی تریشەوە لەهەر شوێنێکی دنیا .. لەبەر ئەوە حەز دەکەم ڕایگەیەنم : مەبەستی من لەباشێتیی (خۆبەکوردزانی)ی خەڵکی کوردستان (بەهەورامی و کاکەیی و قەڵخانی و زازایی و کرمانجی)یەوە ئەوەیە کە : ئەگەر ڕاستگۆبین لەگەڵ خۆمانداو لەسەر بنەمای یەکخستنی بەرژەوەندیە مادیەکانمان بانگهێشتی یەکتر بکەین بۆ کۆبونەوە لەدەوری یەکتر ، دەکرێ هەستی خۆبەکوردزانی و هاوکەلتوری و هاورەگی ، یارمەتیی زیاترمان بدات لەیەکخستن و سەرخستنی ژیانی سیاسی - کۆمەڵایەتیماندا (بەتایبەتی کە ئێمە نیشتەجێی ڕۆژهەڵاتین)و مەسەلەی هاوخوێنی ڕۆڵی هەیە لەبردنە پێشەوەی دۆزی مرۆڤەکاندا ... دەنا ئەگەر مرۆڤی سەر ئەم زەوییەی کە پێی دەگوترێ کوردستان ئەوەندە ژیرین گەیشتبن بەو بڕوایەی بەبێ هاوهەستیی نەتەوەییش پێکەوە بیانکرێ و بەرژەوەندیی مادی و مەعنەویی یەکتر لەبەرچاو بگرن ، هیچ کێشە نییە ئەگەر هەر تیرەیەك لەتیرەکانی ئەم سەر زەوییە بەجیا خۆی بەنەتەوەیەکی جیاواز بداتە قەڵەم (تەنانەت ئەگەر هیچ جیاوازییەکی لوغەوی و کەلتوریشی بۆ نەدۆزرێتەوە بیکات بەپاساوی خۆبەجیاواززانینەکەی) ...

2013/ 12/ 19

................................

# دایکی بچکۆلەی من ( Idea ) ...

ئەمە (سوعبەتەشیعر)ەکەی باوکی خۆیەتی بۆ ئەو ....

زوکە زوکە زوکە

گەورە ببەو شوبکە

لێرە بارکە برۆ

بەڕۆژی نیوەڕۆ

بارکە بۆ هەولێرێ

بۆ لای پلکە مێرێ

ببە بەبوکی ئەو

خزمەتیکە وەك کەو

تاڵیشکی بۆ بێنە

وەك چا بۆی بکوڵێنە

زوکە زوکە زوکە

گەورە ببەو شوبکە

بێرۆ بەمیوانی

نانی تیریم بۆ بکە

2013/ 12/ 19

...........................................

# تەماشاكردن لەدورەوە ، تەماشاكردن لەنزیكەوە

گەڕانەوە بۆ بینینی (شوێن)ێك كە ساڵەهایە لێی دابڕاوی و نەتبینیوەتەوە ، هەندێجار مایەی دڵتەنگییە ، بەبێ ئەوەی هیچ بیانویەكی مادی لەئارادا بێت بۆ پاساودانی ئەو دڵتەنگییە ...

هەندێجار دەتەوێ بڵێی : ئەمە كەی ئەو شارەیە كە من15 /20 ساڵ لەوەوبەر جێمهێشت ؟ ئەمانە كەی ئەو سیمایانەن كە من15 /20 ساڵ لەوەوبەر لەم شارەدا دەمدین ؟

هەوڵ دەدەی پاساوی مادی بۆ دڵتەنگییەكەت بهێنیتەوەو دەڵێی : نا .. ئەم سیمایانە سیمای خەڵكی شارەكەی من نین ، سیمای خەڵكانی غەریبەن .. ئەم ڕەوشتە چەوت و خوارە ، ڕەوشتی خەڵكی شارەكەی من نییە ، ڕەوشتی خەڵكانی غەریبەیە هێناویانەتە ناو ئەم شارەوە .. ئەم ڕەنگ و بۆیاخ و كەرەستەی بیناسازی و هونەری تەلارسازییە ئەوانە نیین كە شارەكەی منیان پێ دەناسرایەوە ، شارەكەم خیانەتی لێكراوەو سیمای شێوێنراوە ... بەم شێوەیە هەوڵ دەدەی پاساوی واقعی بۆ ئەو بارە دەرونییە خراپەی خۆت بهێنیتەوە كە لەئەنجامی بەریەككەوتنەوەت لەگەڵ (شوێن) ، پاش دابڕانێكی چەند ساڵە ، هاتۆتە ڕێت ...

بەڵام لەڕاستیدا ئەو حاڵەتە دەرونییە تازەیەت ، پەیوەندییەكی ئەوتۆی بەدەرەوەی خۆتەوە نییە ، تا بگەڕێی هۆكاری دەرەكیی بۆ بدۆزیتەوەو بیبەستیتەوە بەو ئاڵوگۆڕیانەوە كە بەسەر (شوێن) و (مرۆڤ)دا هاتون لەدەرەوەی تۆ! بەڵكو پەیوەندیی بەناوەوەی تۆوە هەیە .. پەیوەندیی بە نائاگایی تۆوە هەیە ، كە بە وردی هەمو ڕوداوەكانی ژیانتی تێدا تۆمار بوە ...

نائاگایی خۆتە ئاگای لەهەمو ئەو چركەساتە خۆش و ناخۆشانەت هەیە كە لەڕابردوی دورو نزیكدا لەم شوێنەدا گوزەراندوتن ، ئێستا بەبینینەوەی ئەم شوێنەی ساڵەهایە لێی دابڕاوی و نەتدیوەتەوە ، هێناویتیە ئێش ...

نائاگاییتە ناهێڵێ دڵخۆش بیت بەبینینەوەی ئەم شوێنەو ئەم سیمایانە ، چونكە بەڵگەن لەسەر بەباچون و تێپەڕینی تەمەن ، تەنانەت ئەگەر ئێستا لەجارانیش جوانترین ، چونكە ئەو دەزانێ ئەم جوانیانە بەشی تۆ بوبن یان نەبوبن لەڕابردودا ، ئێستا تەنها بۆنی گوزەشتەیی عومری تۆ دەدەن و هیچی تر ...

نائاگاییتە ناهێڵێ كەیفت بێت بەبینینەوەی ئەم شوێنە شێوێنراوەو ئەم سیما نامۆیانە ، چونكە ئەو دەزانێ ئەم شوێنەو سیماكانی ناو ئەم شوێنە ، كاتی خۆی جۆرێكی تر بون ، تەنها بەبیرهێنانەوەی ئەم جیاوازییەش بەسە بۆ ئەوەی نائاگاییت بەئاگابێتەوە لەگوزەشتەیی تەمەن ...

كەواتە دڵنیابە هەندێجار ، هەندێ كەس ، پاش دابڕانی درێژخایەن ، بەبینینەوەی (شوێن) دڵخۆش نابن ، جا ئەو شوێنە هەر شوێنێك بێت (نیشتمان بێت یان تاراوگە) ، تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنە هیچ گۆڕانكارییەكی باش و خراپی بەسەردا نەهاتبێ و وەكو خۆی مابێتەوە ، یان ئەگەر لەسەداسەد هەمو ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەریدا هاتون ، گۆڕانكاریی باشبوبن و بوبنە هۆی بەرەو پێشەوەچونی ، یان گۆڕانكاریی خراپ بوبن و بوبنە هۆی ڕاكێشانەوەی بۆ دواوە ...

بۆیە كاتێ دەچمە پێنجوێن و قەڵاچوالان و چەند كۆڵانێكی هەوارەبەرزەی سلێمانی ، خوا خوامە خێرا جێیان بهێڵم و زیاتر تیایاندا بەند نەبم (ئاخر ئەوان چیم بیردەخەنەوە جگە لەبەباچونی تەمەن؟) ...

بۆیە كاتێ لەئەوروپاو ئەمریكاوە خۆت دەكەیتەوە بەسلێمانی و هەولێرو دهۆكدا ، خوا خواتە هەفتەو دو هەفتەكەت زۆر زو لێ بگوزەرێ و بگەڕێیتەوە (ئاخر ئەوان چیت بیردەخەنەوە جگە لەبەباچون و تێپەڕینی تەمەن ، چ لەناو خۆشیدا ، چ لەناو شەڕو برسێتی و ناخۆشیدا) ...

کەواتە هاوڕێم ... واز لەشوێنی داماو بێنە ئەگەر پاش دابڕانێکی درێژخایەن بۆی گەڕایتەوەو خۆشحاڵ نەبوی بەبینینەوەی ...
دەستت بخەرە سەر دڵت و زو جێی بهێڵەرەوە ، پێویست ناکات کاتی خۆت بەفیڕۆ بدەی بۆ دۆزینەوەی رەگی ئەم ئازارە لەخودی شوێندا ، یان لەهەر جێیەکی تری دەرەوەی خۆتدا ...

2013/ 12/ 20

...................................

# لەکەلیلەو دیمنەی منەوە :

بەیدەبا بۆ چەرچڵ :

راستە ناکرێ هەر سەگێ لێت وەڕی تۆ بەردێکی تێبگری ، بەڵام ناشکرێ هەر بەردێ لێت وەڕی تۆ سەگێکی تێبگری .

بەیدەبا بۆ گەنجێك :

بۆ پەیداکردنی هەر عەقڵێك دەبێ ئازارێك بچێژی ، بۆ لەخۆداماڵینی هەر ئازارێکیش دەبێ عەقڵێك پەیدا بکەیت .

پۆڕی خوراو بۆ فیل :

تۆش نەجاتت نەبوە ، ئێسقانە ئەستورەکانی تۆیش هەمو دەقەو سەعاتێك لەژێر زەبری رۆژگاردا پارچەیان لێ دەبێتەوە .

بەیدەبا بۆ خۆی :

دۆستی دڵسۆز نەبون ئەوانەی پێیان نەدەگوتم کەر ئەسپە ، دۆستی نادڵسۆزبون ئەوانەی پێیان دەگوتم کەر کەرە .

بەیدەبا بۆ گەورەی دارستان :

بەقوربانی هەمو جاشولکەیەکبە کە دەیەوێ لاسایی دایکی بکاتەوەو بزەڕێ ، بەڵام شەقت لەزەڕە زەڕی دایکی هەزار جار .

من بۆ بەیدەبا :

بەقوربانی قریشکە قریشکی هەمو کچێکی چکۆلانەبم کە دەیەوێ لاسایی دایکی بکاتەوە ، بەڵام شەقم لە شیتەشیتی دایکی هەزار جار .

بەیدەبا بۆ من :

پەندە کوردیەکەتان کە دەڵێ (کورد بدوێنە شەرعی خۆی دەکات) کوردو کەری بەیەك چاو تەماشا کردوە ، واتە : کوردو کەر بدوێنە شەرعی خۆیان دەکەن ، بەڕاستی چاکی بۆ چوە !

من بۆ بەیدەبا :

ئەگەر تۆ بدوێنین شەرعی کێ دەکەی ، تۆیش هەر وەکو کوردو کەر شەرعی خۆت ناکەی ؟

کەر (بەدەم خۆگەوزاندنەوە) :

ئەوە چییە هاوڕێ ، بۆ وا خۆت دورەپەرێز گرتوە ؟ بۆ نایەی وەکو من دو تڕ بکەنی و کەمێ خۆت بگەوزێنی ! دڵنیابە رۆژگار باکی نییە ، نە لەسەر منی حساب دەکات کە بەئاشکرا دەکەنم ، نە بۆ تۆیشی حساب دەکات کە ئەوەندە بەحەیاوە دەتسی !

مریشك (بەدەم ڕێوە بۆ هێلكەدۆڕاندن) :

ئەوە چییە خوشكێ .. بۆ نایەی بچین لەحەوشەی ماڵی دراوسێ هێلكەیەك بدۆڕێنین ؟ دەزانی حەوشەی دراوسێ چەند فێنكە ؟ دواییش كە فرسەت رەخسا دەچین وەكو (هین خان) عەمرەیەكی بۆ دەكەین هەمو شتێ لەبیری خۆمان دەبەینەوە ، ئەگەر نەتوانین لەبیری دراوسێشی ببەینەوە !

بەیدەبا بۆ توتی :

خەتای منە قسەی دەمی خۆم دەنێمە دەمی تۆو نایەڵم تۆ قسەی خۆتت هەبێ .

بەیدەبا بۆ ئەشكەوت :

بەسە ئیتر دەنگی من مەدەرەوە ، هەوڵ بدە دەنگی خۆتت هەبێ تەنانەت ئەگەر دەنگت لەدەنگی كەریش ناخۆشتر بوە !

سەگ بۆ ڕێوی :

سەگیەتیی من سەگیەتی نییە ، ڕێویەتیی تۆ سەگیەتییە ! پێ سوتاوی و بێ كولانەیی من خوێڕیەتی نییە ، خۆنانەوەی تۆ لەبەر كولانەی ئەم و ئەودا خوێڕیەتییە !

پشیلەیەك بۆ بەچكەكەی خۆی :

ئەگەر گەیشتی بەپشیلەیەكی هاوڕێت و بینیت خەریكی شاردنەوەی پیساییەكەی ژێر خۆیەتی ، لێی مەپرسە : چۆنی ؟ خەریكی چییت ؟ خەریكی گوكردنە !

2013/ 12/ 24

.........................................

# مردن

مردن خواردنی ناو قوتو نییە ئێکسپایەر ببێ ، بەڵکو میوەی درەختێکە بەژورسەری خۆتەوە ، یان خۆت دەستی بۆ دەبەیت و لێی دەکەیتەوەو دەیخۆی ، یان خۆی بەسەرتا بەردەبێتەوەو دەپەڕێتە گەروتەوە .. لەهەردو حاڵەتەکەدا هەر تەڕو تازەیەو کۆن نابێ .

مردن هەویرێك نییە خانم و شیف بتوانن بەئارەزوی خۆیان خواردنی جۆراوجۆری لێدروست بکەن ، بەڵکو هەویرێکە تەنها بۆ دروستکردنی یەکجۆر خواردن دەست دەدات کە برتییە لە (داهێنان)...

2013/ 12/ 28

.......................................

# فەلاح كەریم و ئەنوەر هوژەبری
# وەكو دو بەهانەی ئینشایەك

هیچ شتێ بەقەدەر ئەوە خۆش نییە خاوەنی وڵاتێبی خاوەنی خۆی و تۆش بێت ، شوناسێكی جوانی هەبێ و هێزی مەزن بداتە شوناس و بونی تۆ ، كاتێ بۆ خۆشی یان بۆ نەخۆشی رێت دەكەوێتە وڵاتێكی دور یان نزیكی دنیا ، وەك خاوەن وڵات روی تێبكەی ، بەڕەسیدێكی زۆرەوە روی تێبكەی ، وەكو كەسێ (وڵاتەخاوەن)ێكی لەدوای خۆی جێهێشتبێ ، بەڕەسیدێكی زۆری (سیاسی ، یاسایی ، ئابوری و كۆمەڵایەتی)یەوە خواحافیزیی كردبێ و لەدەرگای وڵاتی بێگانەی دابێ ، بەڕەسیدی كەسێكەوە وڵاتێكی لەپشتی سەری خۆیەوە جێهێشتوە خاوەندارێتی لەم و هەزاران هەزاری وەك ئەم دەكاو لەهیچ میحنەتێكدا دەستیان لێهەڵناگرێ .

وڵاتێكی وەها بێپۆرتترین مرۆڤ دەكاتە خاوەنی بەرزترین رۆحییەت ، ورەیەكی دەداتێ وەكو ماست بەلێویەوە دیاربێ ، رەنگە هەر ئەمەبێ وای لەمرۆڤی ئەمریكی كردبێ لەبازاڕو شەقامی چیندا زۆر پۆز لێبداو بەخۆوە بنازێ (وەكو ئەوەی لەهەندێ هاوڕێمم بیستوە) .

چەند خۆشە (رەسیدیكی گشتی)ی وەهات هەبێ كە رێت كەوتە وڵاتان وەكو ئامانەت لەلای خۆیان گلتبدەنەوە ، نەوێرن غافڵتكەن ، بترسن لەوەی لەلای ئەوان شتێكت لێبێ و نەتوانن لەمەسئولیەتەكەی دەربازببن .

چەند خۆشە خاوەنی وڵاتێبی ئەگەر رێت كەوتە وڵاتی غەریبی و لەوێ گرفتێ شتێكی ماددی - یاساییت هاتەڕێ ، ئەم لەڕێی سەفارەتخانەكانیەوە بۆت چارەسەر بكا ، ئەگەر لەوادەی گەڕانەوەت دواكەوتی و دیار نەمای لەڕێی سەفارەتخانەكانیەوە سۆراخت بكا ، ئەگەر ئاسایشێكی زۆری (دەرونی ، كۆمەڵایەتی ، ئابوری)ت لەوڵاتی بێگانان بەدیكرد دڵت لەخۆت دانەمێنێ ، هەست نەكەی وڵات و ئاسایشی خۆت لەهینی ئەوان كەمترە .

چەند خۆشە لەسەفەردا ، بەهیوای گەڕانەوە پشتت كردبێتە وڵاتی خۆت ، نەچوبی بۆ داواكردنی نان و ئاسایش و مافی مانەوە لەوڵاتی بێگانە ...

دو سێ مانگێ لەمەوبەر رێم كەوتە تاران (بۆ لای دكتۆر) ...

چەند خۆشبو ...

ئەمجارەیان سلێمانی و دەوڵەتۆچكەی هەرێمی كوردستانی دوای شەڕی ناوخۆو سەردەمی هەڵبژاردنی یەكلەدوای یەكم لەپشتی سەری خۆمەوە جێهێشتبو ...

ئەمجارەیان وەكو ساڵانی ناوەڕاستی دەیەی نەوەت بەشەرم و ئیحراجییەوە نەمگوت لەسلێمانییەوە هاتوم ...

ئەمجارەیان دینارەكەی باخەڵم قیمەتی زۆر زیاتربو لە (3 تمەن)ەكەی جاران ...

ئەمجارەیان كوڕی خۆمانی لێبو ، لەماڵی خۆمان ، كوڕی سلێمانی ، لەئۆفیسی ئیشوكاری دەسەڵاتدارێتیی سلێمانی لەتاران ...

چەند خۆشبو ئەمجارەیان (فەلاح كەریم)ی هاوڕێم هەبو بچمەلای ...

ئاخر من تازە (ئەنوەر هوژەبری)م لەكوێ پەیداكردایەتەوە پێشخۆمیدەم بۆ تاران ئەگەر (فەلاح كەریم)ی لێنەبوایە ؟ چەند خۆشدەبو ، كە چومە ئەوێ هەر بەڕاستی خاوەنی دەوڵەتی یەكجاری و سەفارەتخانەی راستی و (فەلاحی سەفیر) بومایە ، ئەوسا بەرۆحییەتێكی بەرزترەوە هیوای دۆخێكی وەكو ئەوەی خۆمانم بۆ (ئەنوەر هوژەبری)ش بخواستایەو پێم بگوتایە : (ئەنوەر گیان رۆژێ دێ تۆش وەكو فەلاح دەبیتە سەفیری دەوڵەتی مەریوان )...

چەند خۆش دەبو وەكو فەلاحی لێبو ئەنوەریشی لێبوایە ...

وەکو خاوەنی ئەم دەوڵەتۆچکەیەم و بۆ هەمو شوێنێ دەیبەستم بەدڵمەوەو بێ ئەو سەفەر ناکەم ، خاوەنی تەواوی پایەکانی دەوڵەتداری بومایە ...

وەکو شەرم ناکەم و لەگەڵ ئەم هەمو نوقسانییەشیدا بەبەرچاوی ئێوەوە شانازی بەم دەوڵەتۆچکەیەوە دەکەم ، دەوڵەتۆچکەکەشم شانازیی بەرۆحییەتی بەرزی هەمومانەوە بکردایە ، بەردەوام لەهەڵکشاندابوایە بۆ ئاستی رۆحییەتی بەرزی هەمومان ...

2013/ 1 / 16

....................................

# مەترسە بیر لەهەمو شتێ بکەرەوە

پێویستە نەترسی و بیر لەهەمو شتێ بکەیتەوە ... بەتایبەتی بیر لەپێچەوانەی ئەوەی ساڵەهایە لەسەرتدا جێت کردۆتەوە ، ساڵەهایە نەتوێراوە بیر لەپێچەوانەکەی بکەیتەوە .

ئەگەر خواپەرستی ، تەنها یەك رۆژ یان یەك سەعات واز لەخواپەرستی بێنە ، ببەرە ئاتەئیست...

ئەگەر ئاتەئیستی تەنها یەك رۆژ یان یەك سەعات واز لەمولحیدیی خۆت بێنە ، روکەرە خواپەرستی ...

ئەگەر تا ئێستا کەسێکی مەردبویت ، هیچ هەڵەیەکت لەژیانتدا نەکردوە ، ماوەیەکی کەم یان زۆر دەستبەرداری مەردایەتیی خۆت ببە ، نامەردییەك لەگەڵ کەسێکدا بکە ...

ئەگەر تا ئێستا بەنامەردی ژیاوی ، تەنها یەکجار مەردبە ئیشێکی مەردانە لەگەڵ کەسێکدا بکە ...

ئەگەر لەو کەسانەی کە هەمیشە هۆشیان بەشەرەفیانەوەیە ، جارێك بێشەرەفی بکە ...

ئەگەر لەو کەسانەی کە هەرگیز باکیان بەشەرەف نییە ، جارێك ، رۆژێك ، سەعاتێك ، بەشەرەفەوە بژی ...

ئەگەر تا ئێستا هەر لەسەرەوەی دیوەخان دانیشتوی ، جارێك وەرە خوارەوە لەلای دەرگاوە دانیشە ...

ئەگەر تا ئێستا بەشت هەر دانیشتن بوە لەتەنیشتی دەرگاوە ، داوا بکە فرسەتت بدەن یەکجار ، یەك پێنج دەقە ، هەڵکشێی بۆ سەرەوەی دیوەخان ...

ئەگەر هەمیشە بەمیکیاجەوە هاتویتە دەرەوە بۆ ناو خەڵك ، جارێك بەبێ میکیاج خۆ بکە بەناو خەڵکدا ...

ئەگەر هەرگیز بەمیکیاجەوە خۆت پیشانی خەڵك نەداوە ، رۆژێك بەمیکیاجەوە خۆتیان پیشان بدە ...

ئەگەر لەو کەسانەی هەرگیز نەیانوێراوە دەستی خۆیان خوێناوی بکەن شتێ بکوژن ، هەوڵبدە جارێك شتێك بکوژی ...

ئەگەر لەو کەسانەی تا ئێستا ژیانیان لەکوشت و بردا بردۆتە سەر ، هەوڵبدە رۆژێك بەدەستی سپییەوە ببەیتە سەر ...

ئەگەر تا ئێستا هەمیشە عەقڵت بەکۆڵتەوە بوە ، داتنەناوە ، جارێك لەبن سێبەرێکدا داینێ پشوبدە ...

ئەگەر هەرگیز عەقڵت بەکۆڵەوە نەگرتوە ، لەبێهۆشیدا ژیاوی ، کاتێکی کەم یان زۆری رۆژێك بەعەقڵەوە ببەرەسەر ...

ئەگەر لەو کەسانەی دەیانەوێ توانای بیرکردنەوە لەخۆیاندا بژێننەوە ، وەها بکە کە وتم ...

ئەگەر لەو کەسانەی دەیانەوێ مۆری کۆتایی لەبیرکردنەوەی خۆیان بدەن وەها بکە کە وتم ...

ئەمە رێگای راستەقینەیە بۆ هەر کەسێ بیەوێ بچێتە ناو بیرکردنەوەوەو سەرێکی رەحەت بۆ خۆی پەیدا بکات ....

ئەمە رێگای راستەقینەیە بۆ هەر کەسێ بیەوێ مۆری کۆتایی لەبیرکردنەوەی خۆی بداو بەئیسراحەت بمرێ ...

رێگای غەیری ئەم رێگایە ، رێگای مردنە پێش تاقیکردنەوەی ژیان ... رێگای بێ رێگایانە ...

.....................................

# چاوی شینی کوڕیژگە لەسەری منالیمدا

- صەمون .. صەمونی گەرم .. گەرم و نەرمە صەمون ...

دەنگی کوریژگە چاوشینە صەمون فرۆشەکەبو ، بەیانیانی زۆربەی رۆژەکانی هەفتە تێکەڵ بەدەنگی بانگی سپێدە دەبو ، لەگەڵ ئەم تێچریکاندنەی کوڕیژگەدا ، لەچەندین ماڵەوە باوك یان دایك یاخود یەکێ لەهەرزەکارەکانی ناو خێزان هەڵدەستان دەچون بەدەمیەوە 8 - 9 صەمونی گەرمیان لێدەکڕی و دەیانهێنایە ژورەوە دەیانپێچایە سفرەیەك شتێکەوە ، یەك دو سەعات دوای ئەوە کاتی دەوامی مەکتەبی منالان و کوریژگە چاوشینەکە خۆیشی دەهات ، صەمون بەماستی کوردییەوە حەپەلوشدەکراو ... سبەینێ هەمان روداو دوبارە دەبۆوە ...

جگە لەدەنگی خۆشی ئەم کوڕیژگە چاوشینە ، دەنگ و سەدای مندالانەی تریش هەبون لەهەمان وەختی رۆژدا هاواریان دەکرد : صەمونی گەرم ... بەلام هەر ماڵەو دەنگی کوریژگەی خۆی دەناسییەوەو دەچو بەدەم منالی خۆیەوە .

صەمونی ماڵی ئێمە لەم کوریژگەیە دەکرِدرا ...

کوڕیژگە بەدرێژایی تەمەنی منالیی خۆی ئەوەندەی هاوارکردبو صەمونی گەرم ، لەگەنجێتیدا دەنگخۆشێکی زۆر باشی لێدەرچو ، بەلام لەکۆتایی دا وەکو گۆرانیبێژ نەناسرا ، بەڵکو بازرگانی لێدەرچو ... بێگومان هیچ کەس حەز ناکات تاسەر گرفتاری صەمونفرۆشتن و نانەوایی و قوڕبەسەری بێ ...

دەنگی ئەم بازرگانە چاوشینە کە وردە وردە هەر لەو مندالیەوە دەبوینە هاوڕێ ، سارێژی گەورەترین ئازاری تەمەنی گەنجیمی دەکرد ، بەلام ئەوە لەکاتێکدابو کە ئەو خۆیشی وەکو من تەنها هەرزەکارێکی ئاشق و سەرمەستبو نەك بازرگان ... ئێستاش کە بازرگانەو دەرفەتی کەم بۆتەوە ، بیری ماوە چۆن لەدەنگیەوە دەگلام و دەهاتمە سۆز ، لەماڵی خۆیانەوە گۆرانیم بۆ دەڵێ و بەنامەی دەنگی بۆمی دەنێرێ .

بریا هەمیشە منالی صەمونفرۆش و دەسفرۆش لەکۆتاییدا بازرگانیان لێدەردەچو ... یان لانیکەم ئەوانەی ئێستا بازرگانن رۆژێکیان هەبوبێ لەڕابردویاندا صەمونیان تێدا فرۆشتبێ ... قەیناکا دەنگخۆشیشیان لێدەرنەچوبێ و نەتوانن گۆرانی بۆ برادەرو رەفیقیان بڵێن ، خۆ دەتوانن هاوڕێکانی منالی و هەرزەکارییان وەکو سەرمایەیەکی کۆمەلایەتی تەماشاکەن .

2014/ 2 / 3

.........................................

# قەیرانی وجود

قەیرانی مرۆڤی هاوچەرخ ، قەیرانی شەرەف نییە ، قەیرانی وجودە ، وجودو شەرەفیش هەمو کاتێ هەر لازم و مەلزومی یەکتر نین ، واتە : مەرج نییە بۆ دەستەبەرکردنی یەکێکیان پێویستمان بەدەستەبەرکردنی ئەوی تریشیان هەبێ ... دەکرێ قەیرانی وجود تێپەڕێنرێ بەبێ دەستەودامەنبون بە (شەرەف) ، دەشکرێ زۆر بەسەختی گرفتاری قەیرانی وجود بین لەگەڵ ئەوەدا کە تا بینەقاقا غەرقی شەرەفین ، بەبێ ئەوەی شەرەف شتێکی ئەوتۆی لەدەست بێت بۆ رەواندنەوەی ئەم گرفتاریەمان ، بەڵام رەنگە هەندێجار گرفتاریەکە رێك پەیوەندیی بەشەرەفەوە هەبێ ، واتە : لەدەستدانی شەرەف ، یان وابەستەبون و ئالودەبونی زۆر بەشەرەف ، بوبێتە هۆی دروستبونی قەیرانەکە .

2014/ 2/ 14

..................................

# وەسێت

بەچکەکانم .. زەمانە دەرهەق بە من بێمروەتییەکی زۆری کرد ، تۆڵەی من بەوە دەکرێتەوە نەهێڵن دەرهەق بە ئێوەی بەچکەشم هەروا بێمروەتبێ ، ئەگەر تەنانەت لەو پێناوەدا هیچ رێگایەکی ترتان لەبەردەمدا نەبوە جگەلەوەی بێمروەتی بەبێمروەتی جوابدەنەوە .

2014/ 3/ 17

................................

# منداڵی و گێڕانەوە

منداڵی تەنها ئەو کەسە پیایدا تێپەریوە کە دەتوانێ بەوردی لەبارەیەوە بگێڕێتەوە ، تەنها ئەو کەسە تیایدا ژیاوە کە دەتوانێ دروستی بکاتەوە ، بە : زمان ، رەنگ ، دەنگ ، نۆتەو ...... گێڕانەوە .
منداڵی قۆناغێکی سەرلەبەر بایۆلۆجی نییە هەر هەموی بکەوێتە سەرەتای نەشونمای مرۆڤەوە ، بەڵکو تێکەلەیەکە لەبایۆلۆجیاو رەگەزی گێڕانەوە ، بەشی هەرە گرنگی دەکەوێتە دوای گەورەبون و گەشەکردنی زاکیرەوە .
مرۆڤ (منداڵی)ی نییە ، بەڵکو دروستی دەکات .
کەس ناتوانێ منداڵی بۆ کەسیتر دروست بکات ، هەرکەسێ توانیی منداڵی دروست بکات بۆ خۆیی دروست کردوە نەك بۆ کەسیتر .
ئەو کەسانەی پێیان وایە لەڕیی گێڕانەوەی کەسانی غەیری خۆیانەوە منداڵییان دەستکەوتۆتەوە خۆیان دەخەڵەتێنن .
منداڵیی گێڕەرەوە منداڵیی خۆیەتی نەك منداڵیی من و تۆ ، تەنانەت ئەگەر ئەو خۆیشی وا نەڵێت ، تەنانەت ئەگەر ئەو خۆیشی بەناوی من و تۆوە گێڕابێتیەوەو هەر رێك مەبەستی لەگێڕانەوەکەی دروستکردنەوەی منداڵیی من و تۆ بوبێت .
منداڵی دەگێڕدرێتەوە ، لەپاڵ ئەوەدا کە بەسەر دەبرێ ، ئەگەر نەگێڕدرێتەوە بەسەریش نەبراوە ، بەڵکو تەنها بازی بەسەردا دراوە ...

2013/ 11/ 24

................................

# باران و شیعر

ئەمڕۆ19 /11 /2014 یە ، بەئەرشیفی خۆمدا دەگەڕام بۆ ئەوەی تێکستێکی شیعری ببینمەوە پیایدا بگەڕێمەوە لای دۆستانی فەیسبوك ، کەوتم بەسەر تێکستێکی کۆندا ، بیست و شەش ساڵ لەوەوبەر ، لەهەمان ڕۆژد19 / 11 /1988) نوسیومە (واتە لەتەمەنی17 ساڵیدا) ، ڕۆژی 18 /12 /1989)یش لەڕۆژنامەی هاوکاریدا بلاو بۆتەوە .

بێگومان تێکستێکی زۆر سادەیە ، بەشێ لەسادەییەکەی لەوەدایە زۆر پابەندە بەریتم و بڕگەو بڕگەسازییەوە ، بەڵام چۆنم نوسیوە هەر بەو جۆرە (بەبێ دەسکاریکردن و داڕشتنەوە) دایدەنێم :

سەمای بەرباران

چ سۆزێکە

ئاسمان ئەگری

بۆ ئەوەی دەرونی تارو گرینۆکم ژیرکاتەوە

پۆل پۆل زەردەگەڵای داری مرواری لەسەربارییویش

لەخۆشیی لێوی خەنیی من شامەرگ ئەبن

شاخە تەمگرتوەکانی دەور شاری باڕەش

دەم لەپەڵە هەور ئەسون

ئاسمان ئەگری و

دەرونی من و چەندینی وەك من غەمبار

لەسەر ئاوازی چۆڕاوگەو خرمەی باران سەما ئەکا

ئاسمان ئەگری

بۆ ئەوەی دار سنەوبەری سەوزی لەخۆلا ونکردو

تەپ و تۆزی لەمێژینەی لەقەدو بالا بێتەوە

ئەگری

بۆ ئەوەی ناخی خنکاوی چەندینی وەك من رامالْێ

بۆ ئەوەی دلْی مندالْە زیتەلْەکانی چیای سور

بگرێتە گولْ

چەند جێی داخە

هەندە کەسێکی کرچوکالْ

چەشەی ئاهەنگی کۆمەلْیی بەر باران نین

چەتر لەڕوی باران ئەگرن

چەند جێی داخە

نایەن لەژێر خرمەو چۆڕاوگەی بارانا

هێندە سەماکەن تا ئەمرن

1988/ 11/ 19

تێبینی :

بیرمە بەر لەوەی ئەو تێکستە بنوسم ، بەدرێژایی شەقامی تویمەلیك (لەخوار برایم پاشاوە بۆ سەرەوە) بەپێ و بەبێ چەتر ، بەژێر باراندا سەرکەوتمەوە بۆ هەوارەبەرزە (بۆ مالْەوە) ، بەتەواوی خوسام (وەکو ئەوەی پێویستبێ بۆ نوسینی شیعرێکی سادە لەبارەی بارانەوە ، باران بەتەواوی بتخوسێنێ) !

................................

# هەشت لەسەر نۆی حەوت

سەعات (وەختی خەوتن) ی ئەمشەو (چوارشەممە لەسەر پێنجشەممە / هەشت لەسەر نۆی تەمموز2015) ،
دەبێ نەخەوم ، ئاگام لێبێ : دایکم ، بەکراسە کڕنەکە تەخت سپییە گوڵدارەکەیەوە ، لەدەرگای ژور ئاودیو نەبێ ،
دەنا حەتمەن ، بەم رەمەزانە ، وەکو : ...
سەعات (وەختی خەوتن) ی شەوی (پێنجشەممە لەسەر هەینی/ هەشت لەسەر نۆی تەمموزی سی و سێ ساڵ
لەوەوبەر کە هەر رەمەزانبو ) ، بەکراسە کڕنەکە تەخت سپییە گوڵدارەکەیەوە ، بەتەمەنی چل ساڵییەوە ،
دەستبەدەسنوێژو دەمبەنێت (نێتی رۆژو) ، دەبێتەوە بەگوللەیەکی تری نەوەیەکی تری عەفلەقەوەو دوبارە دەبێ تا
قییامەت بەڕۆژوبێ ...

.................................

# پێنجوێن

لەو شارەدێیەدا هەمو شتێ ئەفسوناوی بو :

جامۆڵکە توی وشک ، قاپ و قاچاخی نایلۆن ، ئەستێرە ، کەباب ، ئاوی کانی ...

قەت نابێ ئاوی (کانی حەیات) لەبەهەشتەوە سەرچاوەی نەگرتبێ و سەری لەژێر خاکی شارەدێیەکی چکۆلانەی وەکو ئەودا بوبێ .

قەت نابێ کەبابی خۆشی ئەوێ لەگۆشتی ئاژەڵی ماڵی بوبێ نەك لەگۆشتی ئاژەڵی ئەفسوناویی کێوی .

قەت نابێ ئەم ئەستێرە دورانەی ئێستا بەئاسمانەوە دەبینرێن ، ئەو ئەستێرە نزمانەبن کە ئەوسا لەنزیکەوە بەسەر سەری خەڵکەکەیەوە دەیانخوێندو ئێستا دورکەوتبنەوە .

قەت نابێ قاپ و قاچاخی نایلۆنی ناو دوکانەکانی ، بەدەستی مرۆڤ رەنگ کرابن ، بەدەستی فرۆشیار هەڵواسرابن بەبەر دوکاندا ، چۆن دەبێ ئەو هەمو جوانییەی خزابوە ناو جەوهەری رەنگی حەبلی نایلۆن و قاپ و قاچاخی نایلۆن، ئەو هەمو شۆڕبونەوەو بەرزبونەوەو لاربونەوەیەی نایلۆن بەبەر دوکاندا ، ئیشی مرۆڤ بوبێ نەك ئیشی خواوەندو فریشتەو کیمیاگەر ؟

چۆن دەبێ جامۆڵکە توی وشکی ماڵی شێخ ، جامۆڵکە تویەك بوبێ وەکو هەمو جامۆڵکە تویەکیترو شتێکی لەوان زیاتر نەبوبێ ؟ ئەگەرنا بۆچی دایکم بەتایبەتی دوای خۆی دەدام بۆحەوشەی ئەوان و خواردنی مشتێ توی وشك لەجامۆڵکەدا ؟ خۆ ناشێ لەبرسابوبێ !

پێنجوێن لەهەمو شوێنێکەوە جادوی لێدەڕژاو جادوی دەهاتە سەر !

لەوانەیە ئەمە روداوێکی نهێنی بوبێ ، تەنها بەبەرچاوی منەوە گوزەرابێ ، یان تەنها بەبەرچاوی منالآنەوە .. ئیتر وایە :

کاریگەریی سیحرو جادو بەزۆری بۆ سەر منالآنەو هەر ئەوانیش ئاگاداری رودانین .

..............................................

# حەکایەتێکی خۆش لەم وەزعە ناخۆشەدا

ئێوارەیەکی درەنگ دوای شێو ، سەرێکم کێشایە بەردەرگای حەوشە هەواڵێکی تازەی گەرمای هاوین بزانم ، پیاوێکی بەڕێزی دراوسێمان پێش من سەری کێشابوە دەرەوە ، رەنگە ئەویش بۆ هەمان مەبەست لەوێ بوبێ ، دوای سلاو و مەرحەبایی وتی وەرە با شتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە ...
وتم : نوکتە یان چی ؟ وتی : کورە روداو ، روداوی راستەقینە ...
سەرپێیی بەچەند وشەیەك کاراکتەری سەرەکی و راستەقینەی چیرۆکەکەی کە ناوی حاجی حەسەنە ناساندو دەستی پێکرد ، وتی :
رۆژێك ئەم حاجی حەسەنە ، دوای تەواوبونی نوێژی جەماعەت ، لەمزگەوت دێتە دەرەوە بەرەو ماڵ ، لەدەوروبەری مزگەوت ژنێکی پەچەبەڕوی عەرەب دەبینێ ، ژن دێتە بەردەمی دەست دەکا بەکڕوزانەوە ، حاجیش لێی دەپرسێ چیتە ، چکارەی دایکی من ؟ ژن پەچە لەڕوی خۆی لادەبا ، روخساری دەخاتەڕو ، روخسارێکی جوان وەکو مانگ ! بەعەرەبی دەڵێ : وەڵلا چیبکەم بێکەسم ، شوێنم نییە بۆی بڕۆم ، پێشم خۆش نییە بەمجۆرە بمێنمەوەو بکەومە سەرجادە ، بەدوای پیاوێکی باشەوەم شوی پێبکەم و بمگرێتەخۆ ...
حاجی حەسەن زۆری پێخۆش دەبێ ، دەیباتەوە بۆ ماڵەوە ، لەماڵەوە مەسەلەکە بۆ ژنەکەی کە بەقسەی کابرای دراوسێم ژنێکی لاژگۆکەیە دەگێڕێتەوە ، حاجیژن (ی لاژگ!) دەڵێ : وەڵلا حاجی مارەیکە بۆ خۆت ، مەیدە بەکەس !
حاجی شاگەشکەو خۆشحاڵ دەڵێ وەڵلا باشە ، تۆ لەماڵی خۆت و ئەویش ئەبەمە خانوەکەی ترمان لە (........) .
بەکورتی و بەڕاستی :
حاجی حەسەن ژنەی عەرەب مارە دەکا ، ماڵی بۆ دەکاو بۆی باردەکاتە ناو خانو ، جا نازانم چۆن بەو خێراییە فریای مارەکردن و ماڵپێکەوەنان و ماڵدانان دەکەوێ (کابرای دراوسێم بەخێرایی گوزەری بەسەر ئەو باسانەدا کرد) .
حاجی شەش حەوت رۆژ لەسەر یەك لەسەر ژنی تازە ، لەناو خانوی سەربەخۆی تازە ، کڕدەکەوێ ، جوڵەی بۆ ناکا ، شەوێکیان ژنە پێی دەڵێ : حاجی ئەوە تۆ حەفتەیەکە نەڕۆیشتویتەوە لای ژنەکەی ترت ، گوناحە ، ناوبەناو سەرێکی ئەویش بدە ...
حاجی بەقسەی دەکا ...
کاتێ (دوای سەردانی ماڵی کۆن) دێتەوە بۆ ماڵی تازە ، دەبینێ خانو چۆڵ و هۆڵە وەکو بەری دەست ...
لەدرواسێکان دەپرسێ ، دەڵێن : وەڵلا رۆژێك ژنە عەرەب سەیارەی پێوە ناوەو باری کردوە ، بەڵام ژمارەی سەیارەکەمان گرتوە .
حاجی ژمارەی سەیارە وەردەگرێ ، دەڕوا لەکەرکوك کابرای شۆفیرو سەیارەکەی دەدۆزێتەوە ، شۆفیر دەڵێ : بەڵێ راستە من ماڵم بۆ بارکردوە ، وەرە بتبەم ماڵیانت پیشاندەم .
شۆفیر حاجی دەباتە بەردەرگای ماڵی ژنە ، کە لەدەرگا دەدا ژن دێتە دەرەوە دەڵێ : بڕۆ حاجی بەخوا من دایکی شەش منالم ، خاوەنی مێردێکی سەرسەریم ، قسەت لەدەم بێتەدەرەوە دەتکوژێ ....
حاجی حەسەن بەخێر تەشریف دێنێتەوە سلێمانی بۆ لای ژنە لاژگە کوردەکەی ....

لەکابرای دراوسێمم پرسی : جا ئەمە نوکتەیە یان راستی ؟

وتی : حەزەکەی ئەتبەم بۆ لای حاجی ...

2015/ 8 / 3

.................................

# رەوەزی لالە مەهدی

وتم : مادەم هەر لەئێستاوە ئارەزوی خوێندنی دیبلۆماسیەت دەکەی کەواتە دەکرێ کەمێ لەبارەی سیاسەتەوە قسە بکەین !

وتی : بەڵێ ...

وتم : گەنجی وەك تۆ كە هێشتا تەمەنت نەبۆتە18 ، دەتوانێ لەسوید حیزبایەتی بکا ؟

وتی : بەڵێ دەتوانێ ، لەتەمەنی منیش خوارتر هەر دەتوانێ ...

وتم : کەواتە حیزبایەتی بکە ، بەڵام لەناو حیزب و ڕێکخراوی سویدیدا ، لەناو حیزبی کوردیدا نا ، زۆر پێویستە گەنجی کورد لەئەوروپا فرسەت لەکیس نەدا ، پێبگا ، ببێتە پەرلەمانتار لەپەرلەماناتی ئەوروپیدا ، لەتەلەفزیۆنەکانەوە بەزمانە ئەوروپیەکان داکۆکی لەمیللەتی کورد بکا ، .....

وتی : راستە ، پێویستە ...

ئاماژەی بەوەدا کە ئەویش تێکەڵی سیاسەت بوە ، نزیکایەتیی لەگەڵ گروپێکی چەپدا هەیەو لەبیروباوەڕدا سۆشیال دیموکراتە ...

وتم : زۆرێك لەحیزبەکانی ئێرەش سۆشیال دیموکراتن !

وتی : بەڵام ئەوانەی ئێرە لەبارەی سۆشیال دیموکراتەوە نازانن هەر ناوەکەی دەزانن !

وتم : ئەی تۆ هیچی لەبارەوە دەزانی ، هیچت لەبارەوە خوێندۆتەوە ؟

وتی : بەڵێ .... و ناوی کتێبێکی بەسویدی هێنا ...

وتم : من ئیتر لەئێستاوە چاوەڕوانی ئەوەم تۆ لەبواری دیبلۆماسیدا خوێندن تەواوکەیت و ڕۆژێ بتوانی لەمیدیاکانی دنیاوە بەزمانی ئینگلیزی و سویدی باسی میللەتی خۆت بکەیت و داکۆکیی لێ بکەیت ....

بەدڵخۆشی و ورەیەکی زۆرەوە قسەکانمی بیست ...

ئەو ، کوڕی یەکێکە لەهاوڕێ خۆشەویستەکانم ، ناوی رەوەزە ، لەسوید لەدایکبوە ، تەمەنی17 ساڵە ، بەسەروسیما زۆر بەخەڵکی ئەوێ دەچێ : تا دەست هەڵخەی باڵابەرز ، چاوسەوز ، سپیپێست ، ئینگلیزی و سویدی بەباشی دەزانێ ، بەڵام کوردیەکەی هەندێکی ماوە ، بۆ نمونە لەمجارەی گەڕانەوەدا بەخەیاری ناسکی وتبو (خەیاری گەنج) ، کوردو کوردستانی زۆر خۆشدەوێ و برێکی باش لەجوگرافیاو مێژوەکەیان شارەزایە .

بێگومان گفتوگۆکەمان هەر ئەمەندە نەبو ، بەم رەوانییەش نەبو کە لێرەدا خراوەتەڕو ، پچڕپچڕی و وەستانی تێدەکەوت و بەهاوکاریی باوکی بو ...

2015 /8 /17

.........................................

# هەمو ریشێ لەئەنجامی شکستێکەوەیە

زۆربەمان بیستومانە یان دیومانە : کابرا تا دایکێ باوکێ کەسێکی نەمردوە نەگەڕاوەتەوە ، هەر لەسەر هەواو هەوەسی خۆی ڕۆیشتوە ...

من خۆم لەهەرزەکاریدا هاوڕێیەکم هەبو ، کەسێکی تا بڵێی فشقییات : دەنگزل و پێکەنیندۆست ، بێداڵغەو بێباك ، قسەقۆڕو کاتبەڕێکەر ، لەناو هاوڕێیانی خوێندندا ، کەس نەبو لەسەر فشقییات لێی عاجزبێ و پشتی تێکا ! ماوەیەکی (زۆرنا) دوای تەواوکردنی خوێندن ، بینیمەوە ، کەسێکیتربو : مات و موحتەرەم ، لەسەرخۆو دەنگنزم ، ریشێکی تەنکەڵەی هێشتبۆوە ، پرسیاری لێکردم : لەسەر عەقڵییەتی پێشو ماوی ؟ وتم : هەر ئەوەم کە ناسیوتە ! ئامۆژگاریی کردم بگۆڕێم ، روکەمە نوێژو تاعەت ! وتم : چی بوە فلانی ، ناشێ تۆ گۆڕابی ؟ وتی : بەرەوەڵلا من ئێستا پیاوێکی ترم ! وتم : چۆن ؟ وتی : دایکم ئەمری خوای کرد ، مردنی ئەو ، ژیان و بیرکردنەوەی گۆڕیم ! هاوڕێکەی هەرزەکاریم هێشتا ئەوەندە لەتەمەنی هەرزەکاری دور نەکەوتبۆوە ، لەدایك و لەباوك تەنها دایکی شك دەبرد وا ئەویشی چو ، ئاشنای کتێب و متێبیش نەبو .. ئەی چیبکا ؟ رو لەکوێکا بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەو هەمو بیمارییە دەرونی و کۆمەڵایەتییە ؟

با چیرۆکێکی زۆر تازە بگێڕمەوە :

درەنگانی دوێنێ شەو ، لەماڵی هاوڕێیەکەوە دەرکەوتم بێمەوە بۆ ماڵەوە ، دەستم لەتەکسییەك راگرت ! شۆفێر کوڕێکی زۆر مناڵکاربو (گومانت دەکرد مۆڵەتی لێخوڕینی هەبێ) ، ریشێکی کوڕەپەی هێشتبۆوە هەر یەکسەر دەتزانی لەئەنجامی شکستێکەوە هێڵراوەتەوە : زۆربەیجار ، ریش ، بەتایبەتی ریشی کەسانێ لەو تەمەنەدا ، لەئەنجامی شکستێکەوەیە !

فرسەتم رەخساند بدوێ .. بەسەرهاتەکەی ئاوابو :

رۆژێ بەدەم ئێشی ددانەوە چوە بۆ لای دکتۆر ، دکتۆری ددان پێی وتوە : تۆ زۆر رەنگت زەردە ، بۆ ناچی فەحسێکی خۆت بکەی ؟ چوە فەحسی خۆی کردوە ، پێیان وتوە : سەرەتانی خوێنت هەیە ! گەنج دەکەوێتە دڵەڕاوکێ ، کێشەی خۆی بۆ هاوڕێیەکی دەوڵەمەندی باس دەکا ، هاوڕێ دەڵێ : من بەپارەی خۆم دەتگەیەنمە ئەوروپا ، کەی بوت بمدەرەوە .. گەنج بەبێ ئەوەی حەکایەتی نەخۆشیەکەی لەماڵەوە بدرکێنێ ، دەکەوێتە دوای هاوڕێی دەوڵەمەند بۆ نەمسا ! لەوێ دوای خەرجکردنی دە هەزار دۆلار ، دکتۆر داوودەرمانی بۆ دەنوسێ و دڵنیای دەکاتەوە کێشەکەی مەترسیی نییە ، بەو عیلاجانە کۆتایی دێ ! کۆتاییشی هات ، بەڵام وا ئێستا قەرزارە ....

پێویستی نەکرد لێی بپرسم : لەکەیەوە چویتەتە ژێر باری ئەو ریشەوە !

دەزانم زۆربەیجار ، ریش ، بەتایبەتی ریشی کەسانی گەنج و هەرزەکار ، لەئەنجامی شکستێکی رۆحییەوەیە ، نەك لەئەنجامی هەڵکشانی رۆح و عەقڵ !

2015/ 8 / 28

......................................

# کێ بیری هەیە شەهید منالی هەیە

ئەو رۆژەی باوکی هاوپۆلەکەی شەهید بو ، یەك دو رۆژبو لەمالی باپیری بو ، ئاگای لەهیچ نەبو ، زۆر نارەحەت و دڵگرانبوم ، زۆر بەتوندی لەدالغەی : خۆی ، هاورێکەی ، هاورێیان و هاوپۆلانی تریان ، سالی نوێی خوێندن و جەوی ئەو پۆلەدابوم کە دو سێ هەفتەیتر لەپلەیەکی نوێی خوێندندا کۆیان دەکاتەوە .. دەبێ تاقە کوڕەکەم بەبیستنی ئەو هەواڵە ناخۆشە چۆن دلی داخورپێ ؟ خرپنەکوڕی هاوپۆلی ، دوای شەهیدبونی باوکی چیی بەسەربێ ؟ بەهۆی ئەو هەواڵەوە پۆلەکەیان چ خامۆشییەك دایبگرێ و کەی بەری بدا ؟

دەگەڕام بۆ دۆزینەوەی رێگایەك بەکەڵکی درکاندنی ئەو هەواڵە ناخۆشەبێ ، نەگەیشتمە ئەنجام .

تەلەفۆنم بۆ دایکی کرد ، هەواڵم پرسی ، وتی : باشم ، منالیش باشن ، ئەمشەویش هەر لەمالی باوکم دەبین ، ئێوارە لەگەڵ کێ و کێ دەچینە سەرچنار هەوایەك دەگۆڕین ، سبەینێ دێینەوە .. وتم : باشە ، بەلام ....

دەمزانی هەوالی وا ناخۆش هینی ئەوە نییە کتوپڕ بدرێ بەتەنگەی هیچ کەسێکدا ، لەسەرخۆ ، بەدەنگێکی نزمتر ، بەچەند وشەیەکی کورت و کەم ، تێمگەیاند باوکی فلانەمنالی هاوڕێ و هاوپۆلی تەبا شەهید بوە ، بەلام بەهیچ جۆرێ نەهێلی تەبا پێبزانێ تا رێگایەك دەدۆزینەوە بۆ درکاندنی ، دوای هەندێ چی وچۆن ، بەنیگەرانی و نارەحەتییەوە وتی : باشە ...

تەبا ئەمرۆ دو رۆژە لەمالەوەیە ، سێ رۆژە باوکی هاوپۆلەکەی شەهیدبوە ، هێشتا نەیزانیوە ، منیش رێگایەکم نەدۆزیوەتەوە بۆ درکاندنی هەواڵەکە ، ئەگەر حەوسەلەی فەیسبوکی هەبوایەو سەردانێکی هۆمەکەی خۆی ، یان والی هاوپۆلەکەیی بکردایە ، لەوانەبو لەوێوە هەواڵ ببیسێ ، بەلام نەیکردوەو نەیبیستوە ، سەیر لەوەدایە لەوەتەی هاتۆتەوە باسی هاوڕێیانی پۆلی نەکردوە ، کەچی کەمێ پێش ئێستا ، کتوپڕ ، بەبۆنەی ڤایبەرو مۆبایلەوە ، کەوتەوە ناوهێنانیان ، لەناویاندا ناوی کوڕە شەهیدو باوکە شەهیدەکەی ، وتی : بابە دوایین پلەی سەربازی چییە ؟ وتم : بەباشی نایزانم بابە گیان ، وا بزانم تاجێك و سێ نەجمەو ..... قسەی لەدەم وەرگرتم وتی : شمشێرەکەو .... تێهەلچوەوە وتی : بابە ، باوکی ( ....... ) پلەیەکی سەربازیی زۆر بەرزی هەیە ، ماوەیەکیتر بەرزتریش ئەبێتەوە ...

تاسام ، دیسانەوە وەکو یەکەم دەققەی بیستنی هەواڵەکە کەوتمەوە ژێر باری خەم و دالغە : چۆنچۆنی تێیگەیەنم پلەوپایەی باوکی هاوپۆلەکەی بەبەرزترین ئاست گەیشتوەو پلەیتر نەماوە بەدەستی بهێنێ ؟!

لێیگەڕاوم بۆ خۆی ، رۆژێ لەرێی فەیسبوکەوە ، یان کاتی کردنەوەی دەرگای قوتابخانە بۆ سالی نوێی خوێندن ........

ئەوسا لەگەڵیدا دانیشم و ....................

2015/ 8 / 29

...................................

# بەبێ ناونیشان

دوێنێ شەو دوبارە ناوی هاوپۆلەکەیی هێنایەوە ، بێئەوەی ئاگامان لێبێ لەژمارە مۆبایلی خۆیەوە کە یەك رۆژبو بۆم کڕیبو ، زەنگێکی بۆ لێدا ، وەڵامی نەدایەوە ، هەر نەشماندەزانی زەنگی بۆ لێداوە ئەگەر کەمێ پاش زەنگەکەی ئەم ، لەژمارەی هاوپۆلەکەیەوە زەنگی بۆ لێنەدرایەتەوە ...

لەگەڵ بیستنی زەنگی تەلەفۆندا ، زۆر بەشەوقەوە مۆبایلی تاودا ، هەڵات چو بۆ ژورێکیتر ، بۆ ئەوەی گوێی لەدەنگی کەس نەبێ جگە لەدەنگی ئەو ...

زۆرنا ، تەنها بیست سی چرکە پاش ئەوە ، بەپەشۆکاوی هاتەوە ، وتمان چیبو ؟ کێ بو ؟ وتی : هیچ باوکی ( ....... ) بو ، تۆزێ پێش ئێستا تەلەفۆنم بۆ (ناوی هاوپۆلەکەیی هێنا) کرد ، هەڵینەگرت ، ئێستا باوکی بۆی کردمەوە ...

دیسان هیچ رێگایەکم شك نەبرد بەکەڵکی ئەوەبێ کوڕەکەم لەهەواڵی شەهیدبونی باوکی هاوڕێکەی ئاگادارکەم و پێی بڵێم : ئەوە باوکی هاوڕێکەت نەبوە ، رەنگە کەسێکی تری خێزانەکەیان بوبێ .

بەدەممدا هات پرسیم : ئەی تۆ چیت وت ؟

وتی : پێموت عەفو نەمزانی دەستم بەری کەوتوە !

وتم : جا رۆڵە بۆ وات وت ؟ بۆ نەتوت هاوڕێی ( ....... ) م ؟

وتی : روم نەهات ...

وتیشی : تەلەفۆنەکەی لای باوکی بو ...

2015/ 8 / 30

...................................

# رەوینەوەی خەیاڵدان

سەر وەکو سەعاتی قورمیش وایە ، زیاد قورمیشی بدەی زەمبەلەکەکەی دەپچڕێ و دەڕەوێتەوە ...
(بەبۆنەی رەوینەوەی خەیاڵدانی کەسانی ناوداری وەکو مارکیزو چەندینی ترەوە)
هەمو روداوێك وەك چۆن سەرەتاو ناوەڕاستی هەیە ، کۆتاییشی هەیە ، زۆر خۆشە روداو لەکۆتاییدا بەخۆش بگەڕێ ، چش لەسەرەتاو ناوەڕاست ، رەنگە لەسەر ئەم بنەمایە بوبێ یەکێك لەدۆعا باوەکانی پێشینیانمان بۆ دۆستی خۆیان ئەوە بوە : عاقیبەت بەخێربێ .
هەندێجار پڕ بەدڵ دەترسم لەکۆتاییدا شتی زۆر ناخۆشم بەسەربێ ، شتی وەکو : لەدەستدانی زمان ، گوێ ، چاو ، قاچ ، دەست ...
یان : جەرگسوتان ، ئازیزمردن ، دەستەپاچەیی و بێدەسەڵاتی لەئاست نەخۆشیی قورسی مناڵ و کەسی ئازیز ...
لەسەروی هەموویانەوە : ترسی داڕمانی دەرونی و کەوتنە سەر جادە ...
بەڵام بەو ئەندازەیە لە (رەوینەوەی خەیاڵدان) ناترسم : چەند خۆشە هەر لەخۆوە (بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی) ریستارتێکی چاك بکەیت و هەرچی لەسەر مێشکت سەیڤ بوە ، سەرلەبەر دیلیت ببێ و بسڕێتەوە ...
رەنگە بگوترێ خۆ ئەمەش هەر داڕمانی دەرونییە ، ئەوەیە کە لێی دەترسێی ... هەرچی هەیە ، من ئەمەیانم پێ قوت دەچێ ، ئەگەر وەهابێ بیرم بچێتەوە منم خاوەنی ئەم دێڕانەی ژێر دەستم ، منم بەتەمابوم : تاکۆتایی شانم لەژێر بیرکردنەوەدابێ ، کوڕو کچێکی بلیمەت پێشکەشی کۆمەڵگاکەم بکەم ، لەئاستی بەرزدا شیعر بنوسم ، بەشداری بکەم لەتۆخکردنەوەی روە جوانەکانی شوناسی نەتەوەکەمدا ، نەمرم تا دەرفەت دەبێ لەپێناوی خەڵك و نیشتیمانی خۆمدا دەمرم ، تالاَوێ کە لەسەر دەستی کەسانی هاوزمان و هاوئێشی خۆمدا بەقوڕگمدا کرا ، ئاراستەی راستی بیرکردنەوەمم پێ نەگۆڕێ ، وەکو هەڵگێڕانەوەی کراسێکی ئاوەژو بۆ سەر دیوە راستەکەی ، خەریکبم لەگەڵ خۆمدا تا لەکۆتاییدا خۆم هەڵدەگێڕمەوە سەر دیوە راستەکەم ...
رەوینەوەی خەیاڵدان زۆر نامترسێنێ ، ئەگەر نەمئێشێنێ ، ئەگەر تەنها کشانەوەبێ لەبیرکردنەوەو نیازی زۆر ، ئەگەر رەوینەوەی خەیاڵدانبێ ، نەك ئاڵۆزبونی خەیاڵدان ، ئەگەر لەنیوەی رێدا بەگیر نەهاتبم ، گەیشتبمە کۆتایی و بەچکەکانم پێویستیان بەخەیاڵدانی من نەمابێ ، خۆیان بوبنە خاوەنی خەیاڵدان ...

2014/ 7 / 21

